رۆڤار

بڵاوكراوەيەكی ڕۆشنبيرييە
و هەر ژمارەی تايبەتە بە داهێنەرێك
ژمارەی ٦٣

مارف بەرزنجی

ئاگری سەرلەئێوارەی
نەورۆز

پرۆژەی هاوبەش

بەشداربووان

د. مارف خەزنەدار
عومەر مەعرووف بەرزنجی
سەمەد ئەحمەد
دانا عەسکەر

ژمارەی داهاتوو:

نالی

سەرپەرشتیاری گشتی: دلشاد عەبدوللا
ستافی ڕۆڤار: یاسین عومەر / سەباح ڕەنجدەر
دەرهێنەری هونەری: حەمید ئازمووده
ڕۆڤار: بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە/ هەر ژمارە تایبەتە بە داهێنەرێک
ناونیشان: هەولێر -شەقامی گولان-دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
سلێمانی -شەقامی سالم -دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ژمارەی تەلەفۆن سەرپەرشتیاری گشتی:
کۆرەک: ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥
Email:d.abdullah@araspress.com

مارف بەرزنجی بە دەستخەتی خۆی مێژووی ژیانی دەنووسێتەوە

بە حەوت مانگی لە ڕۆژی پێنج شەممەی (٦)ی (جمادی الاخیر)ی ١٣٣٩ای کۆچی لە دێی (قادر کەرەم) لەدایک بووم، کە بەرامبەر بە مانگی شوباتی ١٩٢١ای زایینییە. دایکم نەخۆش ئەبێ بۆیە بەحەوت مانگی ببووم.

لە بنەماڵەی (شێخ حەسەن)ی قەرەچیوارین کە جێنشینی کاک ئەحمەدە لە تەریقەتدا. باوکم برازایەتی و لە پاش مامێکی کەم، بوو بەپۆست نشین لە شوێن مامی. لە نەوەی شێخ ئیسماعیلی ولیانین کە لەگەڵ باوکی شێخ مارفی نۆدێدا برابوون. باوکم ناوی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی براگەورەی (شێخ حەسەن)ە کە بە (شێخ حوسێن)ی شەهید ناو ئەبرێت چونکە تاڵەبانییەکان کوشتوویانە.

دایکم ژنێکی شۆخ و خوێندەوار و هوشیار بووە، کچی شێخ مارفی قازانقایەیە کە لە پشتەوە ئامۆزای باوکمە و خاڵی (شێخ مەحموود) بووە. دایکم لە چەشنی (حەپسەخان) بووە بۆ وریایی و پیاوانەی، دەستە خوشکیش بوون، چونکە خاڵۆزاو پووررزا بوون. دایکم لەسەر یەک منداڵی ئەبوو، لەبەر ئەوە بەسەر منداڵەوە ئەمرێت. من و خوشکێکی بچووکم لە باوکم و برایەک و خوشکێکی کە لە مێردی پێشووی مامی باوکم، لەپاش بەجێ ئەمێنێ.

باوکم پیاوێکی کەڵ و شۆخ و هەڵکەوتوو بوو، لە باڵادا چوار شانەو کەللە گەورە و ڕوومەت پان و چاو ڕەشی مامزی، موو ئەستوور و بەهێز. بە نادر، زەلامی وا هەڵکەوتوو و هەڵ ئەکەوێت. فەرشی عەجەمی وەک خام دائەدڕی، دەنگی زۆر خۆش بوو، بیری تیژو قسەخۆش و نوکتەبازو دەست بڵاو و چاو تێرو تەڕ تەبیعەت و سوار چاک و نیشان شکێن و نەترس بوو. دەستی شاعیریشی هەبوو، نازناوی (خادم)ە... شیعرەکانی لەسەر دڵداری و دەروێشییە. یەک دوو شیعری هەجویشی هەیە، لە غەزەل دا لە تایەر بەگ و لە دەروێشی دا لە (لاقی) ئەکا. شیعری فارسی و کوردی و تورکی زۆر لەبەربوو، بەتایبەتی حافز و سەعدی و فیردەوسی و نیزامی و بێدڵ و مەولەوی و کوردی و نالی و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی. زۆر عاشقی شیعرەکانی (بێدڵ) بوو. هەرچەند شێخی تەریقەت بوو، بەڵام ڕیابازی نەئەکرد. ڕکی لەچڵکنی و وشکە سۆفێتی بوو. پیاوی سیاسەت بوو، دەستی ڕاستی (شێخ مەحموود) بوو لە جووڵانەوەکانی دا. مادی و مەعنەوی لە مەجلیسی گۆرانی و دەف و نوکتە بازی ئەودا دڵ و هەستی شیعرم کراوەتەوە و جووڵاوەتەوە.

لە پاش شکاندنی (شێخ مەحموود) لە نیوە شەوێکدا لە ناکاو لەشکری ئینگلیزو فەیسەڵ دایان بە سەریا لە کاتێکدا من لە باخەڵیدا خەوتبووم، لوولەی تفەنگ و شەستتیریان بۆ سەر دڵمان شۆڕ کردبووەوە، باوکم هەر ئەوەندەی پێ وتبوون (هەر ئەم منداڵە ساوایە لە خەو مەکەن من دەستتان لێ ناکەمەوە)، خۆی و کاکم (ئیسماعیل) یان گرت و ڕەوانەی بەسرەیان کردن. هەرچەند بێ دایک بووم، بەڵام زۆری خۆش ئەویستم. من لەبەینی خۆی و ژنە تازەکەیدا لەباخەڵی خۆی دا ئەخەواند، لەبەر ئەوە بوو ناز و نازداریی بێ دایکیم پێوە دیار نەبوو.

بەڵام برینی بێ دایکی سارێژ نابێ لە دەروون دا. ئێستەش ئەو حەسرەتەم لە دڵدایە کە ئەم دێ منداڵەکانی هاوڕێم هەر یەکە ئەچنە باوەشی دایکی خۆیان و هەر من کەس نییە بچمە باوەشی، لە دوورەوە کز ڕائەوەستام و تەماشای ئەو جۆش و سۆزەم ئەکرد کە دایکەکان لەگەڵ کوڕەکانیان ئەی نوێنن بە هەڵوەشین و بە بەرۆکەوە نووساندن و ماچ کردنیان. گەلێ شەو خەوم بە دایکمەوە ئەدی. هەرچەند شێوەییم هیچ لەیاد نەبوو. چونکە تەمەنم دوو ساڵان بوو کە مردبوو. ئەم دێ دایکم لە دوورەوە بانگ ئەکا، یا خەریکم قفڵی سندوقێک هەڵ ئەگرم کە عاسی بووە کە ئەکرایەوە ژوورێکی ڕازاوەیە و دایکم لە ژووری ژوورەوە لە ناو ئاڵ والایەکی جواندایەو ڕام ئەکێشێ بۆ باوەشی و ڕائەپەڕیم. بۆ سبەی تا ئێوارە کزو بێ هێز و مات ئەسووڕامەوە.

یەکەم جار شیعرو مانای شیعرم لە باوکم بیستووە، لە مەجلیسە بە جۆش و بەزەمزەمەکەی ئەودا کە هەمیشە گۆیندەو دەف ژەنی تیابوو. لە شیعری (وێنەیەک لە ڕواژنی ڕابوردووی قادری کەرەم) کە لە گۆڤاری هیوای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٦٠دا بڵاو کراوەتەوە، شێوەیەک لە ژیانی ئەو سەردەمەم تیا عەکس داوەتەوە. لە دە دوانزە ساڵانیم دا وام ئەهاتە بەر خەیاڵ کە ئەگەر کەسێک شاعیر نەبێ پیاوێکی تەواو نییە.

لە منداڵیمدا ژیرو بزێو بووم. بەڵام زوو زوو تووشی نەخۆشی و ئازار ئەبووم. جارێکیان لەیاریدا لە دەشت هاوڕێیەکم "دار پێشەقانی" یەکی بۆ هەوادام‌و دەمە ئاسنەکەی دای بەسەر لووتم دا. زۆر ئازاری پێ گەیاندم. ئەستوور بوو. بۆ ئەوەی باوکم پێی نەزانێ و لە هاوڕێکانم توورە نەبێ. شەو نەچوومەوە ماڵی خۆمان و چوومە ماڵی لەلەکەم نووستم. نیوە شەو باوکم هات و دۆزیمییەوە کە سەیری سەرو چاوی بریندار و لووتی ئاوساوی کردم زۆر تێک چوو، چەند هەوڵی دا ڕاستی پێ بڵێم کەکێ لێی داوم ڕاستیم پێ نەوت و وتم کە خۆم لە شاخ کەوتووم.

شەوێکیان لە وازی گەڕامەوە بۆ ماڵ. پێم پەتی بوو، چونکە پێڵاو هەر دوو سێ ڕۆژ لەپێما ئەما، لەناو حەوشەکەماندا دوو پشکێنک پێوەی دام و بێ هۆشی خستم. کاتێ هۆشم هاتەوە، ئەبینم بەسەرما ئەگرین و ئەمویست بڵێم باشم مەگرین، بەڵام زبانم نەبوو. باوکم ڕۆژی پێشووتر چوو بوو بۆ ماڵی مامێکم لە سەنگاو. لەبەر ئەوەی بە تەمای مانی من نەمابوون. ناردبوویان بە شوێنیدا بۆسبەی تا ئێوارەیش هەر زبانم نەبوو.

جارێکیان لەگەڵ هاوڕێکانم دا وڵاخمان ئاو ئەدا لە گەڕانەوەدا غارمان بە وڵاخەکان ئەکرد، ماینەکەی من سەرکێش بوو، هەڵی گرتم. کەس نەیتوانی پێشی بگرێت، ڕووی کردە دەرگای حەوشی تەویلەکان کە سەری دەرگاکە ئەیدا بەسەر سنگمدا. قەڵەباڵغێکی زۆر چاویان لێوە بوو. باوکیشم چاوی لێوە بوو. هەرچەند یاڵلایاڵایان کرد، ماینەکە نەوەستایەوە، کە گەیشتە ئاستی دەرگاکەو سەری تێپەڕی من قاچم لە ئاوزەنگییەکە دەرهێنابوو، باوەشم کرد بەسەر کەمەرەی دەرگاکەدا، ماینەکە ڕۆیشت و من بە حەواوە مام و پاشان بازم دایە خوارەوە. ئەگەر

وام نەکردایە پشتی ئەشکاندم. تەمەنم ئەوسا نۆ دە ساڵان بوو. بۆ ڕۆژی دوایی تووشی کرانەتایەکی خراپ بووم و سیانزە ڕۆژ بێ هۆش بووم. باوکم ئەیوت لەو ڕۆژەوە بووی بە چاوەوە.

لە هەمووی کرانتر نەخۆشییەکی کە بوو، کە ژیانی منداڵی لێ تاڵ کردم. ئەویش ئازارێک بوو لە لاقی چەپم دا. هەموو ساڵێک لە ئاخری بەهاردا دەستی ئەکرد بە ژان تا هاوین بەسەر ئەچوو من لەناو جێگەدا ئەم ناڵاند. ژینم لە ماڵ و کەس کار تاڵ ئەکرد. باوکیشم شەوو ڕۆژ بە دیارمەوە هەڵ ئەقرچا. هەرچەند هاوڕێکانم ئەبینی یاری ئەکەن و من پێم نییە بچمە ناویان، دووکەڵی خەفەت لە لووتمەوە دەرئەهات. لە هەشت نۆ ساڵییەوە تا نۆزدە ساڵی، ئەم دەردەم پێوە بوو. گەلێک جار خۆزگەم بە مردن ئەخواست لەبەر سەختی ئازاری قاچم و ئازاری دڵی باوکم.

هەرچەندە باوکم کەرکووک و بەغدای پێ ئەکردم چارێک دەست نەکەوت، تا ساڵی ١٩٤٠ لە نەخۆشخانەی (مەجیدیە) لە بەغدا، دکتۆر لاتب شەوکەت، عەمەلییاتی کردم و لایەک ئێسکی ڕەش بووەوەی لە لاقم تاشی و ڕزگار بووم.

لە ساڵی ١٩٣٦- ١٩٣٧ کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم یەکەم هەڵبەستم داناوە کە هەر سەرەتاکەیم لەبیر ماوە چونکە لەگەڵ دەستەیەکی کەدا لە هەڵبەست و نووسین، لە دەربەدەری و ڕاوناندا لەناو چوون. ئەمە یەکەم شیعرە:

تیرو شیری خۆم ئەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم
دوژمنی خاکی وڵاتم پەرتی سەر کێوان ئەکەم

کاتێک کە ئینگلیز و پۆلیسی فەیسەڵ باوکمیان گرت لە ساڵی ١٩٢٥دا، من لە باوەشیدا خەوتبووم. کە بەیانی لەخەو هەستام ڕوانیم سەدەها ژن و پیاو دەستیان بەچاو یانەیە لەناو حەوش و بانەکەماندا ئەگرین و چوار دەوری دێکەیشمان بە لەشکری تەیاری و لیڤی گیراوە، لوولەی شەستتیرو تفەنگەکانیان کردووەتە ناو ماڵەکانمان. لەوە بەدواوە هەموو ڕۆژێک فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆ ترساندن و بۆمباباران کردن ئەهاتنە سەر دێهاتەکانمان، لە دەورو پشتی (قادر کەرەم) چەند دێیەکیان بۆمبا باران کرد، لە نزیک (قادر کەرەم)یش هەر کۆمەڵێکیان بدیایە ئەیاندایە بەر شەستتیر. لەبەر ترسی بۆمبا هەر کە دەنگی فڕۆکە ئەهات گەورە و بچووک ساڵمان بەجێ ئەهێشت و ڕوومان ئەکردە چۆڵ بۆ ئەشکەوت و خەڵوەکان کە لە کردەکان هەڵکەندرابوون.

ئیمەی منداڵان کەمتر ئەترساین. لەبەر ئەوە خەڵکەکە ئێمەیان ئەنارده دەرەوە تا بزانن فڕۆکەکان لە چاو ون بوون یان نە، ئەگەر ون بوونایەو نزیکی ئێوارە بوایە، لە کونەکان دەرئەچووین و ئەچووینەوە ناو ماڵەکانمان.

دڵداری: لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە هەستم بە خۆشەویستی کردەوە، بەڵکو لەوەیش زووتر کچێکی وەک خۆم منداڵ هەبوو زۆرم خۆش ئەویست، شەش حەوت ساڵ ئاگرێکی نهێنی لەدڵمدا ئەگڕا. هەر بە چاو لەیەکتری تێ ئەگەیشتین کە یەکمان خۆش ئەوێت. نە من وەک منداڵەکانی هاوڕێم سەرنجی ئەوم ئەداو نە ئەو وەک منداڵەکانی تر سەرنجی منی ئەدا.

نەیشم ئەوێرا چ قسەو باسێکی لەگەڵدا بکەم. چونکە زۆر منداڵ بووم و هیچم نەدەزانی، لەوە بەولاوە کە لە ناخی دەروونەوە خۆشم ئەویست. تا تەمەنم گەیشتە سیانزە ساڵان، ئەوانیش باریان کرد بۆ شار، زۆر لام گران بوو، بە دزییەوە ئەگریام و زۆرم بیر ئەکرد. بە خەیاڵی منداڵی خۆم دەستم لە دنیا هەڵگرت و بەو منداڵییە چەند مانگێک وەک سۆفی لە مزگەوت و مەرقەد کاتم ئەبردە سەر بە نوێژ و قورئان خوێندن.

هەرچەند باوکم دەروێش و موریدی زۆر بوون، تا سنەو سابڵاخ و دەورو بەری موسڵ و خانەقین و بەغدایش بەڵام لەبەر دەست بڵاوی و زۆر کلفەتی و سزادانی حکومەت کەسیاسەتێکی نەگۆڕی هەبوو بەرامبەر بە باوکم کە نەیەڵێت نفووزی زیاد بێ بۆیە هەموو دەم خەڵکی لێ ڕاست ئەکردەوە بۆ دەست درێژیکردن بۆ خۆی و دەستەو دایەرەکەی، ئەویش سەری دانەدەنەواند بۆ دوژمن، ماڵی ئەمڕۆی نەئەکەوتە سبەی و خوێشی دەست بڵاو بوو، ژنی زۆر ئەخواست، هەشت ژنی بەروو داوا خواستبوو.

کە پۆلی چوارەمی سەرەتاییمان لە (قادر کەرەم) تەواو کرد لەبەر بێ کەسی و دەست کورتی نەمان توانی بچینە کەرکووک بۆ تەواو کردنی خوێندن، دوو ساڵ لە شوێنی خۆماندا ماینەوە. هاوڕێیەکمان ئەنگێکی هەبوو مانگانەی تەقاویتی هەبوو ئەو توانی بچێت بۆ خوێندن. زۆر حەزم لە تەواو کردنی خوێندنی مەکتەب ئەکرد، گەلێ جار خەوم بەوەوە ئەدی کەوا شاری کەرکووک لە (قادر کەرەم) نزیک بووەتەوە ئەتوانم بەپێ بچم بۆ مەکتەب.

پاش ئەو دوو ساڵە هەر چۆنێک بوو من و (حوسێن)ی برام و دوو برازام ناردینیان بۆ کەرکووک لەوێ لەتەکیەی خۆمان دا جێگەمان هەبوو هەر جێگە و بەس. چونکە تەکیەی کەرکووکمان بێ نان بوو. تا پۆلی سێیەمی ناوەندی ژیانێکی سەختمان ڕابوارد. زۆر جاریش بە نانی کۆن هی فەقێی مزگەوت کە هەرزانترە لەهی بازاڕ. گەلێ جار کە ئەوەندە بێ پارە ئەبووم خۆزگەم بەو منداڵە کرێکارانە ئەخواست کە گەچ و بەردیان ڕائەکێشاو لەناو تۆزی گەچدا پێستە بۆرەکانیان چینێک بۆدرەی گەچی گرتبوو بەڵام کامەرانییەکی سادە بەڕوویانەوە دیار بوو. گەلێ جار لە دڵەوە پێ ئەکەنین، کەچی من دەمێک بوو پێکەنینی بە دڵم لە دەست چوو بوو. ئەوسا ڕۆژانەی ئەو منداڵانە پەنجا تا حەفتاو پێنج فلس بوو، بەڵام زۆر بوو بۆ ئەو کاتەی کە کولێرەی گەنمی جوان و گەورەو گەرم بە دوو فلس و گەڵڵەی شەکر بە سێ و هەشت فلس و هۆقەی ڕۆن بەسەد فلس بوو. ساڵانی ١٩٣٦- ١٩٣٧- ١٩٣٨- ١٩٣٩ی پێش جەنگی دووەم.

لە خوێندندا پێشکەوتوو بووم، هەرچەند ساڵی یەکەم زمانمان نەدەزانی و خوێندن بە تورکمانی و عەرەبی بوو لە قوتابخانەکانی کەرکووک. بەڵام بە کۆششی خۆمان تا نیوەی ساڵ خۆمان گەیاندە ڕیزی قوتابییە پێشکەوتووەکان. لە پۆلی یەکەمی موتەوەسیتەوە

عارف بەرزنجی

تووشی کۆمەڵێ سیاسی بووم و لە کۆمەڵی هیوادا بووم بە ئەندام، پاشان بە موعتەمیدی قوتابیان. تا دەرچووم لەو کۆمەڵە هەر موعتەمید بووم. لە ساڵی ١٩٤٠ دا لەگەڵ چەند زابت و ئەندامێکی کەدا بیرمان لەوە کردەوە کە کۆمەڵەکە ئەبێ ئازاتر بێ و لەو ساوە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) وەرگیرابوو بۆ کۆمەڵ و کرابوو بە سەرۆک سستی تێ کەوتبوو، لەبەر ئەوە بڕیارمان دا ئەو دەرکەین دیسانەوە وەک جاران لیژنەیەک لە لاوان هەڵبژێرین بۆ سەرکردەیی کۆمەڵەکە، بەڵام لقەکانی کەی بەغدا و خانەقین و هەولێر و سلێمانی ڕایان یەک نەبوو لەگەڵمان و تەنها من کە دانم نا بە ڕاستیدا دەرکرام لە کۆمەڵ و زابتەکانی هاوڕێم کە زۆرتر ئەوان ئەم بیرەیان خستە ناو هەموویان پەشیمان بوونەوەو دانیان بەڕاستیدا نەنا.

لەگەڵ ئەو تێکەڵییەشدا لە سیاسەت دیسانەوە هەر لە ڕیزی چاکترین قوتابی بووم، لە ڕەسم و وەرزشدا نەبێ کە کەمم وەرئەگرت، چونکە قاچم نەی ئەهێشت وەرزش بکەم ئەگینا لە دەرسەکانی کەدا لە هەشتا و نەوەد کەمترم نەبوو.

ساڵی ١٩٤٣ لە مانگی ئابدا پاش ئەوەی کە لە پۆلی پێنجەمی ناوەندی بەسیییەمی لیوا دەرچووم باوکم ژنی بۆ خواستم. ژن خواستنم لەسەر شێوەی کۆن بوو، هەر لە منداڵییەوە باوکم کچی ناسیاوێکی خۆی بۆ خواستبووم، هیچ چاوم بە دەزگیرانم نەکەوتبوو تا پاش مارەکردن ئەوسا بینیم. جا بزانە چەند گیرۆدەی داوی کۆن بووم. ساڵێک مامەوە، پاش پۆلی پێنجەم فرمانێکی چەپەڵم دەست کەوت لە تەموین و پاش نۆ مانگ دەرکرام بە ئەمری ئیداری قائیمقام کە هەمیشە داوای بەرتیلی لێ ئەکردم و چونکە نەم دا دەری کردم (العدم الكفاءة)

ساڵی ١٩٤٤–١٩٤٥ چووم لە کولییەی حقووق داخڵ بووم، ئەوەی هەم بوو بریتی بوو لە تفەنگێکی برنەو و دەمانچەیەک و هەندێ خشڵی خێزانەکەم و نزیکەی سەد دینارێک. ئەوساڵە زۆر گەڕام بە دوای ئیشدا لە بەغدا چنگ نەکەوت.

بۆ ساڵی دووەم شتێکی ئەوتۆم بەدەستەوە نەما لەبەر ئەوە بڕیارم دا ئەگەر ئیشم چنگ نەکەوێت دەست لە خوێندن هەڵگرم. باوکم هاتە بەغدا کە هەموو ساڵێ بۆ زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەهات، چووە لای وەزیرێکی کوردی ناسیاوی، لە ئینحیساری توتن لەگەڵ چەند قوتابییەکی کورددا لە مەخزەنێکی تووتن بووین بە موستەخدەم. بەو مانگانەیە کەمەو بە یارمەتی باوکم کردەو کۆشەی هاوینان کە ئەچوومەوە لە بەراوەکانی باوکم چەند قسناغێک چەڵتووکم ئەکرد بە شکارتە و زەخیرەی زستانم لە ماڵی باوکم و ماڵی خەزورمەوە بۆ ئامادە ئەکرا، بەو چەشنە دوو ساڵی باشم بردە سەر تا چوومە پۆلی چوارەمی حقووق. لە هاوین دا ئیستیقالەم کرد لە ئیش.

لە کولییەی حقووق لە ساڵی یەکەم دا دەستم بە ئازادیخوازان گەیشت و چاوێکی کەم کرایەوە و ڕێگایەکی کەم دۆزییەوە لە ژیاندا کە پێش ئەو وەک وێڵ و چاو بەستراوە وابووم. لە زۆرترینی خۆ دەرخستنەکانی ساڵانی ١٩٤٥– ١٩٤٦–١٩٤٧ دا لە پێشی پێشەوە بووم.

بە ئەترس ناسراوبووم، بەڵام هێشتا زۆری مابوو باشتر تێ بگەم. لە بەر خەباتی عەمەلی ماوەی تەسقیف زۆر کەم بوو بۆم.

لە سەرەتای ساڵی چوارەمی حقووق دا لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ئەمری تەوقیفم دەرچوو، خۆم شاردەوە، چەند ڕۆژێک پێش (وثبة) باوکم ناردی بەشوێنما و بە قاچاغی چوومەوە بۆ (قادر کەرەم).

ئەو ساڵە تا ئاخری لە کولییە دەوامم نەکرد، بەڵام لەبەر زروفی (وثبة) بە تەمابووم بچمە ئیمتیحانەوە، بەڵام دوو ڕۆژ وەختی ئیمتیحانیان دواخست و بەناوی فەلەستینەوە عورفییان ئیعلان کردەوە و کەوتنەوە ڕاونانی نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازان. دووبارە ڕام کردەوە بۆ ناو هەردو هەڵەتدکەی (قادر کەرەم) و شاخەکانی سەنگاوو قەرەداغ. بە قەرارێک لە ئیمتیحان مەحرووم کرابووم، باوکم بۆم تێکۆشا، بە کەفالەت بەردرام و پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لەگەڵ عەمیدی کولییەدا کە مامۆستا مونیر قازی بوو، پاش ئەوەی کە هیچ کەڵکی نەبوو خۆم چووم مواجەهەیم کرد. تێم گەیاند کە ئەگەر قبووڵ نەکا مانای ئەوەیە ئیتر من ناتوانم بخوێنم و ئەو چوار ساڵەم لە کیس ئەچێت چونکە پارەم نییە، دڵی نەرم بوو وتی باشە وا قبووڵت ئەکەمەوە. ئەو ڕۆژە شەش ڕۆژی مابوو بۆ ئیمتیحان، گەلێ دەرسم هەر چاوپێنەکەوتبوو، شەوو ڕۆژ سەرم کردە خوێندنەوە لە ئەنجام دا ناجیح بووم کە گەلێ برادەرانی کەم کە لە دەرس و دوو دەرس دا ئیکمال بوون، هەندێکیان کەوتن و لە تشرینی ١٩٤٨دا شەهادەی محاماتم وەرگرت. بووم بە محامی و ئەو ساڵە ١٩٤٨-١٩٤٩ تا مایس محاماتم کرد لە کەرکووک.

ژیانم زۆر سەخت بوو، باوکم ماوەی یارمەتی دانمی نەمابوو، منیش بیبوومە خاوەنی سێ منداڵ، هیچ دەرامەتم نەبوو، ئەو وردە دەعوایانەشم کە دەست ئەکەوت کرێی خانووەکەمی دەرنەدەهێنا کە هەشت دینار بوو، چیم مابوو تا جلی زیادەی ماڵەوەشم فرۆشت دەری نەهێنا. لەو خانووە دەرچووم چوومە ناو کەلاوەیەکی کۆنی خۆمان کە پێشتر پیرێژنێک و کوڕە باراش هارەکەی تیا ئەژیا. بریتی بوو لە یەک ژووری نزمی بێ پەنجەرەو بێ ئاوو کارەباو لە قوڕ دروست کراو.

ئەو ساڵە لە سەرەتادا لە کۆمپانیای نەوت فرمانێکم چنگ کەوت کە مانگانەیەکی باشی هەبوو لە مانگانەی حاکمێکی تازە زۆرتر بوو. کە تەعین کرام و چوومە سەر ئیشەکەم ئینگلیزەکان بە لوتێکی بەرزەوە تەماشایان ئەکردین، ئیمەی حقووقییەکان هەر ئەیان ویست بمان شکێنن.

سێیشیان فڕێدایە شوێنێک کە وەک دەرگاوانی وابوو، لە بەرامبەر ئاسووریەکی نەخوێندەوار دایان نام لە دەرگایەک بۆ نووسینی ڕەقەمی ئەو ئوتومبیلانەی کە لەو دەرگایەوە تێ ئەپەڕن.

هەرچەند فلسێکم نەبوو بەڵام دەست بەجێ گەڕامەوە سەر مودیری کۆمپانیاو ڕووبەڕوو پێم وت ئێمە نەهاتووین ببین بە دەرگاوان (گەیت کیپەر) و دەرچووم. چوومەوە ماڵ، ئەوسا (حوسێن)ی برام لەوێ کاتب بوو. ناردیان بە شوێنما تا بچمەوە شوێنێ باشترم بدەنێ. وتم نایەم و ئیستیقالە ئەکەم، پاشان بە ئوتومبیلێکەوە چەند مەئموورێکی کەیان نارد بەشوێنما و دیسان پێم وتن نایەم و ئیستیقالە ئەکەم، وتیان وەرە لەوێ ئیستیقالە بکە. وتم بە پۆستەدا ئیستیقالەکەتان بۆ ئەنێرم، بەو ڕەنگە تۆڵەی خۆم لە لووت بەرزی کۆمپانیا کردەوە.

لە مانگی مایسدا دیسان عورفی بڕیاری تەوقیف کردنەوەی بۆ دەرکردمەوە. زۆر بە تەڕ دەستی و بە ڕۆژی نیوەڕۆ کە لە سەرادا ئەگەڕام کاتێ کە هاتن بۆ گرتنم خۆم ڕزگار کرد.

ئەو ڕۆژە چوومە ماڵی برادەرێکم لەپەڕی شارەوە بوو، تا خۆر ئاوابوو، ئەوسا بە شەو نزیکەی دە سەعات ڕێگام بڕی تا گەیشتمە دێی (عوسمان لەکە) لە ناوچەی قدرە حەسەن. دە پانزە ڕۆژ لەو ناوە بووم پاشان چوومەوە بۆ قادر کەرەم، تا مارتی ١٩٥٠ دەربەدەر بووم بە شاخەکانی سەنگاوو قەرەداغ و شارباژێڕەوە. نزیکەی چوار مانگ لای شێخ مەحموود بووم و چەند مانگێکیش لە سیتەک لای شێخ لەتیف لەوێ چەند برادەرێکی کەی ڕاکردووی وەک خۆم هەبوون، لەوانە سێ برادەر لە مەهابادی کوردستانی ئێرانەوە پاش شکانی کۆمەڵە ڕایان کردبوو.

کە عورفی هەڵگیرا چوومەوە خۆم تەسلیم کردەوە. پاش ئەوەی باوکم هەوڵی بۆ دابووم. بە کەفالەت بەردرام و حەواڵەی مەحکەمەی تەحقیقی کەرکووک کرام. پاش چەند مانگێک هاتووچۆ ئیفراج کرام. دەستم کردەوە بە محامات، وردە وردە تیا سەرکەوتم و دەرکەوتم، خەڵکی بڕوایان پێم بوو.

لە ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٢دا کەمێک لە ڕێ لام دا بەهۆی هەندێ زروفی تایبەتی و گشتییەوە، بەرەڵڵایی و خۆپەرستی و پارەپەیداکردنم تاقی کردەوە. بۆم دەرکەوت کە ژیان پوولێک ناهێنێ ئەگەر ئینسان خاوەنی باوەڕێکی پیرۆز و ئینسانی نەبێت. زۆر نەفرەتم لە خۆم کرد. خۆم بە تلپ ئەهاتە پێش چاو. پارەپەرستی و نامەردی و لەڕێ لادان گەنگاوێکی پیس بوون بۆ گیانم و گوزەرانم تێدا نەکرد. خۆم لەو گەنگاوە ڕزگار کرد بە چەشنێ کە بۆم ڕێکەوت لە هەڵبژاردنە ساختەکەی پاش ڕاپەڕینی تشرینی ١٩٥٢ لە وەزارەتەکەی (نورەدین مەحموود) کە ببم بە نائیب. شێخ لەتیف زۆر تەکلیفی لێ کردم کە قبووڵی بکەم چونکە شێخ مەحموود نائیبێکی هەبوو ویستیان من بکەن، قبووڵم نەکردو قەراری موقاتەعەم بەجێ هێنا. لە جووڵانەوەی ئاشتیخوازی و لاوان دا بەشدار بوومەوە.

لە ساڵی ١٩٥٤ لە نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو بووم لە ناوچەی سلێمانی. من و ئیبراهیم ئەحمەد پێکەوە بەرامبەر بە نوێنەرەکانی حکومەت عەلی کەمال و ماجید مستەفا ڕاوەستاین. بە ڕەغمی هەموو زۆرو فڕو فێڵێک لە ناوشاری سلێمانیدا ئێمە نزیکەی دوو هەزار دەنگمان وەرگرت و ئەوان زۆرەکەیان ١١٧ دەنگیان وەرگرت. بەڵام بە دزی لە ناوچەکانی دەرەوەی شار حکومەت پڕی کردەوە بۆیان. پێش هەڵبژاردن قەراری تەوقیفمان دەرکرا، ئیبراهیم گیرا و من بەردەست نەکەوتم. بوو بە هەرایەکی وا جەماهیر هێزی لە حکوومەت سەند، هەر سەراکان و شەقامە گەورەکان بە دەستییەوە مابوو، کە خۆر ئاوابوو پۆلیسێک لە دەشتەوە نەدەما. ڕۆژی هەڵبژاردن شار وەکو شارێکی تازە داگیر کراو وابوو. پۆلیس بەچەک و کڵاوی ئاسنینەوە سەرشەقام و سەرمزگەوتەکان و دەرگاوبانیان گرتبوو.

شوێنی هەڵبژاردن لە مزگەوتەکاندا بوو. کە دەست کرا بە هەڵبژاردن

خۆم دەرخست و ڕاستەوخۆ چووم بۆ سەر سندوقەکان. پۆلیسەکان وەکو بەراز خنیسەیان لێئەکردم نەشیان ئەوێرا دەستم بۆ بێنن، وەکو بیستم لە حاکمێکی برادەرم کەلەو کاتەدا لای موتەسەریف و مدیری پۆلیس بوو کە خەبەری منیان پێ گەیاندبوون، پاش لێکدانەوە وایان بە مەسلەحەت زانیبوو کە نەم گرتن باشترە، نەوەک هەرایەکی گەورەی لێ ببێتەوە.

لەم کاتەدا کە من خەریکی هەرای هەڵبژاردن بووم خەبەری هیلاکی باوکمیان بۆ هێنام. لەگەڵ باوکما زۆر یەکترمان خۆش ئەویست. زۆری ئەرک لەگەڵ بینیبووم. نەخۆشییەکەیشی نەخۆشی مەرگ بوو، دڵ بوو، چەند ساڵێک بوو تووشی ببوو. لە نێو دوو ئەرک دامام ئەرکی هەڵسوڕاندنی هەڵبژاردن و ڕانەکردن لە بەرامبەر نوێنەرەکانی حکومەت و هێزی پۆلیس و سەرخستنی بەرەی نیشتمانی یەککرتوو.

دەشتی قادر کەرەم ١٩٥٤

و ئەرکی باوکێکی دڵسۆز و ڕەنجکێشی لەگەڵ من کەوا لە دوا ڕۆژیدایە و نەیەوێت بۆ دواجار چاوی پێم بکەوێت. هەرچەندم کرد ئەرکی نیشتمانیم لا گرانتر بوو، مەیدانم بەجێ نەهێشت، تا ڕۆژێک دوای خۆ هەڵبژاردن ئەمجا چووم و خۆم دایە دەستەوە. حاکمی تەحقیق وتی من بە کەفالەت بەرت ئەدەم بە مەرجێک تا پاش خۆرئاوا لە سلێمانیدا نەمێنی، کات دەمەو خۆر ئاوابوو. منیش لە حاکم بە پەرۆش تر بووم بۆ سلێمانی بەجێ هێشتن. وتم باشەو دڵم وەک پشکۆی تیابێ بۆ باوکم وابوو. کە شەو گەیشتمەوە کەرکووک چوومەماڵەوە باوکم گوێی لێ بوو وتیان مارف هاتەوە وەک گوڵ گەشایەوە و پێکەنین کەوتە ڕووی. خەڵکەکەی دەوری هەموو هەستیان بەو گۆڕانە کرد کە بەسەر باوکمدا هات، چونکە زۆر پەرێشان ببوو لەبەر نەخۆشییەکەی. پاش دووسێ ڕۆژ وەفاتی کرد.

پاش وەفاتی باوکم زۆر خەفەتبار بووم، دنیام بۆ خۆم بەچۆڵ ئەزانی، چونکە زۆر دڵسۆزم بوو، پاش ئەو دڵسۆزێکی کەم شک نەدەبرد. پاش حەوت مانگ کە لە تەعزییەو سەرخۆشیدا دانیشتم، گەڕامەوە بۆ کەرکووک، دەستم کردەوە بە محامات.

پاش پێشکەوتم، دەرەبەگە زلەکانم ترساندبوو، چونکە دەعوای فەلاحەکانم ئەگرت و زۆر بە ئازایانە تێ ئەکۆشام زدیان و لە گەلێ دەعوادا سەرکەوتم بەرامبەرایان، زۆرتر بەوە کە فەلاحەکانم هان ئەدا کە عەریزەو مەزبەتەی زۆر بکەنەوە لە زدی ئەو حاکمانەی کە لایەنگری ئەو شێخ و ئاغایانە ئەکرن.

لەساڵی ١٩٥٦دا لەکاتی هەرای قەناڵی سوێس دا دیسانەوە لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەرێکی کەدا عورفی تەوقیفی کردینەوە، لە ئەنجامی موحاکەمەدا بە کەفالەت حوکمی داین.

پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بە سکرتێری ئاشتیخوازانی کەرکووک هەڵبژێردرام و بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی. لە سەر داخوازی جەماهیر بە سەرۆکی شارەوانی شاری کەرکووک تەعین کرام، پاش مانگ و نیوێک بە بۆنەی فیتنەکەی کەرکووکەوە، کە لە ڕۆژی ئاهەنگی یەکەم جەژنی ساڵانەی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژدا ڕووی دا تەوقیف کرام و لەگەڵ هەژدە کەسی کەدا لە زابت و نیشتمانپەروەران بە مادەی هەشتای قانوونی عقوباتی بەغدادی، درام بە عورفی، کە سزاکەی خنکاندنە. منیان بە تاوانباری یەکەم لە قەڵەم دا کە گوایا من سەرۆکی هەڵگیرساندنی ئەم ئیشە چەپەڵەم و تا ئێستەیش هەر تەوقیفم.

هەشت منداڵم هەیە، چوار کوڕو چوار کچ، کوڕی گەورەم لە پۆلی چوارەمی ناوەندییە و کچە بچووکەکەیشم پاش گرتنم لە دایک بووە.

کردارە ئەدەبییەکانم

سەرەتای دەست بە نووسین کردم بۆ جەماهیر ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٩–١٩٤٠ ئەو ساکە لە پۆلی دووەم و سێیەمی ناوەندی بووم. یەکەم هەڵبەستم لە گۆڤارێکی کۆمەڵی هیوادا بڵاوکرایەوە کە بە نهێنی دەر ئەچوو بەدەستیش ئەنووسرایەوە.

پاش ئەوە هاوینی ١٩٤٠ لە هاویندا کە گەڕاینەوە بۆ قادرکەرەم، بەیارمەتی کاک شاکیر فەتاح، کە مدیری ناحیەکەمان بوو، چوار مەکتەبی شەومان کردەوە بۆ جوتیارەکان، لە چوار دێدا دەرسمان پێ ئەوتنەوە. ڕۆژنامەیەکی هەفتانەشمان بە دەست نووسین بۆ دەرئەهێنان. لە نووسیندا من یارمەتی کاک شاکیرم ئەدا. لەو ڕۆژنامەیەدا کە ناومان نابوو (باسەرە)، بەناوی ڕووبارەکەمانەوە، وتارو هەڵبەستم بڵاو کردووەتەوە لای خۆم نەماون، مەگەر لای کاک شاکیر فەتاح مابن.

کردارە ئەدەبیەکانم تا ئێستە بریتین لەم بابەتانە:

١–هەڵبەست

٢–وتار

٣–چیرۆک

أ–هەڵبەست:

لە منداڵییەوە هەستی شیعرم بزواوە، چەند هەڵبەستێکم کە هەبوو تا ساڵی ١٩٤٩ هەمووی لە ڕاونان و دەربەدەری دا لەناو چوون. تاک تاک هەڵبەستم ماوە، هی پێش ١٩٤٩ خۆشم لە بیرم نامێنێ.

ئێستا نزیکەی ٣٢–٣٣ هەڵبەستم هەن تێکڕا سەد لاپەڕەیەک پڕ ئەکەنەوە. من شیعرم نەکردووە بە پیشە، واشم دانەنابوو کە دەریکەوم، بەڵام ئەو سۆزەی کە لە دەروونمدا پەنگی ئەخواردەوەو پاڵی پێوە ئەنام بێ ئیختیار دەست بدەمە قەڵەم و دەست کەم بە نووسین وای لێ کردم پێشکەشی خوێندەوارانی بکەم. چونکە بۆ ئەوانە و هی ئەوانە.

لە شیعر وتندا خۆیشم نازانم لە سەرەتادا چی ئەنووسم، هەر ئەوەندە ئەزانم کە هەستێکی کاریگەر وا لە دڵ و دەروونم داو پەنگ ئەخواتەوە و ئەیەوێت ببێ بە شتێک. لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا کە زۆر جار لە چارەکە سەعاتێک تێ ناپەڕێ، چیم لە دەرووندا هەبێ ئەچێتە سەرکاغەز، مەگەر چلۆنها دواجار دەستکاری بکەمەوە، ئەوەیە شیعر وتنی من. شەوێک بەم چەشنە هەڵبەستێکم بۆ هات، بیست و سێ بەیتێکم لێ نووسی و سۆزەکەم بەسەرچوو، پێش ئەوەی هەڵبەستەکەم بە ئەنجام بگا. ساڵێکی تر لە هەمان مانگدا شەوێکی تر سۆز گرتمییەوە و یەکسەر بۆم تەواوکرا.

ئەو هەڵبەستەم (دڵی من)ە کە لە گۆڤاری هیوادا ساڵی ١٩٥٨ بڵاو کرایەوە. بۆ هیچ هەڵبەستێک، پێشەکی بیرم لێ نەکردووەتەوە کەچی تیا بنووسم و چی تیا بڵێم، بەڵکو سۆزی دەروونم چی پێشکەش بە بیرو قەڵەمەکەم کردبێ ڕاست و ڕەوان ئەوەم خستووەتە سەر کاغەز. حەز لەوە ئەکەم کە زەوق و سۆزم لەبەر قافیە و قاڵبی کۆن تێک نەدەم، تا وەک ئاوی ڕەوان ڕێگا بگرێت و بۆ خۆی بڕوا. لەبەر ئەوە بابەتی هەڵبەستی ئازادم پێ خۆشە، چونکە سۆزی دەروونم ئاشڵەژێنێ و زەوقم شپرزە ناکا.

ب–وتار: دوو چەشن وتارم هەن:

١–وتاری گشتی لەسەر دیموکراسی و ئاشتی

٢–وترای ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

وتارەکانم لە گۆڤاری شەفەق و هیوا و ڕووناهی و جاران لە ڕۆژنامەی ئازادیدا بڵاو کراونەتەوە، جار جاریش لە ئینگلیزییەوە شت وەرئەگێڕمە سەر کوردی.

ج-چیرۆک: بە تایبەتی کورتە چیرۆک.

ئێستا هەموو توانام بۆ چیرۆک نووسین تەرخان کردووەو ئەگەر هەست زۆرم لێ نەکا شیعر ناڵێم.

لە ساڵی ١٩٤٧ بەدواوە تەقەللای چیرۆک نووسینم داوە بەڵام تا ساڵی ١٩٥٧ شتێکی ئەوتۆم لە فەننی چیرۆک نەدەزانی، بەهۆی گۆڤاری (شەفەق)ەوە ماوەی ئەوەم بوو کە زۆرتر خوو بدەمە نووسین. لە سەرەتاوە مامۆستا عەبدولسەمەد خانەقاو کەمێک مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یارمەتییان دام بە تایبەتی لە نووسینی چیرۆکی (ئاوازو کەباب)دا کە لەشەفەق دا بڵاو کرایەوە. پاش ئەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە لە سەر فەننی چیرۆک نووسین و چیم دەست کەوت لەسەر چیرۆک خوێندمەوە.

زۆر کەڵکم لە کتێبەکانی دکتۆر محەمەد یوسف نەجم (فن القصة) و (القصة فی الادب العربی) و کتێبەکەی دکتۆر ڕەشاد ڕوشدی (فن القصة القصیرە) و کتێبە نایابەکەی (لاگۆس ئاگری) کە (دورینی خەشەبە) کردویەتی بە عەرەبی و (فن کتابە المسرحیە) وەرگرتووە.

چیشم دەست ڕۆیشتبێ لە خوێندنەوەی چیرۆک دریغیم نەکردووە. بەڵام تا ئێستا شەش چیرۆکی کورت و یەک چیرۆکی شانۆم ئامادەیە بۆ چاپ، چوار چیرۆکیان بڵاو کراوەتەوە.

١-ئاواز و کەباب لە شەفەق دا کەمێک دەستکاریم کردووەتەوە.
٢-گای پیرۆز لە الادیب العراق دا بەشی کوردی
٣-شەتڵ لە هیوا دا
٤-جەژنێکی شادی لە (ڕووناهی) دا

بەڵام (نامەی سەرسنوور) و (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) هێشتا بڵاو نەکرانەتەوە لەگەڵ (زەوی زەوی خۆمانە). چیرۆکی (ئاوازو کەباب) ئەستووری باوەڕم تیا دەرخستووە بەزاڵ بوونی هێزی ئاشتی (فەلامورز) بەسەر هێزی شەڕدا (میرزا). میللەتانی بچووک و ژێر دەستیش ڕزگار ئەبی وەک (جەمۆلی چایچی) و چەک هەموو ئەبن بە ئاوازی مۆسیقا و کەباب و خواردەمەنی بۆ ئاهەنگ و جەژنەکانمان، وەک لوولەی تفەنگەکەی میرزا و خەنجەرە زلەکەی بوون بە شمشاڵ و قیمەکێش. ئەم چیرۆکە هەرای قەنالی سوێس و ئینزارەکەی سوڤیەت بۆ ئیستیعماری ئەنگلۆ- فەرەنسی خستییە خەیاڵمەوە، لە ژیانی دوولاودا لە گەڕەکێکی بچووک دا گیروگرفتی جیهان نیشان دان.

گای پیرۆز: تابلۆیەکی زیندووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستانی خۆمان، دوو بەرەکایەتی تازەو کۆن، مامۆستا و حەمە ڕەشید نموونەی هێزی تازەی لادێی کوردستان و شێخ و کوێخاو پۆلیس نموونەی هێزی کۆن. شەخسییەتی شێخ و گای پیرۆزی هیندستان.

شەتڵ: موعادەلەیەکی ڕەمزییە بۆ کۆمارە ساواکەی چواردەی گەلاوێژو ئەو ئامانج و هیواو دەستگا و ڕێکخراوە دیموکراتیەیانەی کە وەک شەتڵ و نەمام سەریان دەرهێنابوو، خەریک بووین ئەمان چاند. قوتابییەکانی دێ کەیش وەک شەتڵ وابوون، هیوای جوتیارەکانیش کە ئەترسان دیوەخانەکە بێتەوە بە دیوەخانەکەی جاران. یەکێتی لاوان و جوتیاران و قوتابیانیش شەتڵ بوون.

جەژنێکی شادی: هەر چەند بناغەکەی و کەرەسەکەی بەسەرهاتی ژیانی تەوقیفمە بەڵام خەیاڵکاریم تیا کردووە تا خستوومەتە قاڵبی چیرۆکەوە. ئەمە شێوەیەکی بە ناوبانگی واقیعییەتە. نە واقیعی ڕووت (وێنەگری و نیچەرالی) نە خەیاڵی ڕووت، بەڵکو ڕووت. بەڵکو کەرەسەو ڕووداو لە واقیع وەرگرتن و خەیاڵکاری تیاکردن تا لە ڕووداوێک جەوهەرێکی شاراوە دەربخەین و مەغزایەکی لێ وەرگرین (هەژاران زوو نامرن.. نامرن..) چەندەها میرو شا بەرێ ئەکەن و نامرن.

سەرلەبەیانی نەورۆزێک: لە سەر ئوسلووبی (تیار الوعی) دام ناوە. بیری باوکێکە بە راوردی ژیانی سادەو ساکاری سەردەمی پێشوو ئەکا کە نە کارەبا هەبوو، نە ئۆتۆمۆبیل بەڵام خەڵکی شادو دۆست بوون، بەڵام کە کارەبا هەیە و ڕادیۆ و سینەما هەیە، هەموو کەسێک دڵ تەنگ و شپرزەیە. دنیا چرووپر وپر هەڵلایە، ئەوسا باخەکان هەر بۆ خواردن بوون، ناوی فرۆشتن نەبوو. ئێستا هەرچی میوەی باشە بۆ فرۆشتنەو ڕەزای میوان گران بووە، کە جاران ڕەزا سووک بوو. دنیای ئێستا چاولێکەری و چاو چوێتی و خەفەتە. بێجگە لەمانەش سەربار یاساغ و قەدەغەو ناو نووسین و گرتن و خەفەیە وا زۆر بوون، ژیانیان تاڵ کردووە. کوڕە لاوەکەی تێی ئەگەیەنێ کە هۆ هۆی کارەبا نییە. هیچ وەختێک قوتیلەی نەوت لە کارەبا خۆشتر نییە. بەڵام هۆ هۆی ئیستعمارو دەست و پێوەندییەتی کە نایەڵن خۆشی لە شتی خۆش وەر بگرین، بە ئازارو گرتن و یاساغ و ڕاونان و خەفیە ژیانیان تاڵ کردووین.

زەوی زەوی خۆمانە: چیرۆکێکی شانۆییە لە چوار پەردە. بەربەرەکانی فەلاحی دێیەک نیشان ئەدەن بەرامبەر بە بەگزادەیەکی دەسەڵاتداری لای حکومەت. بەگزادەیەکی درۆزن و تەڵاق خۆر و نەخۆشی دڵ و گورچیلەدار.

ئێستا داستانێکی درێژم بە دەستەوەیە ڕەنگە تا ساڵێکی کە ئەگەر وا ماوەم هەبێ بۆ نووسین تەواوی بکەم. ڕەنگە چەند سەد لاپەڕەیەک بێت.

ژیانی سەردەمی خۆمانی تیا وێنە ئەداتەوە لە عوسمانلییەوە تا ئەمڕۆ.

سەرچاوە: مارف بەرزنجی شەهید (سەرجەمی بەرهەکانی)، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی (سامان مارف بەرزنجی)، (عومەر مەعرووف بەرزنجی) هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ١٩٩٣، لا ٤٣-٥٨.

ڕۆڤار
ژمارە
٦٣
ڕێبەندانی
٢٧١٠
کوردی

عارف دەرزیلجی

سەرلەبەیانی نەورۆزێک

دەمی خۆرکەوتنی ڕۆژی نەورۆزە. سەرەتای بەهارێکی تەڕو تازە و دڵگیرە، کەناری شار دەریایەکی سەوزە، تا چاو بڕکا لە چەشنی ڕایەخی عەجەم خەملیوە. پیرەمەگروون و بەرانان و ئەزمەڕ بە وێنەی سەماوەری هەشتەرخانی لەکوڵ هاتووی دیواخانانی جاران هەڵمیان لێ هەڵئەسێ و ئەبێتەوە بەتەمێک وەک دەسماڵی نایلۆنی دووکەڵی تەئاڵێتەوە بە باڵای کێوەکاندا، پاش ئەو باران و بەفر و ڕەهێڵە زۆرەی هەفتەی ڕابردوو. چیمەن پاراو، شیوو چەم و تاڤگەکان بەهارە هاڕی ئاوی بەفراویان تەمی خەفەت لە دڵ و مێشک بەر تەکان ئەدەن. هەموو خاوەن دڵێک ئارەزووی گەشت و سەیران ئەکەن. تەنانەت منی پەژمووردەی کوێرەوەری نان پەیداکردن و ژیاندنی خێزانی زۆر، منی شووشەی دڵشکاو لە سەد لاوە شکاوو پەپەپوولەی ئارەزوو تۆراوو لە یاران جێماو، منیش یادی یاران و جارانم کرایەوە... بۆ ڕاو بۆ گەڕان.. بۆ سەیران و ڕابواردن.. ئەزمەڕ و سەرچنار.. زەڵم و قوپی.. ڕاوەکەو و مەڕە کێوی، سواری و نیشان شکاندن سێ بازو کەوشک..

عارف بەرزنجی

لە تاکە ژوورەکەی بالاخانەکەماندا بووم، لە تاکە پەنجەرە کۆنە شەق و شڕکەیەوە تەماشای باخچەی گشت لایی ئەکەم.. سەرو و سنەوبەر و گوڵە بەهارییەکان تێکەڵ بە پەرژینە سەوزەکان بوو بوون گۆڵ گۆڵ.. کە چاوم هەڵبڕی لە دوورەوە لووتکەی گڵە زەردەم بەرچاو کەوت.. ناوچەی زەردیاوە.. دیسانەوە یاد بردمییەوە.. "تەکیە" و "جافەران".. ڕاوی "قۆپی" و "کانی مویان" نزارەکان. دەربەندگەور. ڕەزەکان. هەڵپەڕکێ و چەپڵە ڕێزان.. ژیانی خۆش و سادەی جاران. ژیانی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی و پێش چڕ و پڕبوونی ژیان. پێش ڕوو بوون و پەرەسەندنی ئەم شتانەی کە بوون بە پێویستی ژیانی ئەمڕۆمان و بۆ پەیداکردنی هەزار خەفەت و پەژارە و سزا ئەکێشین. ئەم شتانە کە خۆشی و سادەیی ژیانی جارانی لە دەست سەندین و لە جێگای خەفەت و پەژارەو پێش و چاوچوویەتی و قینەبەری و بەربەرەکانیی شتانەی بو بەجێهێشتین. هەر ئەمانەش نەو بەڵکو مل شۆڕکردن و ژێر دەستی بۆ بێگانەی تارە کورە.

ئاە، هە.. بۆ ئەو ساڵانەی کە چەند برادەرێک بووین پێکەوە، لاوو تازە هەڵچوو، خاوەن ئەسپ و تانجی و توولەو کەوی ڕاوی. بە هەموومان تفەنگێکمان هەبوو لە تفەنگی ڕاوی. ئەوسا قوتابی پۆلی شەشەم بە چاوێکی کە تەماشا ئەکران.. کە محامیەکانی ئێستا وا تەماشا ناکرێن.. دنیا زۆر گۆڕاوە.. هەریەکەمان بۆ خۆی خاوەن هونەرێکی تایبەتی بوو. "شاکە"ی دەنگ خۆش و گۆرانیبێژ، نالەی دەس ڕاست و نەچیردۆز "مەلە"ی گاڵتەو گەپ و فیلبازی "سمایل"ی بلوێرژەن.

زۆر جار شەوان پێکەوە لە ماڵی یەکێکماندا لەبەر چرا لایەیەکدا، کە چەند مۆمێک بوو لە ناو جامخانەیەکی چوار ڕوودا، بۆ خۆمان دەورمان ئەکردەوە، پاشان ئەمان دایە تانی گۆرانی و چا خواردنەوەو شەوچەرە خواردن. گەلێک جار هەر پێکەوە ئەنووستین.

هیچمان خاوەن ماڵ نەبووین لە ئاستی یەکتر هەر چەند ماڵ و حاڵێکی وامانیش نەبوو کە لێکمان جیابکاتەوە، یان نەبووین بە خاوەنی ماڵ؟! پێنج شەمو و هەینی، وچانی نیوەی ساڵ و وچانی هاوینان ئەچووین بۆ دێهاتەکان بۆ ناو خاڵوان و خوێشان.. ئەوسا خوێشایەتی زۆر گەرم بوو.. خەڵکی یەکتریان زۆر خۆش ئەویست وەفا هەبوو!.. کێ خاوەن ماڵ بوو. لە ڕاستی خوێش و دۆست و برادەر.. باخەکان پڕ میوەو کانیاوەکان پاراوتر و چیاکان پۆشتەتر، سەرتاپا دارستان بوو پڕ لە باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگ و نەچیری زۆر.. ئاە بۆ ئەو ڕۆژانە، ئەو شەوانە، بۆ ئەو کۆمەڵ و دەستە برادەرانە، بۆ ئەو گەشت و سەیرانانە کە لە تۆماری یاد ناچنەوە. کانیاوی دەشت و بیابانی وشک و سەختی ڕێگای ژیانن بەیادکردنەوەشیان هەست بە سروەی شادی ئەکەمەوە، بەڵام ئاهێکی پڕ بەناخی دەروونیش بۆ لە دەستچوونی یادی سەردەمی منداڵی و لاوی زۆر کاریگەرە. ڕیشەی قووڵە لەگەڵ گیاندا تێکەڵەو تامردن لەیاد دەرناچێت. نازانم بۆ هەر ئەوسەردەمە بە ژیانی خۆم ئەزانم و ئەم دوای بەهی خەڵک. ئێستە ئەڵێی میوانم. لە ماڵی خۆمان وەک میوان وام.

کەچی لە خاوەن ماڵی جاران زووتر ئەرک و پەژارە ئەبینم. وەک بارگیری مەدار سووڕی بێ دەستەڵاتانە ئەخۆم. هەموو سوڕەکانم وەک یەک وان. منداڵەکانی ئێستاش وەک منداڵەکانی جاران نین. ئەو یاریانەی جاران نازانن، نە سەیران و گەشت و ڕاو، نەگۆرانی بەسۆز، نەدڵداری گیانی بەگیانی، تا دڵداریش بۆ پارەیەو بە پارەیە. سووچی ئەمان نییە چەرخ گۆڕاوە. هەر لە پێرەوکەییەوە ئەکەونە ناو حەفەتی نان پەیدا کردنەوە، ژیان گران بووە باوک و دایک پیاراناگەن. خەرج و باج ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرتر بووە. بەرتیل و خاوە نالووالای ئەورووپا بە زۆر دەرگا بە پیاو ئەگرێ و ئەڵێ: "بمکڕە".. چاولێکەری... چاولێکەری ماڵی هەموومانی بە قوڕگرت. ئەوسا پۆلیس وا زۆر چەقاوەسوو و شەڕ فرۆش نەبوون. تا بەیان بۆ هەرکوێ بچووینایە کەس دەستی نەئەهێنایە بەر ڕێمان. بۆ هەرکوێ ئەچی پۆلیس بەدواتەوەیە. کێ ئەتوانێ بە تفەنگ و دەمانچە و خەنجەرەوە بگەڕێت. مەگەر بەگزادە و شێخ و ئاغاکان. ئەوسا هەرکات ئارەزوومان بهێنایە ئەمان کرد بە تەق و تۆق و نیشان نانەوە. ئێستە لەشار دەرئەچیت ناوت ئەنووسن، دێیتەوە ناوت ئەنووسن، میوانت دێ ناوی ئەنووسن، ئەچیتە میوانی هەر ناوت ئەنووسن، وەک هەموو پیاو خراپ بین!.

چ ژیانێکی خۆش بوو جاران. گڕی ئاگری داربەڕوو، گۆشتی برژاوی لە زمەدراوی مەرە کێوی و کەوو کەروێشک. نان و دۆو شانەی هەنگوێنی ناو پەلی داری سەرلووتکەو لاپاڵی چیاکان. بنەی ڕاوە کەو و پێش بەیان خۆگەیاندنە پاریزی نەچیر بە ماهی زەهردەوە.. هەوری لار و یار غەزال، نیگاری یاری لە دیدەو دڵ هەرگیز ون نەبوو، دووریش بووینایە هەروامان ئەزانی چاویان لێ مانە. گەلێ جاریش وابوو، سۆراخیان ون نەئەکردین، بە چەشنی پۆلیسی ئێستا ئاسمان و ڕێسمانە. تا لە شارەوە دیار بووینایە سەرپۆشی کەتان بەسەریانەوە با ئەیشەکاندەوە.

دەنگوباسی ئێمە لە ڕۆژنامەی سەرکانیاندا لە پێش هەموو دەنگو باسێکی کەوە بوو. شەوانی زستان کە شار تارای زیوینی ئەپۆشی، بەفر کلوکلو وەک فریشتە ئەهاتە خوارەوە، یان وەک کردگار شاباشی دڵپاک و پڕسۆزی ئێمە بکا بەدراوی تازە سکەی لە ڕەنجی کەس نەدزراو. شان بەشان بەسەر شەقامە نەسرینیەکاندا تێمان ئەچریکاند لە قەتار و هەوری لار..

سۆزی دەروونی ئێمە و تروسکەی چرای پەنجەرەکانی سەرکۆڵان کە جار جار تارماییەک خۆی دەرئەخست و بێگومان بە یارمان ئەزانی، بە جارێک لە ساردی زستانی بێدەربەست ئەکردین. نەسیخوڕ، نەیاساوڵ، نەپۆلیس و نەدڵ پیس ڕوونی و ڕەوانی ئەم شادییەی لێ ئەشلەژاندین.

لە گەشت و ڕاوا کە تووشی شوێن هەوارگە کۆنەکانی باپیرانمان ئەبووینەوە، هەستمان بە شانازی ئەکرد. شانازی بەو فەرمانڕەوایانەوە کە نیگار و شوێن دەسیان ماوەو ناچێتەوە.. نارام سین.. نازانم چۆن ئەوەندە دەس ڕەنگین بوو. بۆ ئێستا کەسێکمان تیا نییە پەیکەرێکی وا

بناشی؟! دیاره له ئێمه هونەرمەندتر بوون فەرهادیش سەنگتەراشێکی بێ هاوتا بووە. کوا ئێستا چیمان هەیە؟! چییان لێ هات؟ بۆ وامان بەسەرهات؟! ئاخۆ چەند بلیمەتی کەشمان بێ سەروشوێن بوون.

خاک، خاک هەموو شتێ قووت ئەدا.. ئەگەر شوێنی ئەوانمان بگرتایەتەوە ئینگلیز نەی ئەتوانی بۆمبارانمان بکا.. داگیرمان بکا.. چەرخ چۆن ئەگۆڕێ.. پیاو بەخۆی نازانێ، کاتێ ئەڕوانێ، هەموو شتێک گۆڕاوەو لە جاران ناچێ.. پیریش هەروا وردە وردە دێت جارێک ددانێک، ڕۆژێک موویەکی سپی هەر سالە لۆچێک، تا ڕەنگوڕوو سەرتاپا ئەشێوێنێت.. دەستە برادەرەکانی منیش بەم دەستوورە شێوا.. "تاڵە" چوو بۆ دانیشگای ئەفسەری، "بلە" بوو بە مامۆستای قوتابی، "شاکە"ی بولبلی شار چێت ئەپێوێت. منیش بە مردنی باوکم کۆڵی خێزانم بە قەرزێکی زۆرەوە کەوت بەسەرداو بە ناچاری بووم بە نووسەر لە دادگا..

ئەسپ فرۆشرا، تانجی خوێری بوون، کەو لەبن سالا کەوتن بێناز. ئەو ڕۆژەی خاوەن قەرز ئەسپە شێی لە دەرگای ماڵ بردە دەرەوە هەردوو چاوم پڕ بوون لە فرمێسک و هەناسەیەکی دووکەڵاویم بۆ هەڵکێشا وەک ماڵ ئاوایی لە ژیانی ڕابردووم بکەم.

ڕۆژ بارم گرانتر بوو. خەفەتی قەرز و گوزەران، کاڵە کاڵی ئامر، چەندو چوونی ئەم و ئەو. بووم بە مەئموور وەک جاران نەمئەتوانی بەسەربەستی و ئارەزووی خۆم بەسەر شەقامەکاندا بڕۆم، یان شەوان بگەڕێم لەگەڵ دەستە برادەرانا گۆرانی بڵێم، چونکە بۆ ڕۆژی دوایی تووشی پرس و حووتیرو توانجی ئامر ئەبووم. ئەبوایە سێبەرێکی ئەوبم و لەو قاڵبە تەسکەدا بژیم کە جەنابی خۆی تێترنجاندووە. قاڵبی فیزو لووت بەرزی. کە بووم بە ئەندامی یانەی فەرمانبەرانی میری ئەمزانی بۆ بووم.. هەر چاولێکەری بوو.. هەموو موچەخۆرێک ئەبێت ئەندام بێ. لە یانەش خۆم بە بێگانە ئەهاتە پێش چاو، تا ماوەیەک تەنیاو بێهاوڕێ بووم. هاوڕێ، هاوڕێی پێک و پەپازن منیش هێشتا فێر نەبوو بووم، تا بەزۆری شوێن و هاوسێتی بووم بە هاوڕێی پێک و پەپاز ئەوسا هاوڕێ زۆر بوون، بەڵام هەر بۆ ئەودوانە. زۆربەشی ژیانمان هەموو چاولێکەری و لاساییە. بولبولیش کە گوڵ وەری لەسەر چلی ووشکی درختەکان ئەخوێنی یا ئەگری..

منیش بەدیار پێکەکەمەوە جارجار ڕۆ ڕۆ بۆ یاران و جاران ئەکەم. بەرگی تازە ڕەوتی هەڵسان و دانیشتنی لێتێکدابووم. ئەبوایە وەک ئەفەندیەکان بجووڵێمەوە سەیرە لە سەراوە بۆ ماڵ لە ماڵەوە بۆ یانە. لە یانەوە بۆ ماڵ و بۆ سەرا. هەموو ڕۆژێک لە یەک کاتا بچم و لەیەک کاتا بێمەوە بۆ هەمان ژوور، هەمان کورسی، هەمان مێزو قەڵەم و فایلی ئێسک قورس، چاوم بەوسەرو سیمایانە بکەوێتەوەو گوێم لەو دەمە بێتەوە کە دوێنێ و پێرێ و هەزار پێرێ لەمەوبەر تووشیان بووم و بێزاریان کردووم، یانە و سەراو ماڵ فیلمێکی ئەگۆڕ، بە درێژایی ئەم بیست ساڵە. ئەگەر هەزار ساڵیش لەم ڕەنگە بژیم ئرخی ڕۆژێکی هەیە.

ڕۆژەکانم وەک نوسخەی نامەکانی سەرام وان، هەموو یەک چاپ و یەک مانان.

ئەمیان بۆ شەموو ئەویان بۆ یەک شەموو دووشەموو چوار شەموو.. وەک لەبن نوسخەکانەوە ئەنووسم بۆ فلان دایەرەو فیسار ئەفەندی.. ئەگەر خێزان نەبێ ئەم سەرئێشەیەم بۆچییە کە ژیانمی پێ ئەڵێن. ڕۆژ و هەفتە ئەبن بە مانگ و ساڵ و ساڵەها لەسەر یەک کەڵەک بوون تا خۆشی و خۆشەویستی و دۆست و برادەری گیانی بە گیانی لەبیر بردمەوە لە چەشنی لە بیر چوونەوەی خۆشەویستێکی جوانەمەرگ..

ئاه.. ئاه .. ڕۆژگار چەند بێبەزەییە، چەند دڵ ڕەقە.. بۆ وا ژیان گۆڕاوە.. منیش زۆر گۆڕام. جاران کەی وابووم و کەی ئەم بگرەو بەردەو سزایە هەبوو. لای خۆی جەژنە، تا ئەمڕۆ جەژنی ئەوروزە، کەچی لە دوێنێوە پۆلیس ژینی لە خەڵک تاڵ کردووە و سەر ڕێکاو کۆڵان و شەقامەکانیان بردۆتە دەست. بەلیس و تفەنگ و شەستیرەوە، بە کڵاوی ئاسنینەوە، بە چاوی زەق و پڕقینەوە خەڵکیان تۆقاندووە. بۆ نابێ لە پێنج کەس زۆرتر پێکەوە بگەڕێن، یان بوەستن. بۆ نابێ لە خۆرئاواوە تا خۆر هەڵاتن کەس لە ماڵی خۆی دەرنەچێ. سەیرانی چی. ڕابواردنی چی. هەموو شتێک یاساخە، دوێنێ ئەو کۆمەڵە لاوەیان لە نیوەی ڕێگا بە دەستی کەلەپچەوەو سەروگوێلاکی خوێناوییەوە گەڕاندەوە بۆ ناو زیندان. هێرشێکی کەشیان بردە سەر چایخانەیەک کە چەند لاوێک لەبەر خۆیانەوە گۆرانی ئەوروزیان دەوت. قۆری و پیاڵەو سەماوەر و کورسی و مێز شکێنران بەسەریەکداو بەسەر خەڵکەکەدا. گۆرانی یاساغ بێ. هەر کەسێک لەو دەورو بەرەشدا بوون بێ بەش نەبوون لە نوکەشەق و قۆناغە تفەنگ و حوێن. ئەی ڕێگایان بە جێیەکەی ئێمەش نەگرت. کە لەگەڵ قادر ئاغادا ئەهاتمەوە بۆ ماڵ، "مەڕۆن" یاساوڵە سمێڵ بابرە چاو زەردەکە لەگەڵ هاوڕێکەیدا بە تفەنگە سونگی دارەکانیانەوە وتی! "تارانن پاش خۆرئاوا گەڕان یاساخە، یەڵڵا بۆ پۆلیس خانە" گیان بە ئاغا بوو وازیان لێ هێنابێن.

تاوەک بێتاوانی سزادراو خۆمان پەلکێش کرد بۆ ماڵ. جەژنی چی، شاری چی، ژیانی چی، شار شینە و جەژن ژانە.

خوشک و دایک و خێزانی گیراوەکانیان دانە پۆلیسی لەبەر دەرکی سەرادا. دوو فیلمی کاریگەرن، ئەمڕۆ فیلمی ترس و تۆقاندن و ئازار و خەفەتباری جارانیش فیلمی بێ باکی و شادی و سەرفرازی.

ئەوسا ئازاد و ئێستەی گیرۆدەی سەد داو. ئەوسا بێ کارەبا و مۆبیلەو ڕادیۆ و ئۆتۆمبیل و ئاوی بۆری، ئاسوودە و بارسووک و ڕوون و ڕەوان وەک ئاوی سازگاری چیاکان، قاسپەی کەوەکان، سروەی بەیان. ئێستای لوولە تفەنگ و دەستڕێژی شەستیر و کەلەپچەو بگرەو بەردەی پۆلیس‌و زیندان. ئێستای ڕووناکی کارەباو تاریکی ترس و پەژارەی گیان. ئێستا کاس بووی دەنگی مەکینەو ئاگرو ئاسن و ئەوت بەلام کەڕو لاڵ و گۆج. کەڕو لاڵ بە جادووی قانوون، گۆج لەبەر زنجیر و زیندان. ئەوسا تافی لاوی و جوانی، ئێستەی دەمی پیری کە هەر ساتەو خەفەتێک و هەر ڕۆژە دەردێک.. من لەم دەریا بێپایانەی یادو لێکدانەوەیەدا بووم پۆلای کوڕم هاتە ژوورەوەو پاش دەمێک وەستان و بێدەنگی ووتی: بابە ئەوە بیر لەچی ئەکەیتەوە.

وتی بابەکیان بۆ تۆ ڕاستە کە جاران زەمانی خۆشی و شادی بوون، ژیانتان لا خۆشترو سادەو ئاسانتر بووبێ. تاریکی ئەوساتان لە ئەلەتریکی ئێستە لا درەخشانتر بێ، بەلام ئێمە کوڕی ئەم ڕۆژەین هی ئەم سەردەمە. ئەم بگرەو بەردەیەمان پێ خۆشە چونکە لە ڕێگای ئامانجێکی بەرز و پیرۆزدا ئەیکێشین، کە ژین بۆ هەموو کەس خۆشکردنە، بابە. ئەمڕۆ کارەبا هەیە، بەلام ها ئەوەتا گەلێک هاوسێ و دراوسێمان هەن هەر قوتیلەکەی جاران ئەسووتێنن، بەلام لە جاران زۆرتر دڵ تەنگ ئەکا، چونکە لە ماڵی هاوسێکانیاندا کارەبا ئەدرەوشێتەوە. سواریش وەک جاران خۆشی نادا بە دڵ، چونکە دەولەمەندەکان بە ئوتومبێل گەشت دەکەن.

ڕەزو باخەکانی جارانیش وەک جاران شەن و پاراو نین خاوەنەکانیشیان وەک جاران بەرچاو تێر نەماون، لەبەر باری قەرزی بازرگانەکانی شار، ڕەنگە خۆشیان دەمیان لە میوەکەی نەچێ، زۆریشیان لە دەس دەرچووە لە تەسویە و گەلێک باخیش لە ڕیشە دەرهێنراوە بۆ تووتن، چونکە پارە باشتر ئەکا.

ئێمە شاخ و کێوەکانمان هەر بۆ سەیران و ڕاو ناوێت، چونکە پڕن لە کانی بەنرخ و بێگانە لێی داگیرکردوین.

واتێنەکۆشین لە ڕێگای ئازادکردنیدا، لەبەر ئەوە دیمەنەکەشیان لێ یاساغ کردوین، بەلام هەروا نامێنێ. چاک ئەبێ و بە گوێرەی دڵی خۆمان چەرخ ئەگۆڕین.

ئەوسا سەیرانیش لە جاران خۆشتر ئەبێ و ئەلەتریکیش لە لامپا باشتر دڵ گەش ئەکاتەوە.

فەرموو بەرچایەکەت بۆ دانراوە.

مارف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٥دا ئەم چیرۆکەی نووسیوە و لە کاتی خۆیدا بلاو نەکراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٢ ئەدیب و ڕۆژنامە نووس (جەمال خەزنەدار) بۆ یەکەم جار بلاوی کردەوە. بۆ ئەمەیش بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ژمارە ٢، ساڵی ٢، مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢.

رۆڤار
ژمارە
٦٣
ڕیبەندانی
٢٧١٠
کوردی

نامەی سەرسنوور

زۆرتر دڵم بەلای ئەو لاوە خوێن گەرمانەوە بوو کە هەموو چەند هەفتەیەک بوو دەستیان دابووە تفەنگ و هێشتا چاویان باش نەکراوەتەوە لە شەڕی ناوشاخ و دارستان و لە فڕوفێڵی یاخییەکان شارەزانین.. بیرم لە نەوزاد ئەکردەوە کە لە سەرەتای مەشقی چەکدا کە بەکەم جار بو تفەنگی ئەگرت بەدەستەوە، بەشەرمەوە ئەیویست نابەڵەدی خۆیمان لێبشارێتەوە.. (فەرهاد)م هاتەوە یاد کە لەناو ڕیزی لاوەکانی هێزی بەرگری میللیدا وەستابوو سەری نەدەگەیشتە شانی- هاوڕێکانی. نازانم چۆن هەڵەی ناونوسەکانی دایەرەی ناونوسین بەفریای گەیشت کە بە هەژدە ساڵی نووسیبوو لەگەڵ ئەوەشدا پاش مشت ومڕێکی زۆر لەگەڵ ئەفسەری سەرکردەی هێزی بەرگری میللیدا، کە ئەم ئەیوت تۆ منداڵی ئەوەندەی تفەنگەکە نابی چۆن مەشقت پێ بکەم و، ئەو لەیوت نامن گەورم و لەهەمویانیش مەشق باشتر ئەکەم، و هەر ئەبێ یەکەم دەرچم، تا لە ناکاو سەرکردەی لەشکری دووەم هات بەسەرداو بە زەردەخەنەیەکی پڕ شادمانییەوە سەرنجێکی فەرهادی داو دەستی شۆڕکردەوە بۆ شانە بچکۆلەکانی، یەک دوو جار دەستی دایەوە بەناو شانیاو ڕووی کردە ئەفسەرەکەو بەتێڕوانینێکی مانادارەوە پێی وت: ئەم بەچکە شێرە وەرگرن...

هێشتا ئاهەنگی ڕۆژی نیشان شکاندنەکەم لە بەرچاو بوو کە (فەرهاد) گفتەکەی خۆی تیا هێنایە دی و هەر پانزە گوللەکەی لە ناوەڕاستی خاڵی نیشانەکە داو و بە یەکەم دەرچوو...

ئاحو ئێستە چوں وەک ئێرەکەو ئەم بەردو ئەو بەرد دەکا بەدوای دوژمن.. تۆبلێی تفەنگی باشی دەسکەوتبێ؟

دەرویش سمایلم هاتەوە بەرچاو، ئەو فەلاحە دەربەدەرەی دەشتی دزەیی کەبە دەست و برد ڕیشە تۆپەکەی لەمەکینەداو شان بەشانی کوڕەکەی ڕاست و چەپی ئەکرد لەمەشقاو بەپیرۆزترین فرمانی دائەنا چونکە بۆ پاریزگاری ئەو جمهوریەتەیە کە ئەم و هاوڕێکانی ئەگەڕێننەوە بۆناو کێڵگەکانی جارانیان..چاوەنوارم دوا هەواڵم پێ بگا بیکەم بە پەیامێک و لە ڕۆژنامەکەمان بڵاوی بکەمەوە.. لەسەر لاپەرەکەش بە قەڵەمێکی درشت بنوسم: چۆن یاخییە ناپاکەکانی سەر سنور لەناو بران؟ نامەیەک بێ دڵسۆزیو ئازایەتیی ئەم جەنگاوەرە ئازانەمان بە گەلی عێراق نیشان بدەم تیا، کەلەم کاتەدا بەوێنەی پڵنگی ئازاردراو پەلاماری چەتە شێتەکانی خاوەن ڕیشی ساختەو دوولاری ساغ ئەدەن.. ئاحۆ برا بارزانییەکان لە کام لاوە هەڵیان کوتابێتە سەریان؟..ئەو ڕۆژەی کە چووین بەپیریانەوە پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکە ڕاوەستێ لە دەرگاو پەنجەرەکانەوە سەرو دەستیان دەرکێشابوە دەرەوە، ڕوو بە پێکەنین و دەم بەهاواری شادمانییەوە ئەیان وت: تا دواتنۆکی خوێنمان بۆپاراستنی جمهوریەتەکەمان بەخت ئەکەین.

جمهوریەتی کورد و عەرەب.. تا.. دوا.. تن.. ۆک.. بەخ. ت..

کور.. د.. عە.. رە..ب..

ئەبێ حوشکە سۆڤێتییەکانمان بەهاری کوردوستانیان لاچۆن بێ؟! بە هەمەرەنگ دڵشادن بەم وڵاتە ڕەنگینە تازە ئازاد بووە کە بووەتە نیشتمانی دووەمیان، وڵاتی کوردەکانی هاوسەریان و ڕۆڵەکانیان.. تۆ بڵێی چووبنە شەڕەوە؟؟ هێشتا ماندویەتی یان دەرنەکردووە. چواردە ساڵ ئاوارەی، دووریی ڕێگەوبان، دەریا و دەریا.. تۆزی چۆڵ.. بیابانی عەردستان.. ئەگەر حۆیاییش ویستبێتیان برادەران بەیات هێنشووە..ئەوان بۆکوڕی مەیدانی ڕێ پیشان دانی کوشتوکاڵی نوێ لە کێڵگای کۆمەڵی هەرەوەزی و یارمەتی کاری فەلاحاندا، ئەو سەرمایەی زانیاریو شارەزاییە کەلە کولخۆزو سوفخۆزەکان کۆیان کردۆتەوە وەک دیارییەکی زۆر بەنرخ بۆیان هێناوین زۆرستەمە بەئاسانی بینێنە بەر ئاگری گوللەی ئاپاکانەوە...من لەم ڕاوێژەدابوم ڕانک و چۆغە لە بەرێک کردی بە ژوراو لەم خەیاڵەی ڕاپەڕاندم. پاش سڵاو دەستی کرد بە گیرفانیداو نامەیەکی دامێ لەسەری نوسرابوو: (لەسەر سنوری کوردوستانەوە، بۆ ڕۆژنامەی...) سەرنجێکی وردم لەسەر چاویدا، چاوی گەش و لێوی پاراوی و نرکەی دەنگی، هەموو مژدەی خۆشیان ئەدامێ، بەڵام دڵم ئاوی نەخواردەوە، وتم فەرموو دانیشە، خۆش هاتم کردو جگەرەیەکم بەپەلە بۆ دەرهێناو بۆم داگیرساندو دەستم کرد بەخوێندنەوەی نامەکە:

((دەستەی نووسەران.. براگەل وا لەم نامەیەدا ڕوداوی ئەم دووسێ ڕۆژەی بەینی خۆمان و یاخیەکانتان بۆ ئەنووسم.

لەنامەی پێشوودا نوسیبووم کە ڕەنگە بتوانم یەکێ لەسەرکردەکانی یاخییەکان پەشیمان بکەیتەوە لەو تاوانە ناپاکەی کە بەدەستیانەوەیە، بەڵام ڕیشی شێخ لە تفەنگەکەی ئەو بەکارتر بوو بۆ ئەو ڕەش و ڕووت و نەزانانەی کە گیرۆدەی داوی ڕیشن، تۆباڵی خۆیانمان خستە ئەستۆی خۆیان.. تومەز لەم کاتی گفت و گۆیەدا ئەوان ناپاکانە خەریکی خۆ دامەزراندن بوون لەدەوری ئێمە.

ئاگادارن کە چەکی باشمان پێنەبوو، چونکە هەر کەسە چی بۆ هەڵسوڕا لە یەک تیرو پێنج تیری سەردەمی عەبدول حەمیدو تفەنگی ڕاویی دەستکردی چەخماخسازی خۆمان هەر ئەوە بوو.

ئەمانە بێجگە لەو برنەوو شەست تیرانەی کە لەماڵی ئەو دەرەبەگە ناپاکانەدا بەرچنگمان کەوت. بەڵام فیشەکمان زۆرە هەر بۆشەو لێمانیان کردە دەسرێژ، سەراکەشمان زۆر ناتەواوە لە قوڕ دروست کراوە، پەنجەرەو دەرگای شڕو لەناوەڕاستی دێکەش دایە. چواردەوری دێکەش لوتکە شاخی بەرزە. گەلێک لە هاوسێکانمان دیوانەی داوی ڕیشی موبارەکەکەن دوو شەو بەچاکی خۆمان ڕاگرت بەرامبەر بە پەلامارەکانیان، هەر کە خۆرئاوا ئەبوو ئەیان کردە های و هووی شێتانە، وەک جانەوەر هەڵیان ئەکوتایە سەرمان، بەهەموو باوەڕێکیان وایان ئەزانی کە گوللەی ئێمەی لای ئەوان بەقەڵەم دراو، کاریان تێ ناکا، بەڵام بە کوێرایی چاوی ناپاکی گەورەیان دوو دوو ئەیان سمی. بۆ شەوی سێهەم فیشەکمان زۆرهاتە کزیو دەوریشمان وەک وتم ئەترا بوو. دەرباز بوون ئاسان نەبوو. بەهەمومان نەوەت فیشەکمان پێمابوو، لە شەڕو پەلاماردانی ئەم چەند شەوەدا برادەرێکی فەلاحمان گوللەیەک بەر ڕانی کەوتبوو، خوێنی ئەدەوەستایەوە، پاش تەقەلایەکی زۆر کەمێ هاتە وەستانەوە، بەڵام ئەبوایە ئەجوڵایەتەوە. تەنیا یەک فیشەکی پێ مابوو لەتاوە دەس ڕێژێکا لە کاتی پالامارداێکی توندو تیژدا دەستی کرد بەپاڕانەوە لێمان تا دەست بدەینە باڵی و ڕاستی کەینەوە تاڵە کونێکەوە تەنیا فیشەکەکەی ئاراستەی دڵی دوژمنی گەل و جمهوریەتی ١٤ی تەموری بکا.

ورد بوومەوە بۆ چارەسەرکردنی بێ فیشەکی و گەمارۆدراوی و دیار نەبونی هاواری بۆ ڕزگار کردنمان لەم تەنگ و چەمەڵەیە. کە سەرنجم دا وەستاندمان زۆر مەترسی تێدایە، چونکە زاڵ بوونی دوژمن بەسەر ئەو ناوچەیەدا نەک هەر لەناوچوونی ئێمەی تێدایە، بەڵکو سەرکەوتنێکی مەزنیشە بۆ دوژمن لەوانەیە ڕێگای بۆ بکاتەوە گەلێ هێزی بێگانەش بڕژێنێتە ناو سنوورە پیرۆزەکەمانەوە کە هەرگیز ئەمە لەمێژودا بەئاسانی ڕووی نەداوە بە تایبەتی لەم شاخانەوە. ئەزانی بۆچی، چونکە بەردو داری ئەم شاخانەمان برای هاوپشتی ڕۆژی شەڕمانن، بە چاوی خۆمان ئەی دینینەوە کە چۆن برایەکە لەپشت و لە پێش و بەسەرمانەوە، خۆی داوە بەسەرمان بۆ پاراستنمان لە تیری دوژمن. کە ئەم ناوچەیە هێزی بێگانەی تێڕژا کلکەکەی ناوخۆمانیش لە هەموو لاوە دەست ئەکەن بە

ارف بەرزنجی - پاریزەر جەبار پیروزخان

جوولە جوول.. ئەوسا مەترسی زورتر ئەبێ.. بو چارەسەر دوو ڕێگام بەیاد کرد کە ئەبوایە یەکێکیان هەر بچوایەتە سەر. یەکەم دەربازکردنی چەند تفەنگ چییەکمان بو خو گەیاندنە ئو هێزانەمان کەلە دەورو بەری ڕەواندز خویان داگرتووە، تاتێ یان بگەیەنبین زووبەزوو بگەنە فریامان بەپەلاماردانێکی لەپڕو بەتین بو سەر سەنگەری ئەم یاخییە شێتانەی دەورمان تاسەنگەرەکانیان پێ جێ بهێڵین و ئێمەش لە گەمارۆیان ڕزگار بین. ڕێگای دووەم ئەگەر هاتو یەکەم نەچێ ئەشاب داوام کرد لە سەرکردەی لەشکری دووەم بەهۆی ئەو بێ تەلەوە کە لەسەراکەدا هەبوو کە ئەگەر نامەی ڕزگاربونمان تا سبەی پێش خوراوا نەگەیشت، ئەوا ئەبێ شوێنەکەمان بۆمباران بکەن، تا لە جێگای ئەوەی بەدەستی دوژمن بکوژرێین، با دوژمنیش لەگەڵ ئێمەدا بەدەستی لەشکری خومان بکوژرێت و ئێمەش فیدای سنووری نیشتمان و شورش بین..

بو ڕێگای یەکەم کاک(م) کەبرا بارزانییەکمانە لەوانەی تازە گەڕاونەتەوە، لەگەڵ برادەری(ح) خویان ئامادەکرد، پاش کەمێک لێکدانەوە شانزە فیشەکمان بەهەردووکیاندا لەنیوەشەودا بۆی دەرچن ... هەندێ ... دوایان بیست بەلام زور دڵنیابوین لە دەرباز بونیان. کات بەکاتمان ئەژماردو گوێمان هەڵئەخست و چاومان لە چوارلای ئاسۆ نە ئەتروکاند تا بزانین کەی تەقە هەڵ ئەستێ لەپشت سەنگەری دوژمنەوە، تانیوەڕو هیچ دیار نەبوو، یەک دوو هاوڕێمان لە سوچی ژوورەکەدا بەکزییەکەوە دەستیان کرد بەشت نوسین، بەخەیاڵی خویان دوا نامە بوو بو کاس و کارو خوشەویستەکانیان. دەمێکی کەش تێ پەڕی لەسەر دڵ گران و لەبەر چاوتیژ، شتێکمان بەدی نەکرد. لەم ماوەیەدا زور بەحیساب تەقەمان نەکرد، بەنورە ناوبەناوو تاک تاک، تا نەگەشتایەتە مەترسی و مسوگەرمان نەکردایە کە دوژمن ئەپێکێ پەنجەمان سەر پەلەپیتکە نەدەخست..

لەناکاو لە سێ لاوە لە پشت سەنگەرەکانەوە تەقە دەستی پێکرد. هەموو پێکرا وتمان هاواری گەیشت، دووسێ برادەرە کر بووەکانمان لەهەمووان بەگەرمتر کەوتنە خوشی خوشی، خوێن هاتەوە ڕووی زەردهەڵگەڕاویان، هێزی بەرگری میللیو هێزی فەلاح گەیشتە فریامان و بەهەڵمەتێکی مەردانە چەتەکانیان لەسەنگەرە سەختەکانیان هەڵکەندو وەک ئاومالک لە پێش لافاوەوە بەرەو ژوور ڕوو بەڕوی شاخە سەختەکە ڕایان ڕفاندن. هێزی هاواری گەیشتنە ئاودێ، ئەڕوانم وابرادەر(ح) و هاوڕێ کەی لە بەرای هێرشەکەوەن، وام ئەزانی دەس ئەگرنەوەو لا ئەدەن، بەلام نەوەستان، هەر چەند هاوارم کرد کە شەڕ شەڕی سەری نەدیە وردیی زوری ئەوێت. ئەهەڵەشەیی نابێ چونکە شاخێکی سەخت و تەنیا یەک ڕێگای هەیە، لەم لاو لەولای ڕێگا کەشەوە دارو درەختی چڕو پڕو تەڵە بەردی زل زل هەن کەلە پەنای هەر بەردێکا دوژمن ئەتوانێ خوی لێ داگرێو دەستێکی کاریگەر بوەشێنێ، بەلام هاوڕێ(ح) وتی ئەبێ ماوەیان نەدەین ئەو

عارف نەرزنجی

ڕێکایەمان لێ بگرن، دواجار سەندنەوەی بەگران ئەکەوێ لە سەرمان، لە قسەی هەردوکمان هەریەکە ڕاستییەکی تیابوو.

کە ئەوان بێوچان ملیان پێوە نا ئێمەش دوایان کەوتین، لەدەمی خوراوادا لە بناری شاخەکە ڕووبەڕووی یەک بووینەوە، دەس کرایەوە بەشەڕ. هاوڕێ(ح) زۆر خۆی ئەکوتا بۆ پێشەوە. کاک(م) یش لێی دوور نەئەکەوتەوە وەک بەم ڕۆژە هاوڕێیەتییە زۆرتر چووبنە دڵی یەکترەوە. من زۆر دڵم لای(م) بوو، ئەم دەویست خۆی وابخاتە جێگای ترسەوە چونکە تازە هاتووەتەوەو خێزانەکەشی سۆڤیێتییەو تازە بۆبەرەیەکیان بووە، هەر چەند پاش چەندو چوونێکی زۆر ئەمجا خێزانەکەی وازی لە هاتن هێنا، چونکە خۆی ئامادە کردبوو کە شان بەشانی مێردەکەی شەڕبکا، ئاخری بەهۆی کۆرپەکەیەوە پەشیمانمان کردەوە لە نیازەکەی، لەم دوا دوای تەقەدا لە هەڵمەتێکا هاوڕێ(ح) و کاک(م) کە پێکەوە بردیانە سەر دوو چەتەی چاوو قایم و دەس وەشێن، گوللەیەک کاک(م) ی پێکا، زۆرمان پێ ناخۆش بوو، یەکێ لە برادەران لە کاتی هەڵگرتنیدا بەدەمیا هات وتی: براگیان وا باشتر بوو تۆ لەناو کشتوکاڵدا شەڕت بکردایە، فەلاحەکانمانت فێری ڕێگای تازە بکردایە لەجیاتیی تۆ زۆر هەین شەڕ بکەین،بەڵام هێشتا نیمانە لە کوڵخوزا شارەزایی لە کشتوکاڵ پەیدا کردبێ! کاک(م) بەدەم ئازارەوە وەڵامی دایەوە وتی،ئەگەر جمهوریەتەکەمان لە دووژمن نەپارێزین، لەکام کشتوکاڵ و بەکام فەلاح ڕێگای تازەیشان بدەم؟ مەگەر بیمەوە نۆکەری ئاغاکان و بۆ ئەوان کشتوکاڵ پەروەردە بکەم، بێ گومان ئازاری گو للە گەلێ خۆشترە دایکی تافانەکەشم لە وڵاتێک پەروەردە بووە کە ئاشنای ئەم چەشنە ڕووداوانەیەو دڵنیام ئەگەر مردیشم ئەو شوێنم چۆڵ ناکا، ئێوە خۆش بن با هەموو فیدای جمهوریەتی گەل بین.

بەم دوورو درێژییە ڕوداوەکانم بۆ نوسیین، چونکە زۆر بە درێغی ئەزانم ئەگەر نوختە بە نوختەی کردارو گفتارتان بۆ نەنێرم، چونکە لە ڕۆژی وک ئەمڕۆدا گفتارو کردار زۆر لەیەک نزیکن ئەوەی بەدەم ئەیڵێیت ماوە نییە کە بەکردار نەی کەیت، ئانا کردار پێش گفتار کەوتووە لای ئێمە، لەپاش سەرسنور پاک کردنەوە لە جرو جانەوەر دامەزراندنی هێزەکانی بەرگریی میللی لە سەرانسەری سنووردا دڵنیابن ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی دەس بدەمەوە چەکی قەڵەم تاڵەو گۆشەیەدا کە پێتان سپاردووم دەس بکەمەوە بەنووسین ئای چەند دڵم بەنوسینەوەیە،ئەوەندەی من بیری قەڵەمەکەم ئەکەم، مەگەر فەلاحەکانی هاوڕێمان ئەوەندە بیری داسەکانیان بکەن کەلەناو قایمەی گەنمەکانیان بەجێیان هێشتووەو چاوەنوارڕیانن، قاچم هێشتا ئازاری زنجیری نوگرەو باقوبەی پێوە دیارە، ڕاپەڕینەکانم بەدڵی خۆم نییە.

ئیتر بۆ پێشەوە.

سەرکردەی هێزی فەلاحان:ع))

ئەم چیرۆکە لە ژمارە (١) ساڵی دووەمی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦١ای گۆڤاری (ڕوناهی) دا بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە نوسیویەتی:(زۆرجار ڕووداو لە خەیاڵ پاراوترو بەررتر ئەبێ، ئەگەر نووسەر پارچەیەکی لێ وەربگرێت و لە چوارچێوەیەکی پوختدا چەسپی بکا. ئەمەش کردارێکی ئەدەبە)

رۆڤار

ژمارە
٦٣
ڕێبەندانی
٢٧١٠
کوردی

هارڤا بەرزنجی

جەژنێکی شادی

دەشتی چەمچەماڵ - سەیکاو ١٩٥٣

عارف عمر زەنجی

ئەمڕۆ شانزە مانگو سێ ڕۆژ بەسەر گرتنماندا تێپەڕی. ئەم ماوەیە، چەند ڕۆژێکی نەبێ، هەمووی لە ژوورێکا بردومانەتە سەر. کەسێک ئەماوە کە پێش ئێمە هاتبێتە ئەم زیندانەو ئێستا مابێتەوە، چونکە هەریەکە لەوانەو گەلێک لەوانەش کە دوای ئێمە هاوردویان، هەر کەسێک بە پێیی حۆی سزایەکی بۆ دروست کراوەو بەرەو زیندانێکی کە کراوەتەوە.

کاتێک ئێمەیان هێنایە ئێرە، بە گران جێگامان بۆوە. ڕەنگە ئەگەر ئێمەمانان نەبوویایە هەر بە پێوە لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا ڕابوەستایایە. لە ژوورەکاندا لەش بەسەر لەشدا کەوتبوون، لە پیشتیمان پەروەرانو دیموکراتی خوارانو کرێکارانو جووتیارانی خوارو ژوور، هەمە ڕەنگەت ئەبینی لە پارێزەر، پزیشک، ئەنداریار، مامۆستا، کرێکارو جووتیار، قوتابیو کاسپکار، تەنانەت دەرویشو حاجیش، تەمەن لە ژوور هەفتا سالانەوە تا خوار چواردە سالان چەند باوکو کوڕ بە کەلەپچەیەک ڕاپێچ کراونەتە ئێرە.

بەشی زۆرتریشمان بە ماددەیەک بە پاڵ دراوە کە سزاکەی خنکاندنە، لە ژوورێکی چوار بە پێنج مەتریدا بیستو دوو کەس تێک ترنجاین، بێ شوێن دیاری کردن، چونکە لە هەر لایەکەوە لەپێک شوێنت بەرچاو بکەوتایە ئەوە شوێنت بوو. کەسیش ئاگای لە پێلاو سۆڵی خۆی نەمابوو. هەر کەس چی بهاتایەتە پێش ئەوەی ئەوەی ئەکردە پێی. لەگەڵ تێک ترنجانەیشدا هەموو ئەیانگوت؟ لە عێراقدا زیندان لەم زیندانە چاکتر دەست ناکەوێت. لەسەر ئەمەوە هەر لایەک سەرگورەشتەی خۆیان ئەگێڕایەوە.

هەندێکیان ئەیانووت! ئێمە ((٣٨)) شەو لە ژوورێکا بووین کە هەر جێگای هەشت کەسی ئاسایی تێدا ئەبووەوە. بەڵام ئێمە ((٣٥)) بووینو ناچار بەم چەشنە ئەحەوتین!

لاقمان بە دیوارەکاندا هەڵئەسپاندو نیوەی لەشمان ئەخستە سەر ڕەوی ژوورەکە. لەسەر ئەوەشەوە گەلێکمان بە پێوە ڕادەوەستاین تا شەلو کول ئەبووین، ئەمجار ئەکەوتین بەسەر یەکداو لە ئارەقدا ئەتلاینەوە. خەو و لە هۆش خۆ چوون بە ئاسانی لەیەک جیا نەدەکرانەوە. ((شەترە))ییەکان ئەیان وت بە چەشنێکی کە ڕادەکشاین لە ژوورە تەنگە بەرەکەماندا، چۆن؟ دوان دوان لاقمان ئەکرد بەناو لاقی یەکترداو نەدەبوو حوولەش بکەین. برادەرانی ((موصل)) ە یەک شەو ئەم بەرمەیان تووش ببوو کە لە چەشنی حگەرەی ناوپاکەت لە ژوورێکی بچووک پەستێرابوون. لە هەڵمی ئارەقو هەناسەی ئەوانەی دیوارەکانیش عارەقیان کردبووەوو هێزی کارەبای لەتەلە ڕزاوەکانیەوە ئەدریو هەرسێکیان دەستی لە دیوارەکان بکەوتایە ڕای ئەچڵەکاندا پارێزەرێکی ناسراوو دەرکەوتوو لە مەیدانی قانوون نوسیندا کە ئەندامی کۆمەڵێکی جیهانیشە بۆ لابردنی سزای خنکاندن، ئەویش بە پیاو کوشتن تاوانی دراوەوە پاڵو گیرابوو لەبەر گەرماو هەناسەو هەڵم لەسەر خۆ ئەچێت. هەمووشمان زیندانی پۆلیسخانەی سەرامان دیبوو. کە لە ژوورە تاریکو ڕەشەکانیداوبە حەوشە تەشکەکەشیەوە شوێنی بێ یەک نەدەمایەوە تا ئەگەیشتە بەردەرکی ئاو دەستخانەکانی هەر حار حارەش چاڵی ئاو دەستخانەکان بڵقیان ئەداو لێشاوی پیسی ڕامانی ئەپەڕاند. گەلێک شەوان لەم بەرمە ڕووی ئەدا. شەوە گەرمەکانی بەعدا کە هەوا ئەوەستا هەڵمی ئارەق و هەناسەمان وەک تەمو دوکەڵ حەوشەکەی پڕ ئەکردو بەرز ئەبووە تا ئەگەیشتە لای پاساوڵەکانی سەربانو شپرزەیانی ئەکرد جاری یەکەم وایان زانی ئاگرمان تێ بەربووەو ئەمە دووکەڵە. لەبەر کەوتنە هاوار لێمان تا تێمان گەیاس ئەمە دوکەڵی هەناسەوەو ئارەقە نەک ئاگر! ئەمڕۆ ئەو هاوڕێیانەمان لە زیندانی چەند شارێکدان هەزاران ساڵی فرمانو فەرِ لەگەڵ خۆیاندا ئەتوێننەوە، پێکەوە لە کیسەی گەلو بشتمان ئەچن، چەند دەستەبەکیشیان لە ژووری مەرگدان. ئێمەو برادەرانی مۆڵو دهۆکیش چاوەڕێی نۆرەکەین ئێستە جێگامان زۆرە، لەبەر ئەوە هەرکەس شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، واتە لەسەر بەرەی خۆی ڕائەکشێو جێگای دۆشەکێکی پێ براوە.

پاکو تەمیزیمان تا ڕادەیەک فەراهەم هێناوە لە خواردنو حەوتنو شوشتندا. هەر پیرو نەخۆشەکانمان نەبێ هەموو نۆکەری یەکترین، لە چێشت لێنانو گسک دانو چالێنانو قاپو قاچاغ شووشتندا. خواردنیش پێکەوە، یەک عەمارو یەک مەنجەڵ و چون یەک لەبەشدا. لەبەر ئەم یەکێتیو هاوکاریو هاوبەشییە هەموو کەمتر ئەرکو زۆرتر حۆراکمان پێ ئەبڕێ بە چەشنێکی ڕێکو پێکیش. لەباتی ئەوەی هەریەکە ڕۆژی سێ جار چای لێ بنێو دوو جار چێشتو بکاو قاپ بشوا بێجگە لە وردە ئیشی کە، ئێستە پانزە ڕۆژ جارێک نۆرەی فرمانێکی بەر ئەکەوێت. یا قاپ شۆشتنو یان چێشت لێنانو بەس لەگەڵ دەستەیەکدا. میریش دەستی پیسەو پەڕۆی خستۆتە زیندانەکەمان چونکە بینایەکی زۆر کۆنەو میراتی عوسمانلییە. کە تازە هاتبووین هەر ڕۆژنا ڕۆژێک لافاویی کەنگاوی ئاوی ئاودەستخانەو نۆری ئاو پەنگی ئەخواردەوەو حەوشەکەی داگیر ئەکرد، تا ئەگەیشتە بەر دەرگای ژوورەکەمان. ئێمەش تا بۆمان ئەکرا حشتمان ئەکرد بە بەردە بازو بەسەریا هاتوچۆمان ئەکرد. کە لەوزەشدا نەدەما چاوی خۆمان ئەنووقاندو پێمان تێ ئەنا. ئێستەش حەوشەکەمان کۆنکرێت کراوەو زێرابەکەشی سار کراوە. بەڵام دەستی تەعمیر هەر ئەجووڵێ. وا لایەکی حەوشەکەمان لێ ئەسەنەوە چونکە ئەیکەن بە ژوور، ژووری کەیان زۆر پێویستە سێی کانوونی ئەوەڵی (١٩٦٠)ە. ئەڵێن جەژنە، جەژنی حۆشیو سەلامەتییە، بەڵام کرێکاران هەر وەکو جاران چەوو حشتو لم ڕائەکێشن، کۆنە ئەڕوخێننو تازە بنات ئەنێن بە وردی سەرنجی دەمو چاویانم دا تا برانم بارستی کەیفو حۆشی چەندە لەسەر ڕوویان؟ لە بێزاریو وەڕسی بەولاوە شتێکی کەم بەدی ئەکرد. وردە وردە کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیان و بەگاڵتە پێم ئەوتن ئێوە کرێکارن کەچی وا زیندانمان بۆدروست ئەکەن. لاوێکی ئەسمەری چاو ڕەشو ڕت لە ناویاندا وەڵامی دامەوەو وتی. کرێکار شت دروست دەکەن ئەوی دەستی لەسەر دادەنێ قاوی لێ دەبێ.

ئەم ژوورانە بۆ شتی کەش دروست ئەکەن. ئەوەتە لەولاشەوە ئەڕوخێنن کریکاریکی کەیان سەرنجی ڕاکێشابووم. پیریکی بەساڵا چووی شرۆل، ڕوومەتی لە تۆپێکی فشەوە بووی ئەکردو دەمو دابی کەلاوەیەکی ویرانی ئەهێنامەوە یاد. دەماری لاقەکانی ڕەق بوبون، زۆرتر لە لاقی دەست کردیان ئەکرد، لەهەنگاو هەڵهێنان کە تەکانی بە خۆی ئەدا تا خیرا تر بڕوا، ڕەوتی قەلە بابچکەی ئەهێنامەوە پێش چاو. پووزەکانی گرێ گرێ وەستا بوون، دیار بوو ئاوی قاچی داهاتبوو. پێیەکانی زل و پان لە تایەی پەنجەربوی ئۆتۆمبیلی ئەکرد، کە ئەینایە سەر زەوی

ڕۆژی پێشوو بە گوێتی چەوی ڕائەکێشاو ئەمڕۆ خشت. خشتەکانی سەر پشتیم ژمارد بیست و دوو خشت بوو، وەک ڕۆژی پێشوو هەڵی کوتایە سەر پاشماوەی دەستەیەکمان و دەستی کرد بەلستنەوەی قەرەوانەکە بەوسەرو ناوە سەمموونانەی لە دەوری فڕێ درابوون. کریکاریکی کەیان وەک پێی شەرم بێ و پاریزگاری لە ڕیزی خۆیان بکا هەڵی داین، ئەم کابرایە دەمی لە ماڵی خۆی ناچێ. سەیری کەن چەند شرۆلەیە. ئا بەم چەشنە چل پەنجا دیناری کۆکردۆتەوە. هەر خۆشی وەڵامی خۆشی دایەوە! چی بکا پیر بووەو بێ کەسە هەکا کەوت، کێ لێی ئەپرسێتەوە؟! برادەرێکی موڵلاویمان لە دوێنێوە خەریکی نووسینی دروشم و وێنە ساز کردن بوو. وێنەی سەرەک وەزیرانی لەتەک کاتژمێرە وەستاوەکەی زیندانەکە منەوە هەڵواسیبوو. ئەو کاتژمێرەی کە لەو ساوە هاتووم لەسەر دوانزە چارەک کەم وەستاوەو نەجوڵاوە. دوو دروشمیشی بەم لاوبەولایدا داکوتاوە ((بژی یەکێتی گەل و سوپا– بژی ئاشتی و دیموکراسی)) لەولاوە ژوورێکی کەبان ئەڕوخاند. حۆڵ و تۆزێکی زۆر نیشتبووە سەر وێنەو دروشمەکان مەگەر بایەکی بەهێز ڕای بماڵیبایە وا وردە وردە دەنگی ڕێ ڕوشسەکەی جەژنم دێتە گوێ. کوا دەنگی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان؟! لاوان، قوتابیان، یەکێتی کریکاران، ئافرەتان، ئاشتیخوازان! کوان ڕەوە کۆترە سپیەکانی پار کە ئاسمانی بەغدایان داگیر کردبوو؟ کوا دروشمی برایەتی کوردو عەرەب، دیموکراسی و ئاشتی! لەجێی ئەمانە دەنگێکی ناسازو ناهەموارم دێتە بەرگوێ، ((فەلەستین عەرەبیە، یسقط شیوعیە)) و هەواڵەکەی شەوم بیر کەوتەوە کە لە هەمان ڕادیۆوە بیستمان ((سێیەم کەشتی ئاسمانی سۆڤیەتی بەدەوری زەویدا ئەسووڕێتەوە کە ئەمجارە پێنج تەنە. پارچەی ساروخە تەقیوەکەی ئەمریکا مانگایەکی کوبی کوشت.)) ڕامان و دامانەکەم لە شێواوی ڕێ ڕۆیشتنەکەی ئەمساڵ لەچاو پاردا زۆری نەخایاند، دەنگە ناسازەکە کپ کراو دەنگێکی بە سۆزو بەتین هاتە جێی ((دیموکراتیەو سەلام)) ((سەنعین بیل میە، حوریە صەحافە وەتەنیە)) زۆرتر لە ڕادیۆکە نزیک بوومەوە، تا دڵنیا بووم کە ئەم جارەش دەنگی دیموکراسی و ئاشتی باڵی خۆی کێشایەوە بەسەر شەقامەکانی بەغدای خۆشەویستدا، وەک تیشکی خۆر پاش پەڵە هەورێکی ڕەش و تاڵ دنیای دەروونمانی ڕوون کردەوە. کە لام کردە باوکی غەنییەی شەهیدو جوانەمەرگی ئاگری پیلانەکەی ((شەواقم بینی)) وا ڕووە گرژەکەی گەشاوەتەوە زارە بێ دانەکەی زەردەخەنەیەکی شادی پێوەیە، وەک نەغەنییەی کوژراو بێ و نە چاوەنواڕی حوکمی ((ئیعدام)) بێ، لەو لاشەوە چەند برادەرێکی کە وەستابوون بەتەک ڕادیۆکەیانەوە، لەمانە چواریان برای شیرینیان شەهید کراوە لە ماوەی ئەم شەش مانگەی دواییەدا ئەوانیش ددانیان سپی ئەچۆوەو چاوەکانیان لە جاران تەڕترو گەشتر بوو. وەک مژدەیەکی خۆشیان لە ناکاو پێ درابێ. بە تیژی وەک فلیمێک ڕۆژانی سەختی ئەم ماوەیەم بە بەرچاودا تێپەڕییەوە، کە هەر ڕۆژە هەواڵێکی ناخۆشترمان بۆ ئەهات لە گرتن و کوشتن و سزاو دوورخستنەوەو ئازاردانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان ئەو ڕۆژانە جێژی خواردنێکی ئەدا کە بەزۆر دەرخواردی ئەخۆش ئەدرێت. کریکارە پیرە شرۆڵەکە لە لستنەوەی قەرەوانەکە بووەوە و هەستایە سەرپێ. ڕوویەکی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی. گلەیی کرد یا سوپاس. ئەمجا لایەکی کردەوە بەلای ئێمەوەو دوای هەندێ ئحم ئحم وتی ((ئەی خالۆ، هەژاران زوو نامرن. من بەم تەمەنە کورتەوە حەوت دەورو چەرخم دیوە. حەوت پاشا و میرم ڕەوانە کردووە)).

دەستی چەپی بەرز کردەوە بە دەستی ڕاستی کەوتە پەنجە نوشتاندنەوە ((عوسمانلی، ئینگلیز، مەلیک فەیسەڵ، مەلیک عازی، عەبدول ئیلا، نوری سەعید، فەیسەلە بچکۆلە، وا ئەمەشم دی.

خوا ئەیزانێ ئاخۆ چی کەش ئەبینم، ئحم ئحم هەی خالۆ دنیا بەری دوورە.زۆر جلوسمان دی. ئەڵێن جەژنە! کوا ئەم فەلسەفە سادەو ڕووتەی ئەم کریکارە پەڕپووتە زیندانەکەی لەبەرچاو فراوانتر کردم. وەک بینووسێتی بەم پەڕو ئەوپەڕی جیهانەوە، هەروەک بەستی بەرابردوو پاشەڕۆژیشەوە ئێمەش هەژارین ئەڕۆین بەڕێوە، زوو نامرین. لە منداڵیم کە باپیرەم حیکایەتی بۆ ئەکردم زۆر جار ئەی وتەوە ((ڕۆڵە تا هەژارێک ئەمرێت سەد دەوڵەمەند ئەمرن)).

(ئاخۆ چی کەش ئەبینم)ی کریکارە پیرەکەش هەر ئەزرنگایەوە لە مێشکما، ئاخۆ هەموو هەژاران چی کەش ئەبینن؟ چەند پاشاو میری دیکە بەرێ ئەکەن؟! هەژاران زوو نامرن. نامرن....

ئەم چیرۆکە لە ژمارە (٤)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ای گۆڤاری (ڕوناهی)دا بلاوکراوەتەوە.



پەیکەرەکەی
گاوڕباغی

دەمێک بوو بووبوون بە برادەری یەکتر، بەو بۆنەویەوە هەفتەی دوو سێ جار بۆ سەردانی ئەچووە بازاڕی قوریە. دوکانێکی بچووکی سەوزە فرۆشی، چوار پێنج سەبەتەو دوو سێ قیرتەبەقی کەوەرو توورپیاز و کولەکەو وبامێ و تەماتەی لەسەر هەڵچنراوە لە ناوەڕاستی کەمەری دووکانەکەیشەوە ترازوویەکی کۆن هەڵواسراوە، لەم لاو لەو لایەوە چەند سەنگێکی ڕەسمی لەگەڵ چەند خشت و کلۆیەکا... سەرمایەیەکی کۆن وەک خۆی ئەیوت بە زۆری قوڵ و زەبری چەندو چۆنیێی بژێوی ژیانی کوتو پچڕی لێ هەڵ دەهێنا. بە تایبەتی بەهۆی ئەوەوە کە بەشی زۆری سەوزەکانی بەری ئەو پارچە زەوییە بوون کە لە نزیک باخەکانی (تسعین)ەوە بە ئیجارەی گرتبوو. بە هێزی بازووە ئەستوورەکانی ولاقە درێژەکانی خۆی هەموو ساڵێ دای ئەچاندو ئاوی ئەداو ئەی چنی و تەنانەت بە کۆڵی خۆیشی بە شەڵتەو سەبەتە بەرهەمەکەی ڕائەکێشا بۆ دووکانەکەی.

سەردەمێک بوو ئەم دووکاندارە سەرنجی ڕاکێشابوو. ئازارو سەر ڕاست بوو. حەزی لە دزی و وازی نەدەکرد لەگەڵ کڕیارو فرۆشیاراندا. سەری بۆ شەڵتاغی پۆلیس‌و پیاوەکانی ناو بازاڕی شارەوانی دانەئەنواند، ئەگەر بەهاوسێیەکەشی زیان بگەیشتایە بێ دەنگ نەدەبوو زوو لەسەری ئەکردەوە، ئەگەر تووشی گێرەو کێشەی قۆڵغ‌و پۆلیسخانەیش بهاتایە. لەبەر ئەوەبوو بوون بە ئاشناو وردە وردە باسی تازەی بۆ ئەکرد، چەندێک (وسوو) باسی شتی تازەی بۆ ئەکرد، ئەویش هێندە تووشی ڕابوردووی خۆی ئەگێرایەوە، قسەی خۆش بوو چونکە زۆری دیبو، ساڵەها دەف زەن و دیوانەو کەللەوەشێنی تەکیە بوو، وەک خۆی و هاوسێکانی بۆیان ئەگێڕامەوە پرچێنکی لوو لوو خاوو چرو پرو شۆڕ تاسەر سێ بەنەی، بەلەسەر یەک پێ خۆ بادان‌و خولانەوە لە شەوی هەینی دا ناوبانگی دەرکرد بوو.

ئەو کارەی ئەم جۆش‌و خرۆشێکی کەی ئەدا بە حەڵقەی زیکرو بایەکی کەی ئەکردە پشکڵدانی خەلیفە (هەواس)و بایەخێکی کەی ئەدا بە ئوستادی گەورە، هەروەها زۆرتریش گوێ سوانەکانی دەوری حەوشی تەکیەی پڕ ئەکرد لە ژنان کە لە چەشنی پۆلە ڕیشۆڵەی ئێوارانی زستانی سەر لق‌و پۆپی دار بە دار بە گوێ بانەکانەوە هەڵ ئەتروشکان.

ئەم بوانایەی (مولَلا)ی برادەرم لای خەڵکی هیمەتی پیران‌و خەلیفە (هەواس) بوو. بەلام ئێستە خۆی باشی ئەزانی کە بێکاری و شەڵتە ڕاکێشانی ڕێگای (تسعین)و بازاڕ ئەم بەرەکەتەی بەلاق‌و شان‌و باڵی گەیاندبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هیوای پلاوێکی چەورو چایەکی سەنگینی مەولوودی پاش زیکری تیا بوو. چونکە بە دەگمەن ڕێ ئەکەوت شەوانی هەینی مەولوود نەبێ دیارە ئەویش لە سایەی خەوەکانی خەلیفە (هەواس)ەوە... خەوەکانی خەلیفە هەر بە حاجی‌و وەستاو دەولەمەندەکانەوە بوو... (ئەمشەو خوا بە خێری بگێڕێ حاجی بەکر جەنابتم دی لەناو گومەزی مزگەوتدا باڵت گرتووەتەوە بەرەو ئاسمان ئەفڕیت... ماشەئەڵلا. ماشەئەڵلا... سەلاوات لە پێغەمبەر، ئینشائەڵلا پایەیەکی بەرزت پێ بەخشراوە، جا مەولوودێکی پێغەمبەر بفەرموون بۆ ئەم جومعەیە).

(وەستا عەلی دیم ئەچووی بۆ حەج لە خزمەت شێخی مەرحومدا) (میرزا ڕەشید دیم مێزەرێکی سەوزیان لەسەر نای) بەم چەشنە زیکرو پلاو خواردن و چا خواردنەوەو حاجی و وەستا فڕین، وێنەکانی فلیمێک بوون. بۆیە پێکەوە ئەکەوتنە خەیاڵی هاوڕێکەم و هاوڕێکانی وەک (سەراو سۆفیلەر) پێکەوە بەستراون لەسەر زمانی کورد، هەروەهایش هەینی‌و زیکرو پلاوو چای سەنگینیش پێکەوە بەسترابوون لە مێشکی مولَلاماندا.

بێجگە لە تەکیەش لە شینی (حوسێن)داو لە زیارەتی کەربەلاو نەجەف دا ئەندامێکی دیاری و لە پێش بوو. بەهۆی دەف زەنی و دیوانەیی‌و تەکیەوە خۆی و کەس‌و کارە دووکاندارەکانی لە شەڵتاغ و دەست درێژی‌و شەڕ فرۆشتنیی گزیروفەرمانبەرەکانی شارەوانی تاڕادەیەک پاراستبوو. چونکە سەرۆکی شارەوانی کوڕی تەکیە بوو، بەهۆی شینی (حوسێن)یشەوە بێستانەکەی لە دەست درێژی خەڵکی (تسعین) دەپاراست‌و تۆزە ئاوەکەی بە زیادە وە پێ ئەدرا.

مووریدی شێخ‌و دڵسۆزی ئاڵ‌و بەیت بوو. دێوانەی باڵای شێخ بوو، بۆ نەجەف‌و کەربەلایش سەری پێوە نەبوو، کە خەڵکەکەی (تسعین) شوێنیان لە پێشەوە بۆ دابنایەو خەرجی ڕێگەشیی لە کیسەدا بمایاتەوەو ڕێزو قەدرێکی کەیش سەرباقی... چۆن ماچێ بۆ زیارەت، شارەزا بوون لەم کەین‌و بەینانە وەیان وەک خۆی ئێستە دانی پیادا ئەنێ‌و ئەڵێ ئەم فڕوفێڵ‌و حیلە و حەواڵانەو ڕاگرتنی تەکیەو حوسەینییە کە تەکیەو شارەوانی و بازاڕو حوسەینییە چونەو چەندیان بەسەریەکەوە هەیە. لەگەڵ ئەم هەموو هەڵپەو ئەم لاو ئەولا کردنەیشدا (مولَلا) هەر دەست کورت بوو. نە هوهوی شێخ‌و خەلیفە هەواس و نەزیارەتی کەربەلاو نەجەف بەرەکەتێکیان نەخستە دووکانەکەی‌و باریان سووک نەکرد.

ماشەئەڵلا و خەونامەی سادەو ساویلکەیو ژنانیش نانێکی بۆ ئەم تیا نەبوو، سەرگێژ بوونی ئەم پیتی بە باخەڵی شێخ‌و خەلیفە هەواس‌و ئەگەیاندو زیانی بە خۆی. پلاو خواردنی تەکیەو نانە چەورەی ڕێگەی کەربەلاو نەجەف بە ماڵ و منداڵ‌و خێزان چی؟ ئەگەر بەشی دوو پارووی لە دووکانەکەی دەس کەوێ ئەوە ماڵەو ئەوە نانە کە لەگەڵ قەدەو حوسەی پیرەوکەو خێزانەکەیدا بیخواو کراس‌و پێڵاوی تازەیان بۆ بکڕێ و خەرجی ڕۆژانەیان بخاتە دەس. بۆیە وردە وردە خۆی لە تەکیە کێشایەوەو بەچەشنی جەنگاوەرێکی دەورە دراوی ڕێ لێ تەنراو، بەلام ورە بەرنەداو بە چوار دەوری خۆیدا ئەڕوانی بۆ ڕێگایەک؟، بۆ چارێک لە دەست گرانی، لە دەست پارەی نان‌و نانەواو گۆشت‌و بازرگان و کراس و کەواو پێڵاو و سووتەمەنی، بە تایبەتی ساڵەکانی جەنگی دووەم و گرانی تەنگی بە هەژاران هەڵ چنیوە. لەم ماوەیەدا کە خۆی لە تەکیەوە حوسەینییە ئەدزییەوە کابرایەکی تری تووش بوو بوو کە بەکیمیاگەر ناوی دەرکردبوو، خەڵکی بە ناوی (سەیدە ئەفغانییەکە)وە ناویان ئەبرد. مێزەرێکی چێویتی‌و چاوێکی

ڕەش کراو بەکڵو ڕیشێکی سوورو ڕەشی بە شانە کراووریک ڕیزە دانێکی سپی لەگەڵ تاکە دانێکی ئاڵتوندا، کەم دوو، کەنار گرتوو، لە کوری خەڵک، لە ژوورێکی تاریکو دوو دیودا کە دیوەکەی تری کەس نەی دیبوو. ئەمو ئەو سەدان حیکایەتی خەیاڵی یان لێ دەگێڕایەوە... ئەم کابرا بێکەسو بێکارە چۆن گوزەران ئەکاو بەچی ئەژی؟

ئەبێ کیمیاگەر بێ، ئەوەتا دانێکیشی ئاڵتوونە، تۆ بڵێی ئەو ئاڵتوونە نەبێ کە خۆی دروستیان ئەکا... ئەڵێن بە جادو کاغەز ئەکا بە بانکە نەوت. ئەڵێن لەهەر جێگایەکدا خەزنە هەبێ ئەتوانێ بە زەبری جادوو بیدۆزێتەوە و تەلیسمەکەی بشکێنێ... ئەڵێن جادووی وا ئەزانێ جۆ بە دیوارا سەر ئەخاو ژن و مێرد لێک جیا ئەکاتەوەو و دوژمنی باوەکوشتە ئەکا بە دۆستی گیانی بە گیانی.. دڵی حاکم نەرم ئەکاتو چاوی بەدکار کوێر ئەکاو زوزبانی ناحەز ئەبەستێ. بەم بەندو باوانە خەڵکێکی زۆری تێ ورووژا بوو، هەر کەس لە پەنایەکەوە خۆی ئەگەیانێو بە چرپە دەردی دڵی خۆی بۆ ئەکردەوەو بە ترسو لەرزەوە سەرەتاڵی داخوازی و مرازی خۆی ئەدا بە دەستو ئەویش باش ئەم هەلەی لە دەست گرتبوو. هەموو وەڵامەکانی بە پێنج پەناو قسەی توێکڵدار ئەدایەوە، تا هەر کەسێ بە پێی ئارەزووی خۆی لێکی بداتەوەو گومانیان لێ بێ بە ڕاستی.. دڵی کەسی نەئەشکاندو حواستی کەسی نەئەدایە دواوە، بەبزەو چاولێکنانو دەست بە ڕیشو تەسبیحە درێژە نەرجیلەکەی دا هێنان کاتێ لەگەڵ خەڵکە سەر لێشێواوەکانی دەردی گوزەرانو ژیانی گرانی ئەبردە سەرو خەڵکی فریو دابوو. (موڵلا) ئەمیشی تاقی کردبووە. بە هیوای ئەوەی نوسخەیەکی کیمیایی پێ فێر بکا، یا خەزنەیەکی پیشان بدات... بیستبووی لە خانووە کۆنەکەیان دا خەزنەیەک هەیە، داپیرەی ئەم حیکایەتەی بۆ کردبوو، بەڵام تەلیسمێکی گەورەی لەسەرە، پاش هەندێ هاتووچۆو دواندن زوو تێگەیشت کە نە کیمیاگەرەو نەجادووی بەکاریشی پێیە، هەموو قسەکانی لە قسەی خەلیفە هەواسی خۆیان ئەکاو چاوەکانی شتی تریشی تیا بەدی ئەکرێ. لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە ئەمە (جاسووسە) بۆیە ئەم خایالەیشی واز لێ هێنا.

تا لەم کاتەدا بوو کارەساتەکەی گاورباغی ڕووی دا، (وسو) ناسیاوی لەگەڵدا پەیدا کردبوو. ئەم هاوڕێ یە کرێکارێکی هوشیارو وریا بوو لە ناو کرێکارەکانی نەوتی کەرکوکدا، هاوسێیەکی پەسەندیشی هەبوو لە گەڕەکەکەی (موڵلا)دا، وسوو بە هەموو هێزو توانایەکییەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا خەریکی پێک هێنانی نەقابەی کرێکارانی نەوت بوون، بەو هۆیەوە کە بەشی زۆری خێزانی گەڕەکەکە کەسو کاریان هەیە لە ناو کرێکارانی نەوتدا، لەبەر ئەوە دەنگ و باسی نەقابەو خواستی کرێکارانی نەوت لەگەڕەکو ماندا زوو بڵاو دەبووەوە. زۆر بە دڵ گەرمیشەوە خەڵکی شارو گەڕەکو بازاڕ گوێیان بۆ باس و خواسی جوڵانەوەی ئەم کرێکارانە هەڵدەخست، بۆ سەرکەوتنیان ئاواتیان ئەخواست بۆ سەرنەکەوتنیشیان خەفەت بار ئەبوون، پاش تەقەڵلایەکی مەردانەو هاتوچۆو ماڵەو ماڵو گەڕانو شەونخونیو یەک بەیەک ناسینو دەردی خۆ بۆ یەک کردنەوە بوو لەناو کرێکاران دا کە هەر یەک بە زمانی جیاوازی خۆی، بەڵام بە یەک مانا دەردەکانیان بۆ یەک هەڵدەڕشت. سەرنجت بدایە بە کوردی و تورکمانیو عەرەبیو ئاسووریو ئەرمەنی دەدوان، هەر ئەمانە بوون ڕۆژی دوانزە سەعات ئیش کردن هێزی لێ بڕیبوون، ڕۆژانی هەینی ئەبێ پارەمان بدرێتێ، بەرز کردنەوەی ڕۆژانەو پارەی هاتوچۆو خانوو بۆ کرێکاران، دانان بەنەقابەکەماندا و پرس کردن بۆ هەموو کاروبارێکی کرێکاران.

بەشی زۆری کرێکاران دەنگیان کرد بەیەک، ئەو شەوەی کە ئەم خواستانەیان خستە سەر کاغەزەکە بۆ ئەوەی بەیانی بیدەن بە کاربەدەستانی کۆمپانیا، جمو جۆڵو خرۆشێکی ئەوتۆ کەوتە شارەوە مەگەر هەر لەیەکەم شەوی جەژنی ڕەمەزاندا ببینرێت، پاشان مانگرتنو خۆپیشاندانەکانیان و کۆبوونەوەکانیان لە گاورباغی کە سەرانسەر میللەت بە گەورەو بچوکو ژن و پیاوەوە لە پشتیانەوە ئەوەستان و دەورەیان ئەدانو بە چاوێکی دڵسۆزانەوە تەماشایان ئەکردنو گوێیان بۆ وتارو هاوارەکانیان هەڵئەخست. خوێندەوارەکانیش دروشمەکانیان بە دەنگی بەرز بۆ خەڵکەکە ئەخوێندەوە. (بژی یەکێتی کرێکارانی نەوت، بژی یەکێتی کرێکارانی گەل، بژی برایەتی نەتەوەکانی عێراق، بژی نەقابەی کرێکارانی نەوتی کەرکوک، ڕۆژانەی تەواو، دەرنەکردنی کرێکاران بە ئارەزوو) تا ڕۆژی (١٢)ی تەمووز پۆلیسەکانی میری بە سواری مووسەللەحەوە هێرشیان بردە سەریانو ئەو کارەساتە خوێناویەیان دروست کرد کە لە بیری (موڵلا) ناچێتەوەو کارێکی تەواویی لە دەروونی کرد. دەستی نایە پرچە نازدارەکەی کە دوا نموونەی تەکیە بوو بە باڵایەوەو بە یەکجاری مەکینەی سێ نمرەی تێ نا. هەموو جارێک کە ئەم کارەساتەی بیر بکەوێتەوە ئەم دیمەنانەی بۆ (وسوو) ئەگێڕایەوە کە بە چاوی خۆی دیبوونی... تەپو تڵو گلۆلە بوونی ئەو ژنو منداڵانەی بەدەم سمی ئەسپی پۆلیسەکانەوەو گیان دەرچوونی کرێکارێک لەسەر دوو پەلی زەیتوونێک لە زەیتوونەکانی گاور باغی کە تا یەک دوو بارانیش هەر خوێنە ئاڵەکەی بەسەر گەڵا سەوزەکانی زەیتوونەکانەوە مابوو. (موڵلا) تا بەینێک هەموو ئێوارەیەک ئەچوو بۆ سەیری ئەو دارەو تێر ئاخو داخی هەڵ ئەکێشاو بەدڵێکی پڕ لە قین تووڕەییەوە ئەهاتەوە بۆ ناو شارو ڕووی ئەکردەوە چایخانەی گەڕەکەکەیان چاوەڕوانی (وسوو)ی ئەکرد تا بێو بە قسە نەرم و نیانەکانی باسی چاری ئەم دەردانە بکاتو ڕێگای ڕزگار بوونی بۆ بدۆزێتەوە. قسەکانی (وسوو) وەک تەلیسم وابوون بۆ گرێی خەفەتی دڵی (موڵلا) بە وردیو لەسەر خۆی کام خەفەتو داخ لای (موڵلا) ڕەق بایە ئەو ئەی توانەوەو ئاسۆیەکی سامالو ڕووناکی ئەخستە پێش چاوی. ئەگەر کرێکارانو جەماوەری دڵپاکو ئازادیخوازانی میللەت یەک بگرن و پێکەوە ڕوو بکەنە جەنگی دوژمنی هەمووان کە ئیستیعمارو کۆمپانیاکانی و نۆکەرەکانیەتی بێگومان بە ئاوات ئەگەین کە سەربەستی نیشتیمانەو

عارف قەزازیانی

ژیانێکی بەختەوەرییە بۆ کرێکاران و هەژاران.
ئەبێ دۆست و دوژمن لە یەکتر جیا بکەینەوەو بیان ناسین، پیاوەکانی کۆمپانیا کێن و کێ دۆستی کرێکارانە، بە چاوی خۆمان دیمان کێ بوون ئاوا لە کاتی جەنگ و خەباتدا دۆست و دوژمن دەرئەکەوێت...
سەربەستی و ئازادی نیشتیمان لەوەدایە کە جوتیارو کرێکارو کاسبکارو بازرگانی نیشتیمانی ئاسوودەو کامەران بن. نەک تاج و تەخت بۆ یەکێک و دەست و پێوەندەکانی بێت و دەردو ئازارو نەبوونیش بۆ ملیۆنەهای گەل. بێ تێکۆشان و لە خۆ بوردن کەس بە مراز نەگەیشتووە. بەڵێ کرێکاران شەهید کراون و زۆربەیان بریندارو گیران و دەرکران بەڵام خۆ بە چاوی خۆت دیت چۆن کۆمپانیا کلکی نایە خەت و گەلێ لە داخوازییەکانی لێ سەندرا. بە خۆپیشاندان و یەخەگرتنی بەهۆی یەکێتی کرێکارنی نەوت و چاو نەترسی سەرکردەکانیەوە کە نەبە پارەو بەرتیلی کۆمپانیاو نە بە هەڕەشەو گوڕەشەی پۆلیسی میری سەریان شۆڕ نەکردو لە داخوازییە ڕەواکانیان بەهاتنە خوارەوە.
خۆگەر بهاتایەو سەرجەم میللەت تەنیا بە سەیر کردنمانەوە بەوەستابایەو و بهاتنایە پاڵمان ئەوسا باشتر بە سەر دوژمنی هەموانا زاڵ ئەبووین... ئێمەیش ئەبوایە کەم کردنەوەو هەڵگرتنی باج لەسەر دوکاندارو بازرگانامان بخستبایەتە پاڵ داخوازییەکانی کرێکاران... ئەوسا باشترو ڕێکوپێک تر پشتیوانی یەکتریمان ئەکرد، چونکە تاقە کرێکارێک ناتوانێ یەخەی کۆمپانیایەکی گەورە بگرێت بۆ مافی کرێکاران و تەنانەت بۆ ئەوەی مافی کرێکاران بێتە دەست ئەبێ میللەت پشتیان بگرێت، مافی خۆیشی، بۆ میللەتیش پشتیان ناگرێت، ئەگەر سوودی ئەوانیشی تیا نەبێ. واتە مافی ئەو دوای مافەکانی سەرجەمی گەل، وەک زەوی بۆ جووتیارو کاسبکاران و بازرگان یەک ئەگرن و بە ئاسانی زاڵ ئەبن بەسەر خوێن مژەکانیدا. ئەوسا کەلاوەکەی من و تۆیش تازە ئەکرێتەوەو منداڵەکانیشمان پێ خاوس نابن، وەک منداڵی کاربەدەستانی کۆمپانیا ئەچنە خوێندنگاو تۆیش فرمانێکی خاوێنت پێ ئەبرێ کە شایەنی ئەم دەستو بازووەو ناوچەوانە پاکە بێت.
دیارە لەوەیش ئاگاداری کە لە پڕێ کەس نابێ بە کوڕێ، هەموو منداڵێکیش تا زۆر جار هەڵسوکەوت نەکا پێ ناگرێ، بەڵام گەر سەرلوتیشی لە چەند لایەکەوە بشکێ بەدەم کەوتنەکانیەوە ئەکەوێتە سەرپێ و باز ئەداو ئەبێ بە مرۆڤێکی تەواو ئەگەر پەروەردەی بازووەکانی خۆی بکات. تۆیش لە منداڵیتا یەکسەر بێڵ کاری و شەڵتە ڕاکێشانت پێ نەدەکرا، بەڵام پاش ماندوو بوون و ئارەق ڕشتن و قاچ و قۆڵ بریندار بوونی چەند جارە ئەوسا بووی بەو پاڵەوانەی کە بە ئەندازەی سێ کەس بێڵ کاری ئەکەیت و بەجووت سەبەتە سەوزە لە (تسعین)ەوە دێنیتەوە بۆ دووکانەکەت.
ڕەنگە نەزانی زۆر لە بازرگانە سیس و ڕەنگ زەرد بووەکانی سێبەری دووکانە پۆشتەو پەرداخەکانیان و دڵ تەنگی قەرزو قۆڵەو هەڵپەو پەلەپرووزەی زووتر دەوڵەمەند بوون، سەریان لە هێزو چالاکییەکەت سوڕ ئەمێنێ و لایان وایە ئەمە هەر لەسکی دایکتا ئەو توانایەو بەهرەیەت پێ درابێ، هەروەک دەوڵەمەندییەکەی خۆیان بە بەهرەو چارەونووس ئەزانن. شتێکی تاقیکراوەیە کە جووڵان لەش و دەمارو بیر بەهێز ئەکا، دانیشتن و نەجووڵان لەش و بیر ئەرزێنێ و سستیان ئەکا. بەم چەشنە







مارف بەرزنجی لەگەڵ پاریزەر جەبار پیروزحان - کەرکووک / نەوروز ١٩٥٧

جوولانەوەی کریکارانو نیشتیمان پەروەرانیش بە تیکۆشان پەرە ئەسینێو بەهێز ئەبێ، بەنەحوولانیش ڕوو ئەکاتە کرێو ئەپووکێنەوە..

-کاکە (وسوو) کەی تۆڵەی ئەو شەهیدانەمان ئەسێنین؟ و چۆن؟

-هەر کاتێ لەشکری بیگانەو ئۆردوگای ئەوانمان لەوڵات دەرکرد، حکومەتێکی نیشتیمانپەروەرمان بە ئارەزووی بەشی زۆری میللەت هەڵبژارد، ئەوسا تۆڵەی ئەو شەهیدانەمان کردووەتەوە. ئەوسا گیانی پاکیان شاد ئەبێ و ناوی پیرۆزیان ئەژێتەوە.

-من ئەڵێم بۆ هەر شەهیدێک پەیکەرێک دروست بکەین لەناو باخەکەی (گاورباغی))دا.

-پەیکەریشیان بۆ ئەکەینو ئاواتەکانیشیان بە تەواوی دێنینە دی

-ئاخ تێ نەگەیشتوومان زۆرەو هەر چەند ئەکەم لەسەد دوانم بۆ نایەتە سەر ئەم بیروباوەڕە پوختەیە.

-واز لە بیری کۆن هێنانو باوەڕ بە بیری تازە کردن کارێکی ئاسان نییە. تەنانەت گوێزانەوە لە کەلاوەیەکی شڕی پەکەوتە کە ساڵەهای ساڵ تیا ژیابێ بۆ خانوویەکی خۆشتریش، ئارەزوویەکت پێ جێ دێڵێ بەلای کەلاوە شڕەکەتەوە چونکە یادداشتی سەردەمێکی دوورو درێژی مرۆڤی تیایە، بەڵام گەر بێ وچان بە دڵ تێ بکۆشین لە ئەنجام دا زۆربەی دێتە سەر بیروباوەڕی ڕاستو ڕەوان، ئەو کەمەیشی کەماوە هەقی خۆیەتیو کە زۆربەیش لەسەر ڕایەک بوو ئەوانیش چاریان ئاسانە.

ساڵەها تێپەڕی و چەندان کار ڕوویان دا لە هەڵسوکەوتو سەرکەوتنی بچووک لە بچووک زلتر، کشانەوەو تێشکانو لە تێ شکان سەخت تر، چەندان هاتن و چوون. زۆری وەک (وسوو) کەوتو گیراو کوژراو چەکی فڕێدا بەرانبەر بە دووژمن. چەندانی وەک (وسوو) هاتنو چەکیان هەلگرت، کۆمپانیا هەزارو یەک فرۆفێڵی خستە ڕوو لەگەڵ کریکارانو میللەت داو جوولانەوەی کریکارانو نیشتمان پەروەرانیش هەزاران سزاو ئازاریان چەشتو هەزاران دەرسیان وەرگرت لەم ڕێگا دوورو سەختو پڕ بەرزیو نشێوی دڕکو داڵ و دڕندە. چەندان ڕاپەڕین ڕووی داو نسکۆی بە ئیستیعمارو پیاوەکانی ئەداو خۆیان ئەگرتەوە تا چواردەی تەممووز کە بە یەکجاری چۆکیان پێ ئرایە زەویو چەندانی وەک (وسوو) زاڵ بوون.

پاش ماوەیەک (وسوو)و (مولڵا) چاویان بەیەک کەوتەوە بەڵام هەردووکیان وەک دوو جەنگاوەری نەبەرد کە لە جەنگێکی بێ ئامان و بەسەر بەرزی گەڕابنەوە ناو کەسو کاری خۆیان. (وسوو) لە زیندان ڕزگاری بوو، (مولڵا)یش لە دەربەدەریو خۆشاردنەوە لە دوژمن.

-کاکە (وسوو) بەڵێنەکەمان بەجێ نەهێنین؟

-بەڵێ-کامیان؟

-پەیکەرێ بۆ شەهیدەکانی گاورباغی.

-ئەوە بە تەنیا بەبڕیاری منو تۆ نابێ ئەبێ بیکەین بە پێشنیارو پێشکەشی نەقابەی بکەین.

-باشە ئەمشەو.

گفتوگۆ لە نەقابە ڕۆژی (١٢)ی تەمموز لە(کەرکوک)، ئیجا دەستی ئەدا بەدەستاو ئاخێکی هەڵ ئەکێشا(کەی تۆڵەی ئەسێنین)و لەسەر (تەپەی مەلا عەبدوڵڵا) پەیکەرێکی شۆخ بۆ شەهیدان دروست بکەین کە لە هەموو شارەوە دیار بێت؟

بەڵام (وسوو) ئەیوت پەیکەری کریکار ئەبێ لە ناو جەرگەی شاردا دروست بکرێت نەک لە دەرەوەی شار. دەرەوەی شار بۆ پاشاو میرو سەر لەشکر باشە، جێی کریکار ناو جەرگەی میللەتە.

ڕۆڤار
ژمارە ٦٣
ڕەشەمەی ٢٧١٠
کوردی

شەتڵ

لە ڕێگایەکی دوور ئەگەڕامەوە، موورەغەی پشتم لەبەر دانیشتنی زۆر لە ناو جێبەکەدا ژانی ئەکرد، تۆزی ڕێگا ڕەنگی پرچ و برژانگ و سمێڵی وا کوڕی بووم کەبەئاسانی نەئەناسرامەوە. گەیشتمە شاری (ت) هێشتا ئەبوو سواری ئۆتۆمبێلێکی تر ببم تا بگەمەوە ماڵ. زۆری نەخایاند ڕێبوار ژمارەیان گەیشتە شەش. ئەمجارە دەڵاڵەکە چەند یاڵڵە یاڵاێکی بە دەنگە دڕاوەکەی کردو خستیانیە پەلەو پەرۆزەی سواربوون و جێ گرتن. من و ئەفەندییەکی کەمێک ڕێک و پێک لە پێشەوە و ئەفەندییەکی حاکەب و پاسوڵ کرژولۆچ بووی دوورە نونو لەگەڵ سێکەسی کە لە پشتەوە بێک ئرنحابی. هێشتا لە شارەکە زۆر دوور نەکەوتبووینەوە هەردوو ئەفەندییەکە لەگەڵ یەکدا کەوتنە گفتوگۆ لەسەر نامەیەک کە بەدەستیانەوە بوو، ئەوی پشتەوە وتی:

ئەم فەرمانە بۆ ئێمە ناڕەوایە، چونکە لە پاش حەفتەیەکی کە لێ پرسینەوە کۆتای دێ، بۆچ سەرانسەری مانگی حوزەیران وەک حاجی لەق لەقی بەچکە لە هێلانەدا نەماو بە دیار قوتابخانە چۆڵ و هۆڵەکانمانەوە بمێنینەوە؟ خۆزگە ئەیانزانی ئێمە لەم کوێرە دێیانەدا چ دەردێک ئەکێشین، هەرچی تۆ حەزی لێ بکەیت دەست ناکەوێ.

ئەفەندییەکەی تەنیشتم وەرامی دایەوە:

–ڕەنگە بیانەوێ ئەو چەن کەسە پاراگەندە کراوانە ماوەیەکی تریش بمێننەوە تا ئاژاوەو بیری بۆگەنیان لە ناوا نەمێنێ... نا... نا کەوتەوە یادم، ئەم فەرمانە تازە نییە، دوسێ ساڵ لەمەو بەرو لەسەردەمی بێ کوڕاکەدا ئەمەیان بۆ دانابێن، وا هەموو ساڵێک لەم ڕۆژانەدا سەرلەنوێ دووبارەی ئەکەنەوە.

نازانی چ دەردێکم کێشاوە ساڵی ئەمساڵ؟ مەگەر تۆش لە شوێنەکەی حوت جارسی؟ خۆ تەنیا چارەکە سەعاتێک لەم شارەوە دوورە. بەیانیان بە سواریی پاسکیلەکەت بە دەواما ئەگەیت و پاش نیوەڕوانیش بە ڕێگا ڕاستە چەوریژکراوەکە دێیتەوە ماڵە پاک و خاوێنەکەت. ئاوی پاک و کارەباو گۆشت و میوەو بەفری زۆر... ئیتر چی کەمترە لە کەرکووک؟ ئەگەر بتزانیبایە من ئەمساڵ چۆنم ڕابردووە هەرگیز داوای گواستنەوەت نەئەکرد، دێی (ک) حەوت سەعاتە ڕێ لەم شارەوە دوورە، چەپەک و لاڕێیە. مەگەر بە ڕێکەوت ئەگینا ئۆتۆمبێل ڕووی تێ ناکات. خۆت ئەزانی من خەڵکی گوندی تاوغم و کوردی باش نازانم. دێهاتەکانیش هەموو کوردن، لەبەر ئەوە کە پێیان وتم بۆ ئەم دێیەم ئەنێرن کەمێک گرژ بووم، زۆرتر لەبەر ئەوەی زمان باش نازانم لە دڵی خۆمدا ئەمووت چۆن بە دروستی ئەم فەرمانە بهێنمە دی؟ منداڵ کوردو خوێندن بە کوردی باش نازانم، بەڵام کە چوومە دێیەکە بۆم دەرکەوت کە کۆسپ و تەگەرە هەر زمان باش نەزانینی من نەبوو، بەڵکو گەلێک ناهەمواری هەبوو یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە دەبوایە منداڵە کوردەکان بە عەرەبی بیانخوێندایە، چونکە کتێبەکان هەموو بە عەرەبی دانرابوون، هێشتا لەبەرنامەی تازەی ئیدارەی زانستیی کوردستانیش شتێک جێ بەجێ نەکرابوو.

ئەفەندییەکەی تەنیشتم وەرامی دایەوەو وتی:

–منداڵ بە زمانی دایک و باوکی نەخوێنێ زۆر ستەمە، بەڵکو گوناهێکی زلە، چونکە ڕەنجی مامۆستاو قوتابی گەلێک بە خۆڕایی ئەڕوا. قوتابییەکانی ئێمەش بەشی زۆریان کوردن، من دەرسی پۆلی یەکەم ئەڵێمەوە ڕۆژێکیان منداڵێکیانم هەستانە سەر تەختە بە کوردی لێم پرسی: چوارو چوار ئەکا چەن؟ بەسە زمانە وەک کەڕوڵاڵ وەستاو وەرامی نەدایەوە، کەوتم: ئەربەعە زائید ئەربەعە؟ کتوپڕ وەک تووتی وتی: ثمانیە.

ئەمجارە باش تێ گەیشتم کە ئەم منداڵە بەسەزمانانە فێری دەنگ بوون نەک فێری ژمارە، ئەوسا بیرم لەم هەموو ڕۆژەکە کردەوە کەمن بە ناو دەرسی ژمارەم بەم منداڵانە داوە کەچی تومەز وەکو دەرسی ئاوازم پێ وتبوون وابووە.

–گوێ بگرە یەشتا دەردی ئەمساڵم تەواو نەکردووە، دێیەکە نزیکەی پەنجا ماڵێکن، بەشی زۆریان فەلاحن و ئەودوای ڕەشایین، ئەم دێیە هی ئاغایەکی بەدبەختە کەهەرچی لەو فەلاح و ڕەش و ڕووتانە ئەسەنێ، لەگەڵ دەرامەتی شوێنی کەشیدا هەمووی لە شارەکان بە قومار

ئەدوێنن، ماڵو منداڵی شڕۆڵو برسین، سەرەڕای ئەوەش زۆر قەرزارە، کە چووم بە ڕێکەوت لەم شارە تووشی بووم بۆ ماڵ ئەچوومەوە، ئۆتۆمبێلێکیشی بە کرێ گرتبوو، منیش لە تەکیا سوار بووم.

ئەفەندییەکەی تەنیشتم هەڵیدایە:

–لەسایەی شۆڕشەوە پۆکەر باوی نەماوە؟ قۆنتراتکەرەکان جاری کۆستیان کەوتووە، هەروەها کاربەدەستە دزەکانیش ئاشیان ناگەڕێ، ئەگینا ئاغا وا زوو نەئەگەڕایەوە بۆ ماڵ، بەگزادەی دێیەکەی ئێمەش دەمێکە میوانی قوماری نایەن، بە ناچاری فێری شەو نووستن بووە.

–جا گوێ بگرە هەر ئەوەندەمان خۆش بوو تا نزیک بووینەوە لە دێ، سەرنجم دا ئاغا گرژو کپ بوو، بەتایبەتی کە چووینە ناو دێیەکەوە، دیم منداڵەکان بە چەپڵە لێدانو هاتو هاوار کەوتنە دوامانو پەنجەیان بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە ڕائەکێشا، خەریک بوو سەر لە ئۆتۆمبێلچییەکە بشێوێنن.

تا دەنگە دەنگەکەیان زۆرتر بەرزتر ئەبووەوە ئاغا زۆرتر دائەتەپی لە شوێنەکەی خۆی داو ڕەنگی تاڵو ڕەش هەڵئەگەڕاو چاوە نیوە خێچڵەکەی بە قووڵا ئەچوو. بەو پاییزە لۆچەکانی ناوچەوانی کە لە هێڵی جووتی ئەکرد چین چین ئارەقی کردبووەوە. هاتو هاوارەکەی هەر (بڕەمێو بڕووخێ ئاغا)ی لێ تێگەیشتم. پاش کەمێک چەرخەودەورە بە ناو کۆڵانی تەسکو تارێکو وزرو زبڵاویدا لەبەر دەرگای خانوویەکی لە قوڕ دروست کراوی بەرزو درێژ دابەزین، کە ئەڵێم بەرز مەبەستم ئەوەیە لە کۆمەڵە خانووە کەلو کۆمو نزمو شڕەکانی کەدا بەرزتر ئەی نواند. منیش هەر چاوم ئەگێڕا بە چوار لادا بۆ قوتابخانەکە کە بە خەیاڵی خۆم ئەبێ کۆشکێکی بەگەچو جاروو کراو بێ. شتی وام بەرچاو نەکەوت، تومەز بە بیرما نەهاتووە بەم زووانە قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە، بەڵام دەسگای تازەی پاش شۆڕش ئەم کارە گرانەی بە ئاسانی بەدی هێنا، ئەوەتا منی بۆ ناردون و دیوەخانەکەی ئاغاش بەدی کراوە بۆ قوتابخانە.

کەمێک سەرم سڕما لەم هەڵبژاردنە: منی زمانی کوردی باش نەزانو قوتابخانەی دیواخان: بەڵام پاش کەمێک لێکدانەوە خۆم دڵی خۆم دایەوە کە جارێ هەر وا ئەبێ، کونو کەلەبر گەلێ زۆرە. ماوەیەکی

ئەوێ تا پڕ ئەکرێتەوە، شتێکی کە سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەش ئەوە بوو کە فەلاحەکان بە پیرمانەوە نەهاتن، نەم دی کەسیان بێن بەلامانا، شەو یش چاوەڕوان بووم، بەڵکو لە فەرمان گەڕابنەوە ئەوسا بێن کەچی کەس دەرنەکەوت. بەیانی کەوتمە پەژارەی ئامادەکردنی شوێن بۆ قوتابییەکان لە دیوەخانە دوکەڵاوییەکەدا کە بستێک خۆڵو پڕو پووشی تیا کەوتبوو.

دەرگای شڕو دەلاقەی بێ پەنجەرە. تەختەو کورسیش هێشتا نەگەیشتبووە حێ. دەستم کرد بەگەڕان بەماڵەکانەوە تا بزانم بۆچ دیار نین، بۆ ئەوەش چەند کەسێک بدۆزمەوە بۆ پاک کردنەوەی قوتابخانەکە. ماڵی موختارم دۆزیەوە، گیانم بەوە بوو سەگە درەکان لەگەڵ ڕانا ڕۆیشتبوون ئەگینا بێ تۆز دەرنەدەچووم، بەڵام هێشتا بەشی من سەگی خوێری لەدێدا مابوون. چەند منداڵێکی ڕەشو ڕووتو و چاو بز دوورو نزیک لەتەکما ئەڕۆیشتنو سەگەکانیان لێ دوور ئەخستمەوە.

ئەم گەڕانەم ٨–٩ قوتابییەکی دەس خستم، هەر چەند نیوەیان لە ماڵی ئاغاوە هاتن.

ئەفەندییەکی تەنیشتم بە دڵ گوێی بۆ شل کردبوو، هەر وەک لە بیری خۆیدا حەریکی بەراورد کردنی گوزەرانەکەی خۆی بێ لەگەڵ ئەم گوزەرانەدا، منیش لەو کەمتر نەبووم بۆ گوێگرتن لەم سەرگوزەشتەیە، بەڵام دیمەنی ڕێگاکە جار جار سەرنجی ڕائەکێشام. ڕێگا قیرتاوەکە هەتا چاو هەتەر ئەکا درێژو باریک ئەبووەوە، لە پێش ئۆتۆمبیلەکەوە وەک ڕەشمار کشابوو، هەوا گەرم و قرچەی هاوینی گەرمیان و سەردەمی خەرمان، ئەم لاو ئەولای ڕێگاکەمان قایمەو پەریزی گەنمو جۆ، کۆمەڵ کۆمەڵ سەپانو کۆڵ کێشانەکان بە فەرەنجی سپی و کڵاوە قوچەکانیانەوە، دەس بە داسەوە شانو باڵیان ئەوەشان وکێشەی قرچەیان ئەکرد، پۆل پۆل ڕەوی کوڕ کوڕ هەڵئەفڕینو ئەنیشتنەوە، لەسەر ڕۆری ناو بەناو سێبەرێکی تەنکیان ئەخستە سەر زەوی، تاک تاک مەکینەی زلو بچووکی درەوم بەرچاو ئەکەوت، ئەوسا زۆرتر بیرم لە ئەرکی گرانی ئەم هەزاران سەپانو ڕەنجبەرو کۆڵ کێشانە ئەکردەوە کە ئێستەش وەک هەزاران ساڵ لەمەوبەر ئارەقی ڕەشو شین ئەڕێژنو خوێنیان ئەکەن بە ئاو تا جێگای قسناغێ درەو ئەکەن، کەچی مەکینە بە سەعاتێ وەک ئاگری قودرەت ئەرکی چەند ڕۆژ لەکۆڵ ئەکاتەوەو کەسیش ناپڕوکێنێ...

هەردوو ئەفەندییەکە حگەرەیان بۆ یەک درێژ کردو دایان گیرساند پاش یەک دوو مژ ئەوەی داوەر تێ هەڵچووەوە، وتی:

–ئەزانی بۆ چ فەلاحەکان منداڵەکانیان نەئەنارد؟

–بۆ چ؟

–چونکە وایان ئەزانی کە من سەر بە ئاغام، بە نیشانەی ئەوەدا کە لەگەڵ ئەودا هاتبوومو لە دیوەخانە شڕەکەی ئەویشدا دابەزیووم، بێجگە لەوەش کوڕو کوڕەزاکانی لە پێش هەموو منداڵەکانی کەی دێکەوە هاتنە قوتابخانە و دیوەخانەکەی ئەویش کرابوو بە قوتابخانە. فەلاح زۆر ڕکی لە دیواخان ئەبێتەوە، هەروەکو لە دواییدا بیستم سوێند خواری یەکتریش بوون بۆ ئەوەی جارێکی کە سەر بە دیوەخاندا نەکەن.

ڕەنگە واشیان زانیبێ کە ئەگەر منداڵەکانیشیان بچنە ناو دیواخانەکەوە سوێندەکەیان ئەکەوێت، یان دیواخان بکرێت بە قوتابخانەش هەر پاک نابێتەوە، وەک بە گوێی خۆم لێیانم بیستووە، ئەیان وت: شوێنی زۆرو بێ دادییە، با بڕووخێ باشترە....بە ڕاستی ترسیان لەوە هەیە کە ببێتەوە بە دیوەخانەکەی جاران.

–ئەی بۆ هەشت نۆ قوتابی چۆن مایتەوە؟

–جا بوەستە...پاش چەند ڕۆژێک کە شەوو ڕۆژ سەرم کردە سەر خەڵکەکە لە گەڵیاندا هاتمو چووم، بۆم ڕوون کردەوە کە ئەم قوتابخانەیە بۆ هەموو دێیەکە کراوەتەوە، هەر تەنیا بۆ منداڵەکانی ئاغا نییە، بەڵکو منداڵەکانی ئاغاش وەک منداڵەکانی ئێوە ئەتوانن لەم قوتابخانەیەدا بخوێنن و بەهیچ ڕەنگێک لە منداڵەکانی کە جیا ناکرێنەوە، هەموویان بەیەک چاو تەماشا ئەکەم، بێجگە لەوەش قوتابخانە ئاغای دروست نەکردووە، دڵنیاش بن کە منداڵەکانی ئاغا شوێنی باوکی خۆیان ناگرنەوە، ئەوەتە بەبەر چاوی خۆتانەوە دیواخانەکەی ئاغا بووە بە قوتابخانەو جارێکی تر نابێتەوە بە دیواخانەکەی جاران کە ئێوە لێی ترساون.

هەندێکیان زۆر باوەڕیان بە قسەکەم ئەکردو ئەیان وت: بەخوا بابا ڕاست ئەکا دەور گۆڕا...ئەوەتا پۆلیسەکانیش وەک جاران نەماون، ئێستە ناوێرن ئازارمان بدەنو داوای بەرتیلمان لێ بکەن، بەڵکو هەر ناوێرن لە ماڵی ئاغاش ئاو بخۆنەوە، بەم ڕەنگە بوون بە ئاشناو زۆری پێ نەچوو ژمارەی قوتابییەکانم گەیشتە نزیکەی پەنجا، تەنانەت لە دێیەکانی نزیکیشەوە منداڵ فەلاحەکانی دەسیان کرد بە هاتن. شتێکی کەم لا سەیر بوو کە کچەکانیشیان ئەنارد، کوڕو کچ پێکەوە دەسیان کرد بە خوێندن. ئێمەش لە شارەکاندا هەزار چەندو چوون ئەکەین و فەلسەفە بەبا ئەکەین تا بزانین کوڕ و کچ پێکەوە بخوێن باشە، یان بە جیا بخوێنن؟

–بەڵێ ڕاستە فەلاح دڵپاکن. میش ئەیان بینم ژنو پیاو پێکەوە هرمان ئەکەن و ڕەنج ئەدەن. گەلێ ژنیان لە پیاو ئازاتر درەو ئەکەن، خۆ کۆڵکێشی هەر بەشی ئافرەتە.

–گوێ بگرە، زۆری ماوە، گوزەرانی خۆمم بۆت نەگێڕاوەتەوە هێشتا. برادەر. شوێنی خەوتن و حەسانەوەم قاوەجاخەکەی جارانی ئاغا بوو، کەلا ژوورێکی بچووک بوو لە دیوەخانەکەوە. کڵاوڕۆژنەیەک لە بانەوەو دوو سێ کونی بچووکی ئەوەندەی دەستێک بخوا لەم لاو لاوە تیا بوو کە بەزستان چنگێک قوڕیان پیا ئەداو ئەبوو بە تاریکستان بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەچرا شتم ئەدۆزیەوە ئەگەر شتی تیا بووایە، کەناری دیوارەکانی بەڕیزە کونە مشک بوو.

بە شەوو بەڕۆژ زیکە زیکو خرتە خرتیان بوو، جار جار لە ڕاکشاندا لە ناکاو نووکی پێ، یان تەنکیی گوێچکەمیان ئەگەست، لە سەرەتادا زۆر

برسام وام ئەزانی مارو دووپشکە، بەلام لەپاشاندا لەگەل ئەوابشدا نووم بە ئاشنا ئەو سەوانەی باران سار بایە لا زوورەکە دەسی ئەکرد بە دلۆپە کردن، گەلێ حار و، سپرەی ئەکردم ئەموسست بچمە ژیر فدرەو بلە شرەکەوە. بەلام لەبەر ئەوەی کە ئەوبش ئەبوو بە فوڕ، بە ناچاری لەسەری ئەمامەوەو سەری خۆم بەلیفەو بەتەنیا بۆرەکەم دا ئەپۆشی‌و بەدەم ئاوازی ناسازی دلۆپەکانەوە حەو ئەی بردمەوە گەلی حاریش لە تکو تەپی دلۆپە ڕائەپەڕیم. یان ئەم ڕوانی دەمم تالە وەک قاوەم خواردبێ. کەلێی ورد ئەبوومەوە بۆم دەرئەکەوت کە دلۆپەی دووکەلاوی بن میچەکەیە کەو تووەوەتە ناو دەممەوە.

سالی ئەمسال ئەمە کورەرانی من بووە. حوا پێ داوی واشمان هەن کە لە حوێندنگادا لە دوای ئێمەوە لۆقەیان ئەکرد، چونکە پشتیوانێکیان هەبووە، بۆ حویان لە شارە خۆشەکاندا دامەزران، ڕەنگ بێ بەپەلەپیتکە خۆیان نەکێنن بەک تۆزی تەباشیر یان لێ بیشتبێ.

ئەفەندییەکەی تەنیشتم لەم کاتەدا زۆر بێ دەنگ بوو وەک لە حالی حۆی شەرم کرتبێتی بەرامبەر بەم گوزەرانە سەختەی هاوڕیکەی، پاش کەمێک هەلی دایەوەو وتی:

-بەخوا باخۆشت ڕابورادووە، ئەمەی بەسەر تۆدا هاتووە لەوزەی کەسدا نییە.

من بوومایە رام ئەکردوو ئەو مانگانەیەشم نەدەویست.

-نا... نا... کاکە! مەسەلە هەر مانگانە نییە. ئەو ژیانەش ئەوەندە لای من ناخۆش نەبوو، چونکە ژیانی پەنجا مالەکەی دەورو پشتم زۆر زۆر لە ژیانی من ناخۆشتر بوو، بەلکو من تاکە ئەفەندی بووم لەو ناوەدا.

ڕەنگە نەیزانی فەلاح‌و ڕەنجبەر ئەفەندی بە چی ئەلێن؟ بە پارەی زۆرو ئەرکی کەم ئەلێن. تۆ ئەزانی مرۆڤ تا بیری خۆی بە شتێ نەدا بە چاوی خۆی نابیبێ. کە باش سەرنجی ژیانی ئەو فەلاح‌و ڕەنجبەرانەم دەدا، ئەوسا باش ئەم دیت ئەرکی گران‌و سەخت چییە؟ پێش بەیان برۆو نو یژی شێوان ڕووبکەرەوە ئاوایی، بە درێژایی ڕۆژ شان‌و بال بوەشێنە بۆ حووت‌و درەو کێشە، درک‌و دایل شیلان‌و نانی جۆ و دۆی ترش‌و ئاوی کەرم‌و قرچەی گەرمای تەمموورو فەرەنجییەک‌و کراسێکی خام‌و کلاشێکی شڕ، نازانم بۆچی کە ئاوانێک لە دەسیان ئەترازێ ئەیان بەن بۆ بەندیخانە، من دوور لە ئێستا بەندیخانەم دیووە. بەندیخانەی کووت هیچ دوور نییە ئەگەر بلێم لە چاو گوزەرانی ڕەنجبەردا وەک ژیانی ئاغاکەیان نا، بەلکو وەک ژیانی بەگزادەکانی تۆ وایە.

-قوتابییەکانت چەندیان دەرچوون؟

-بەخوا لەحەفەی گوزەرانەکەم گرانتر لای من ئەوە بوو کەیەک دوو حەفتە پێش لێ پرسینەوە چەند فەلاحێکێک هاتن مندالەکانیان بردەوە بۆ ئەوەی لە بەهارە هەوارەکانیاندا کارو بەر خۆلەیان پێ بلەوەرێنن.

هەرچەن لەگەلیان هاسم‌و چووم بەقسەیان نەکردم، (١٥-١٦) قوتابییان لە دەست کردمەوە کە بەشی زۆریان لە قوتابییە زیرەکەکانی قوتابخانەکەم بوون. باوەر بکە هەرچی دەردە سەریم کێشا بوو بە لامەوە بەهیچ دەرچوو لە چاو ئەم ستەمەدا باخەوانێکی دلسۆز حەندی بێ باخۆشە شەتل‌و نەمامە تازە گێرساوەکانی هەلکەن، من لەوم بێ ناخوش تر بوو. ئەزانی چیم کەوتەوە یاد؟ کە مندال بووم لەگەل هاوڕێکانمدا بەدزییەوە ئەچووین لەباخچەکەی باوکم شەتلە تازە لێدراوەکانمان لە شوێنی خۆیان هەلئەکێشا، کەلە باکاو باوکم بەسەردا ئەهات هاواری لێ هەل ئەسا وەک باوکە ڕۆنکا، ئەمجا ئەکەوتە سەرمان بەڕاکردن ئامنی بەردەست ئەکەوت. چاک چاک سەرو گوێلاکی ئەکوتام. ئەوسا هاتەوە بەر چاو کە لە ناو خۆماندا ئەم وت: باوکم چەند دل ڕەقە.. شەتلەکانی لە من خۆشتر ئەوێ! ئێستا ئەزانم کە باوکم ناهەقی نەبوو، چونکە ڕەنجی لەگەل شەتل‌و نەمامەکاندا کیشا بوو، هیوای دوارۆژی بوون، بنیادەم ڕەنج لەگەل هەر شتێکا بکێشێ خۆشی ئەوێ، بەحواستە مندال کە ئەمامی دوا ڕۆژی ژیانن.

حۆم بۆ ڕانەگیراو لام لێکردەوەو دەستم بۆ درێژ کرد: وتم: برادەر تۆش پالەوانێکی، تۆو ئەو برادەرەی تۆ پالەوانێکی شاراوەن، ئەو جەنگاوەرەی خوێنی حۆی نەبێ حوێنی کەسی تر نارێژێ‌و دەماری خۆی ئەسووتێنێ تا مێشکی نەوەی تازەمان بۆ ڕووناک بکاتەوە، جەنگاوەرێکن نەزانی ئەکوژن، باخەوانێکن نەمامی ڕاست‌و بەردارمان بۆ پەروەردە ئەکەن، دلنیابە جمهووریەتێ کە هی گەل بێ ئێوە لە بیر ناکا، وەک بە پەلە ئاردوویەتی بۆ دێیەکی وا، زۆری پێ ناچێ کۆشکی خوێندنتان بۆ دروست ئەکاو ڕابواردنەکەی سالی ئەمسالت ئەبێتەوە بەسەرهاتێکی خۆی بۆ شەوانی پاشە ڕۆژ، وا بزانم بیستووتە کە لە پرۆژەی سالی نوێمان وەزارەتی زانستی تەنیا بۆ ئەم لیوایە (٥٥) قوتابخانەی داناوە کە دروست بکرێت، ئەگەر دێیەکەی تۆی بەرنەکەوت من ئامادەم بچینە لای کۆمەلێ فەلاح و یارمەتی لە یەکێتیی لاوان و یەکێتیی قوتابییانیش ئەخوازین تا خانوویەکی ڕێک و خحیلانە لە قوڕو خشت دروست بکەین‌و دەستێکیش بە دیوەخانەکەی پارو قوتابخانەکەی ئەمسالیش بهێنین بۆ سالی تازەمان.

کاتێ لام کردەوە ئۆتۆمبیلەکەمان گەیشتبوە ڕیک مالەکانی (تاوغ) مامۆستای برادەرم وتی: ئوخەی.. تاوغ.. ئەمە تۆی... تاوغ... بەهەشتە.. فەرموون میوانمان بن ئەمشەو.

بەلام من خوا حوام بوو زوو بگەمەوە شوێنی حۆم و ئەم بەهەشتەش ئەو شەوە لەو نەشلەژێم.

کەرکووک ١٩٥٩/٥/١٠

ئەم چیرۆکە لە ژمارە (٣٣)ی سالی پێنجەممی مانگی تەمموزی ١٩٦١ای گۆڤاری (هیوا)دا بلاوکرایەوە.

ڕۆڤار
ژمارە
٦٣
ڕێبەندانی
٢٧١٠
کوردی

گای پیرۆز

زۆر سەرمەست بوو بەو باوەڕە دەسکردەی کە خۆی کردبوو بە پاسەوانێکی بێ هاوتای. بەم هۆیەوە لە ناو کۆمەڵێ خەڵکی سادەو ساویلکەی ئەو هەرێمەدا پایەیەکی بەرووالّەت بەرزو بلّندی بۆ خۆی گرتبوو.

دەس ماچ کردنو لێشاوی شەکرو چایەز و ئاژەڵ و پوولوپارەی خۆڕایی، کارەکەرو نۆکەری بەنانەزگ، بێ تۆزلێنیشتن و ئارەق ڕشتن خۆشخۆری و تەرپۆش! لەراستیدا شێخ (کابرا) خۆی باش ئەیزانی پاسەوانی چییە!

لەگەڵ ئەوەشدا لەئەنجامی درێژە کێشانی ئەم بەندوباوو چاوەڕاوەدا بەدرێژیی ئەمەنە پیرۆزەکەی خۆیشی لەخۆی گۆڕابوو، بڕوایەکی رووکەشی لە خۆگرتبوو، مەگەر بۆخۆهەڵکێشان و فشەکردن لای خزانە تارەکە جارجار چەکمە ڕەقیو زەبرو زۆرداری و دەس وەشێنی جاری جارانی خۆی بەدەما بهاتایەتەوە، لەو کەمە ڕاستیە ترارابە ئیتر هەر وا خۆی پیشان ئەدا کە لە سکی دایکیا بەوەلییەتی گیان بە بەریاکراوەو خوانەخواستە ئەم نەبێ خواپەرستی لەناونەچێ. هەروەک خوا یا خواپەرستی تیرو پڕیو کوت قەڵەویو دەوڵەمەندیی ئەوبێ..

تارە پاش سێ ساڵ تێپەڕین بەسەر لەناوچوونی عوسمانلیدا ئەم جارە فوتابخانەیەکی یەک پۆلی لە دێکەیاندا کرابۆوە، ئەوەش بە نابەدڵی ئەم و بەفەلای چەند کەس و کارێکی ژێردەستەو نان بڕاوی چاوخۆکی شێخ. بۆ بەدبەختی ئەم مامۆستای فوتابخانەکە خوێندەوارێکی وریا و زرنگ و مێشک کراوەبوو. تەبابەت زۆر باشی ئەزانی کە شێخ بۆ ئەوەندە بە زمان خواپەرستەو کەچی بە کردەوەو ڕەوشت خۆ پەرستێکی زۆر ناپەسەندە. لەبەر پەلی ڕۆژگار خۆی لە دەرەتان و ڕێگاوبانی شێخ نەئەدا.

زۆرتر خەریکی فووتابییەکانی بوو، شەوانیش لە ژوورەکەی خۆیدا فەلاح و ڕەنجبەر و وریاکانی دێیەکەی میوانداری ئەکرد، لەو فەلاحانە کە شێخ و بارەگای شێخیان بە بارێکی زۆر گران ئەزانی لەسەر شانی خۆیان. مامۆستایان ئەدوان و مامۆستا ئەیانی دوان تا شتێک تێبگەن لە هۆی ژیانی کوێرەوەرییان، وەک با بەگوێچکەیا دابێ کە ئەم کوێرەوەرییە و دەردی سەرییە بێ هۆنییە بێ چاریش نییە. شێخ کارا بۆ ئەم شتانە لەمشک سڵ و سرک تربوو. زۆری نەبردکە گومانی پەیداکرد لەم هات و چۆ گەرمەو دەورەدانە لەم ئەفەندییە تەنهایە کە دیمەنەکەی دڵی تەنگ ئەکرد. لەدڵی خۆیدا ئەیووت تارووە چارێک! وەک ئەڵێ: تا بە تەقەڵێک ئەدوورێتەوە بەی گەیەنمە کلاوەبەک.

ئەو شەوە لە پەنجەرەی باڵاخانەکەیەوە چاوی لە تروسکەی چرا گەشەکەی ژوورەکەی مامۆستا ئێسک قورسەکەی نەترووکان. تا شەو درەنگ بوو ئەوجا چرا کز بوو، ئەمیش دڵنیابوو کە جووتیار و ڕەنجبەرەکان ماڵئاواییان کردووە.

شێخ لە مەرافا هەر تووکی سمێڵی خۆی ئەبرد بەدەماو پێشی ئەخواردەوە. بەڵام دەردی دڵی خۆی بۆ خەڵکەکەی دەورو پشتی دەرنەئەبری. هەر بە ئاخ و ئۆف و های و هوو بە با ئەدا. خەڵکەش وایان ئەزانی کە شێخ خەریکی خوابەو سۆزی دڵی تاوی گرتووە. ئەو شەوە بەینوانی وەک جاران بنوێ. لەژێر لێفە سورمەکەیەوە هەر ئەملاو ئەولای ئەکرد تا بەرەبەیان ئەوسا خەو بردییەوە. تەنانەت بۆی نەکرا شێخ ژنی تازەش دڵنیا بکا، هەرچەند کەساڵێک نابێ چوارەی سوبەنی پێ پڕ کردووەتەوەو سیانە کۆنەکەشی بۆ بەجێهێشتووە.

بەبانی چا پەزی تەکییەو تایبەتی شێخ لە جاران زیاتر چاوەنواڕی کرد تا تەشریفی بێ و پیاو ماقوولان و خەلیفە و دەس و پێوەندی لە قوربان بڕێک بتەوە چایەکەی لە خزمەتدا بخۆنەوە. گەیشتە چێشتەنگاو ئەمجارە شێخ حەرەمی بەجێ هێشت. خەلیفە پرچنە ورگنە بەوسەکان سەریان هاتبووە ژان و سەرو چاویان گرژبوو بوو بۆ چای سەنگین هەرچەند بۆنی چایەکەیان ئەهات بەلووتا کیف هەڵئەهاتن ئەت وت فەلەموونن و فیکەیان لێ کێشراوە. ئەم دەمەیان بە ڕۆژێکی ڕەمەزان لێ بەسەر چوو، بەڵام بە پێش خواردنەوەو های و هوو بێ ئارامیی خۆیان ئەدانە با تا خوا بەدەرکەوتنی باڵا گرگنەکەی شێخ لەم تاسەبەی رزگار کردن. شێخی گورگ خەو کەری شەو خەو لێرڕاوی هوڵ لێ هاتووی دەردی مامۆستا "شەیتانەکە" خەوتنێکی دەست هەڵبەستیشی ئامادە کردبوو بۆ دامەزراندنی بەرمی پەلب پێگرتن. شێخ کە خۆی پاسەوانی خوایە، مامۆستای خوا گرتووش ئەبێ شەیتان پەرست بێ. ئەوسا شوێنی دەس وەشاندن ئەبێ.

شێخ: ئەوەتەی ئەم قوتابخانە کاوریە هاتووەتە ئەم بارەگایە، پیت و بەرەکەتی دێیەکەمان هەڵگیراوە. ئەو مالوومە پیسە کە هەر ئەڵێی شەیتانە هیچ نوری ئیسلامی لە چارەیا نییە. ئەترسم نەک هەر ڕزق و ڕۆژیمان لەدەس بدا، بەڵکو ریان بەرەوشتی تایبەکەشمان بکەیەتیت.

خەلیفە ورگ زلە ئەوسەکە پاش ئەوەی چاوە ڕەقەکانی زل و بڵ کردەوە و لرخەیەکی کردو دەستێکی بەریشە بۆزەکەیا هێنا کە لە بنحەرەلی کاکەل بەلادا بەچووی ئەکرد، وتی:

قوربان! ڕۆژگار باش نەماوە، ڕۆژ بە ڕۆژ چەرخ بەرەو خراپتر ئەسووڕێ. خوا ئیمانمان سەلامەت کا، دیسان با جەنابیشتان مابن هەر باشترە. خوانەکردە دوای جەنابتان هاوار بەماڵم، یەکجاری چرای دین ئەکوژێتەوە.

شێخ: تا حەمە ئەو باوساجییە بدەرە خەلیفە و چایەکی پڕ ڕەنگی و شیرینی بۆ تێکەرەوە.. خەلیفە ئەمشەو بابە گەورەم ئیشارەتی پێ فەرمووم کە ئەبێ ئەم شەیتانە لەم بارەگایە دوور خرێتەوە. ئێمە لای خواو پێغەمبەر مەسئوولین بەرامبەر بە پاراستنی ئەم ڕێگەیە، ڕێگای تەریقەت کە لە شەریعەت گەورەترە، خوا حەرکا جڵەوی دراوەتە دەستی ئێمە.

حەمەی مەبتەر چەناگە کۆسنەکەی باداو دەمە ڕەقەکەی وەک قاچی دابەیەکداو سەرەکێز و کوڵەنگ دارەکەی بۆ لەراندەوە وتی: قوربان! بێ قەزاووی چی ئەفەرمووی هەر نیسە ئەو سەگ سارەت بۆ سنگ ئەکەم وەقوربانی گوللەیەک، بچم وەخۆیو کنیوە شرەکانێو شار وەدەری

کەم؟ سەری تۆم بۆ خۆش وێ هەزار پرچنەی وات بۆ ئەوەسم وەرمشمەکەی ئەسپەکو یتۆ. ئیمشەو بچم ئاگر بینم وەخۆی قوتاو خانەکەیۆ؟ وازانێ تۆپ و جبەخانەی لێ دابەستوگین، بێ قەزاوی یاخوا!! حەی وە خوا سەیرە بۆ ئەمیش پۆلیس و قومسیرەکەس دەنگ نەکەین؟

کو یخا میوان کە سەرو تەپلەیەکی دامەزراوو ڕیشێکی لە مەکینە دراوی پێوە بوو لە پەریزی گەنمی تازە درەوکراوی ئەکرد، دەستێکی برد بۆ دەستەسرە سوورەکەی ملی و هاوردییەوە بە سەرو کوشتەکی خەنجەرە مشتوو ماهییەکەیاو چاوو برۆ پەیوەستەکانی لەسەر خۆ هەڵبڕی و بە شەرمی حزوورەوە کارامەیی خۆی نواند.

– نابیللامانا! یا شێخ ئەم چتانە لایقی جەناوتان نییەو لەناوبانگتان ناوەشێتۆ، وەدەس ئەم دەم ڕووتانۆ خۆتان پیس مەکەن، چونکە ئەم تەرحە کەسانە ناوتان ئەررێس. ئەمە چاری ئەوەسا لەژێرۆ دیارییەکی ڕێکو وەنرخ بۆ مدیر یا قایمقام بنێرێ وە ناو مفەرکۆ، ئەوانیش لە ژێرو وەسوکە قەڵەمێک ملی ئەشکێنن.. ئەتوانن هەر وەجارێ قوتاوخانە کەیشتان لە کوڵ بکەنۆ، ئەڵێن (موشابەغە) ئەکاو بۆ ئیدارە زیانی هەس، وەخوا قوتاوخانە خۆش وێ دوو ساڵی تر ناوا منالێک ناوی کەمولەیەک ئاو بدا وەدەم میوانێکتانۆ. باش و ئیمەش تووش ئەم نەگوەتییە بووین، خوا حەزی کرد وەک عەرزم کردی وەچتێکی ئەوها ڕزگار بووین.

– شێخ ئاغەرم کویخا لەبەر ئەم شتانە ڕاوێژ بەسوونەت دانراوە. کەوابوو ئەم کارە هەر بە خۆت ئەسپێرم، با ئەم خێرە هەر بە خۆت ببڕێ. ئەو فەرشەی کە لەگەڵ دەستا هێنابووت بۆ تەکیە، باشە؟ جا بۆ مدیری بنێرین یا بۆ قایمقام؟ ڕەنگ بێ بۆ قایمقام باشتر بێ. گەورەترەو بەم هۆیەوە دۆستایەتیش پەیدا ئەبێ و کەلێ فرمانی تەکیەو دەست و دایەرەشمان پێ ئەکەوێت. خۆ مەسەلەی بەراوەکەشمان هێشتا حیبەحێ نەبووە. وەحسی حۆی قافەریشم بۆ ئینگلیزەکان نووسیبوو کە بە مونەسریف بڵێن، بەلام ئەوەتەی شەڕ بڕاوەتەوە زۆر شێرمان بۆ دانادەن. هەر ئەو دسیە مانگەبوو کە هەراو هوریاکەی سەردەمی "شێخ سەدر" بوو، بەخوا پاش ڕاکردنی نوری پاشاو ساڵح جەبر باش ترسا بوون. هەر خوا خوایان بوو دوو قسەیان بۆ بکەین. ها ئەوەتە قاقەزەکانیان کە پەیتا پەیتا پیاویان بەڕێوە بوو هاواریان ئەکرد کە شیوعییەکان دین نایەڵن. پێویستە لەناو موریدو عەشایەرەکانا لە زیدی ئەم شیوعیانە بدوێن کەچی ئێستاش بەساڵی جارێک جوابی قاقەزێکمان نادەنەوە. وا مسکێنەکان خەریکن بەگوێمان نەکەن. بەخوا ترسی تفەنگ و قامچی نەبێ ملمان بۆ دانانەوێنن. کەمێ قومیسەرەکە باشە، باهیری کوڕم برادەریی لەگەڵیا گرتووە. میوانداری بەیەک ئەکەن و جارجار دیاری بۆ ئەنێرێ.

ئەم مەسکیانە بوونەتە وەهابی دەورو پشتی مەکە. دوای قسەی خواوو پێغەمبەر ناکەون، دوای گوێرەکەیەکی وەک ئەو سەر ڕووتە ئەکەون، وەک قەومەکەی حەزرەتی مووسا کە دوای سامیری کەوتن، ڕەحمەت لەو پیاوچاکەی کە فەرموویەتی کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە بە جارێک توبی و خوا کو یخا ئەو بەراوە بۆ تەکیە باشە بابۆ مسکێنە خوا نەناسە کە دوژمنی خواو پیاوی حوان؟ ئەو مالوو مەش ئەوەتی هاتووە بە جارێک ئەم ناوەی شێواندووە.

کو یخا: بەڵێ قوربان حوان ئەفەرمووی!

کۆڵکە مەلا بەسەرو جامەدانییە زلەکەی و ڕیشە قەڵەم کراوەکەیەوە کە بۆ سەر فترەی ڕەمەزانی ئامادەکردبوو تا شێخ نامەیەکی بۆ بنووسێ بۆ ئەودییەی کە چاوی لێ بڕی بوو، ملی قوتەوە کرد و وتی: حا یا شێخ: با بنێرینە شوێنی بانگی کەین، لە خزمەتی جەنابتا کوڕێکی پێ بگرین، خۆ لە باسی گورگ و چەقەڵ بەولاوە هیچی تر نازان، بزانە چونی بوڕ ئەدەم؟ سەری تۆ خۆش بێ و خوایاربێ دەمی ئەکەم بە تەڵەی تەقیوو، ئەوسا چی تری لێ ئەکەن بیکەن.

شێخ: بەجێیە، ئەوەش بەجێیە، تا ئەو مسکێنە سەگبابانەی دوای کەوتووت بۆیان دەرکەوێ کە دوای کەرەکەی جەجاڵ کەوتوون. بەرێکەوت ئەو ئێوارەیە قوتابییەک نەخۆش بوو، مامۆستا ئەچوو تیماری بکا، ڕێگاکەی ئەیدا بە بەردەم بارەگای شێخا، لەو کاتەدا کە لەگەڵ دەستەو دایەرەی بۆ چای خواردنەوەی ئێوارە کوڕییان بەستبوو لەدەوری سەماوەری زەردو قوری هەشتەرخان. دووکەڵی جگەرەو سبیل ژوورەکەی پڕ کرد بوو لەتەم. دیاربوو کەهێشتا گۆشتو برنجەکەی نیوەڕۆیان باش بۆ نەتوێنراوەتەوە. لەزیانو گوزەرانێکی واتێرو تەسەلو بێ ئەرکا فڕوفیشاڵ زۆرەو گەلێک شێر بە گوێچکە ئەگرن.

کۆلکە مەلاش هەر ملەقوتیی ئەوەی بوو سیسگ بەرێتە پێشەوەو هونەری خۆی بنوێنێو پێشنیارە بەنرخەکەی پێش نیوەڕۆی بێنێتە جێ کە وەک مۆرانە لەمێشکیا هەر ئەخولانەوە. لەوکاتەدا مامۆستای بەرچاو کەوت، خێرا هەڵی دایەو هاواری لێ هەڵسا ها ها ها.. ئەوەتە... ئەوەتە.. یا شێخ فرسەتە بفەرموو ئەو کافرە بانگ بکەن تا دوور لەڕوی جەنابت سەگ بە حەسارێکی پێ بکەین... ها ی ئەوەتە بزانە بۆ چ فڕوفێڵێک خۆی ئەکوتێ بۆ ناو دێ، ئەڵێی سەگی هارە. نابۆ باوکی ئەچی! یەکجاری لەئەوەرە دەرچووەو شەرمی لێ هەڵگیراوە.

شێخ نادەی حەمە. هالە، حوسەراکەن.. بانگی کەن.. ددی مەلا ب سم چی پی نەکەی؟! ئەترسم هیچی پێ بەکەی. ئەمانە شەیتان دەرسی داون. . تو بلی بەم بانگی شیوانە هاربووی روو ئەکەیتە مالان.. وەللا لیمان بووەتە کەلەشێر پاسابریە نیردی ناو گەلە.. پەح.. پەح.. پەح!.

ماموستا پاش سلاوکردن شێخ بەلادمسکەوە بەحیر هانێکی کردو هەڵی دابەو پرسی: ئەوە بو کوێ ئەچووی ئەفەندی؟

ماموستا. بو مالی ((حەمە رەشید)) کوڕەکەی بەحوشە ئەچم سماری بکەم.

حەمە. قوربان حێزانەکەسی ناسافە تیماری نەوێش ئەکا!

ماموستا: ئەگەر باساع بێ تیماری ئەوێش ئەکەم.

شێخ: حا تو دوحنوری یا موعەلیمی؟ خو بو مەحرەم بیت، چۆن دروسە بێگانە هاتوچوی ناو مال و مندالی خەلک بکا. بادەس لە لەشی ئافرەت بدا؟

ماموستا: بۆ چ حەرامە؟ هیچ حەرامە نییە بەڵکو واجبە. بەخوش نیمارکردن پێویستی سەرشانی ئەو کەسەیە لەتوانایانی. لێرەدا کەدوحتورنییە مینش شتێکی لێ ئەزانم خوم بەگوناهبار ئەزانم ئەگەر لەنەخوشەکانان نەپرسمەوە. لەلایەکی کەشەوە حۆ جەنابیتایش رۆژنییە دەس بەسەر لەش و سەری کچ و ژنی خەڵکی دائەهێنی. بۆچ حەرام نییە؟

شێخ ددمار ئەیگرێ و بە توورەییەوە ئەبەڕێنێ: ئیمە بۆخوا حرمەتی خەلک ئەکەین. ئیمە پاسەوانی حواو پێغەمبەرین نا لەشەیتان و شەیتان پەرستی وەک ئیوەیان بپارێزین ئیمە لەشوێن ناوکی کچ و ژنی ئەم ئوممەتەین.

ماموستا: یا شیخ تووڕە نووبی پێ ناوی... ئەگەر حەنابت حۆی بەباوکی ئەم خەلکە دائەنی، ئیمە برای دلسوزیانین، حوای گەورەش دوژمنی نییە. چونکە حۆی هەموو شتێکی دروست کردووە. کێ شەیتانی دروست کردووە هەر خۆی دروستی نەکردووە؟ ئایا کەس دوژمن بۆ حۆی دروست ئەکا بە ئارەرووی خۆی؟ یا ئەگەر دروستی بکا داماوی یارمەتە بۆ پاراستنی؟ کێ رایەکی هەیە یارمەتیی خوایدا. ئەمە شایانی خوایەتی نییە.

شێخ بویژنەکەری وەک تۆ کەی حوا ئەناسێ؟ تۆ حەریکی ئاژاوە نانەوەی، وابزانم ئەم خەڵکەمان لێ هەڵئەگێڕنەوەو کەسمان بەدەستەوە نابەلی. ئەگەر بەدەوام بێ مسکین و رەوی و رارەکانیشمان لەدەس ئەکەنەوە. کەسێ نابێ ناسەیە ناومان بدا بە دەمەوە پاسەری ولاخێکمان بۆ راکێشێ.. کوفر یەکجاری عالەم دائەگەرێ.

ماموستا: قوربان ئەگەر فەلاح رەوی و راری هەبێ بو حوی نا ئەگەر سەری ولاخی خەڵک رابکێشێ کوفرە؟! من وا ئەزانم زور حێرەو ئەگەر هەموو فەلاحێک بەری حووی حۆی هەبێ و هەر کەس بۆ حۆی رەنج بدا. من بەش بەحالی حۆم حەز ئەکەم و زوریشم پێ خوشە کەحرمەتی خەلک بکەن بەک خەلک حرمەتی من بکەن، یا هیچ بەبێ بەدەستاو حرمەتی یەکتر بکەین. ها ئەوە ئەبینی ئەچم تیماری هاوسیەک بکەم بەحۆراییی ئامادەم لەپێی تواناو رابیی خوم حرمەتی هەمووتان بکەن. ئەوەتە بەمندالەکانتان ئەخوینم و کەمێک دەسی نیماریشم هەیە بیماری بەحۆشەکانتانی پێ ئەکەم، ئەوەی لە بارمانی دربغی ناکەم

شێخ! هەموو بو فروفێلە ئەگەر دەستان بروا چی حوا حەری پێ بەکا ئەوە ئەکەن، کافرن، بو یژنەکەرن، حوانەناسن.. سێح دەنگی لێ هەلبرێ، ئەوەندەی بەراندو شراند کەف کەوتە لعاوەکانیو بەسەر رش و سمێلیان وەک کرنود بلاوبودوە. دیوانەو حەلقەکان کەرانیان شێخ شێرە بوو دەستان کرد بەفیژە قیژو هاوار هاواری شتانە. بە مرە مرو لرحە لرح دەستیان دایە شمشێرە ژەنگی و نەوەرزین و رەرگەکانیان وەک دنوو دریح دەورو خولی ماموستای بەسەرمانیان دا کۆلکە مەلاش وەک ژوو ژوو هەر ملی ئەردە ناواو هیچی لەهۆبەرەکەی پێ بەنو برا.

ماموستا کەمێک حەپەسا. بەڵام دداني بەحۆدا گرت و لەسەر حۆ هەڵساو بێ دەنگ لەناو کوڕەشێرو شێنە خۆی رزگار کرد، بەدەم رێوە لەبەرخویەوە هەر ئەی وت: گای پیروز گای پیرۆز لەهیندستانیش گا ئەپەرستن.. تا گەیشتە بەدەرگای ژوورەکەی حوی هەر گوێی لەفیزەو هاوارو لرحە لرحە بوو کە گەیشتە لای ژوورەکەی سەرنجی داو حەمە رەشید کوڕە بەحۆشەکەی گرنووەتە باوەشەوە وەستاوە چاوەڕواری بەک.

کە ماموستای دلسوزی دی، وتی: ئەفەنی ئەترسم دل گەردیان کرێ، ئەمانە ئەفەنی وەک حەناویان حۆش بەگەرەکە، ئەوە ئەگەر پۆلیسێکی دەم شر نوابە هەرار مەراییان لەبەر نەکرد چونکە قامچی وەدەستە. لای حویان پیاوی حوان، پیاوی حوا ئەوی دووڕوو بەوی و دنیای بەگەرەک بێ. بەلام بو دنیاکەیە، ئەفەنی، هەمووی بو بەناحە تەماح.. ئەبوایە درکیان لەگەڵ هەژار دەرکردابە، بەبوسزە درکمان پیا مەکەن

ماموستا. هەر وابابێ حالو حەمە رەشید... هەروا نابێ . ئەم دەسگا فرو فێلاو بیانەش زوری بەماوە دادەبەپێو درکی ئازار لەگیانی هەژاران دەرهێنرێ. ئەوسا سێبەری حەست دەست پیاوی ئیش بەکەر ناکەوێ، هەروەک حوبان ئەڵێن (هەر کەس ئیش بەکا نان ناحوا) ئەمجارە دەسی ماندوو ئەکەوێتە سەر زگی نێرو ماموستاو بریسچ لەمدیری پولیس و قایمقام بەرحسر ئەبێ بەڵکو هەر پولسمان ناوی‌و حومان پۆلیسی حۆمان ئەبێن

ئاگری نەورۆزی عەشق

ئاگری نەورۆزی عەشقی تۆم ئیتر ناکوژێمەوە
نەک دڵ و بیرم هەموو تاری لەشم دەگرێتەوە
وەک پڕانی زەرە هەرکەس لێم نزیک بێ تووش ئەبێ
هێندە سۆز و جۆشو ئەشنەو زەوقی لێ ئەکرێتەوە
سەیری چەند تووشە ئەڕێکەوت ئەمڕۆ تۆ لوتفت هەبوو
وام ئەوت ئەمشەو شەوی دیدارە هەر نابڕێتەوە
وەک بەڵایی ناگەهان لەولاوە شاباڵی ستەم
وەک خەتی سەر تەختە ڕەش هیواو ئومێد ئەسڕێتەوە
چی بکەم زوڵمی حوکمڕانی وڵات ڕامی فڕاند
تووڕی هەڵدامە وڵاتێ دووری هەر نابڕێتەوە
دەشت و شارم لێ ئەکاتە چاوو ڕاوی من ئەکەن
بۆچی؛ چونکە عاشقم دەستم ئەبێ ببڕێتەوە
عاشقی نەک تۆ هەموو ئینسانی سەر ئەرزم گوڵم
شۆڕشێ بەرپا ئەکەین تۆوی ستەم ببڕێتەوە
تا هەموو ئینسان لە دینی ڕستگاری بێ و بژی
ڕێگەیی ئاسوودەیی بۆ گشت گەلێ بکرێتەوە

جانەوەر بێ یا دڕندە یا بڕندە تیغی زوڵم
هەر لەڕووی خۆی کار ئەکا ڕیشەو ڕەگی ئەبڕێتەوە
گەر تەمای وابێ لە ئازاد خواهی خۆمانمان بخا
خەڵت ئەکا بەو تیغە سادە ژینی خۆی ئاکرێتەوە
توخوا ئەی یاری پڕ دیدە جوان لێم زیزمەبە
چاوەڕوانم بە هەتا ڕۆژی ئەمەل ئەکرێتەوە

عارف حەمەرەجی

کریسمس

کریسمسە و زەماوەنە تۆ وای لە کۆڕی خۆشییا
لەگەڵ دۆست و کەسانتا مەستن لە بادە نۆشییا
منیش لە کۆڕی پەستی و لە نێرنەی ناخۆشییا
هەڵسام بە دەنگی نێوەوە لەژێر سزای ناخۆشییا

*   *   *

گو یم لێیە قاقای بە کوڵت نەی داتە ڕووت خو ێنی دڵت
گو یم لێیە زرەی پلپلەو بازنگ و گەردانەی ملت
پڕ دیدەمە تیشکی گلۆ پی کوڵمی هەر وەک نەسکلت
پڕ نارەزوومە نەشنەو ڕێکی چەک و کەل و پەلت

*   *   *

نەدا بەچاوما ڕەونەقی سووری کراسە تازەکەت
نەچێ بە دڵما یەک لەدوای یەک تیری چاوە بازەکەت
نەمخاتە هەلهەلەی خەیاڵ نێوەندی یاخەوازەکەت
نەمدا بەبەردی واقیعا دووریم لە نازو ڕازەکەت

*   *   *

کریسمسەو جەژنە لە ماڵی نێوە بەزم و خۆشییە
شەوی نازو نمایشە و دەمی عیشوە خرۆشییە
نەوەی هۆشیارە بێ هۆشە بێ هۆش نەبێ بێ هۆشییە
بادەگوڵێ، ڕووی تۆ دەگوڵ مەجلیس خرۆش و جۆشییە

*   *   *

منیش کزو کرژوڵە تەنها وام لە پانسیۆنێکا
لەگەڵ خەیاڵی خاوی خۆما دایمە واین لە نو ێنێکا
خەیاڵ نەڵێ ومنیش نەڵێم با هەردوو بین لە شو ێنێکا
بانگم بکە کریسمسە شەریک بین با لە پێکێکا

هاوڕێ بەرزنجی

دڵداری نوێ

لە چاوی تۆوەیە تاریکی دڵ ئێستا چراخانە
لەجێی پەیمانەو جەژنانە قوربانی نێو نیگاتانە
بەئیمەی گەر ڕەوا بینن غەریبین دڵ بریندارین
ڕەهەندی دەستی جەورین سایەتان ئەمڕۆکە جێمانە
دەسا فەرموو لەدەست نێین دەستی یەکتر هاوڕێ چاک بین
دەروون پڕ سۆزو دڵ پڕ کوڵ دەمار پڕ خوێنی مەردانە
ئەزانم کەی منت دیوە لەبەروەی واپەسەندم لات
لە پۆلی پێشڕەوی گەل داو لە جەنگی سەر شەقامانا
منیش لەو ساوە تۆم دڵ خست کە غونچەت کردبوو ئێکیل
لە بیستو حەوتی کانونا لە پێش تەرمی شەهیدانا
دەمێکی دیش لە خۆ دەرخستنێکا چوویتە سەر مینبەر
بەدەنگ و ڕەنگ و کردار چووی بەدڵما قارەمانانە
ئەوا زانیم بناغەی خۆشەویستیمانە ئازادی
وەکو سەرچاوەیی هەست و دروستی و بەرزی گیانمانە
دەبا عەشقیش برەنگێنین بە خوێنی دوو دڵی ئازاد
ڕوویی خۆ و خاکمان سوور کەین لە ڕۆژی جەنگ و مەیدانا
وەکو تەحسیلی حاسڵ مەر بڵێم تەعریفی ئازادی
بەسک تێرو بەبیر زاناو بەدڵ خۆشنوودی هەموانە
بەرو ئەنجام و سامانی هەموو دانیشتوانی ئەرز
لە پیشەسازی و زانست و فەن دا بۆ هەموومانە

داریکەلی ١٩٤٩

ئاخێز

ئەبینم ژینی گشتی تاڵە تا لەم ئەزمەدا مابین
مەحاڵە پێ بهاوین ئێمە تا لەم ڕێگەدا مابین
کەسێ گەردوو دڵی کا، ڕێگە ناکا دوو دڵی بەس بێ
ئەوی داماوی کۆشش بێ، مەحاڵە لێی وەشێ کەس بێ
لەبەر باری ستەمکاران مەناڵن، ناڵەباریمان
بەئرکەی ڕاپەڕینی مەردی مەیدانی ئەبێ دەرمان
لەڕێ لادان و پێڕەوە نانەچاڵی ترس و نامەردی
بەچار ناشێ ئەگەر چارت ئەوێ فەرموو جەوان مەردی
درەختێکە جەوان مەردی هەمیشە تاڵوودەی سەختی
لەدڕک و داڵی ئازارا ئەهاو ێژێ بەری پوختی
بەری ئازادی و ئاسوودەیی بۆ گشت و تیماری
هەموو زامی دەروون دەر هەزارها چەشنە بیماری

ئەڕێ لاوی بەهێز، پیری ئەبەن، کیژانی شۆڕ ئەنگێز
لە کوردستاندا وەک ئەوبەهاری زوو بکەن ئاخێز
هەموو لاولاو لاوناسا بەرەو پۆ پی هونەر بازی
لە فەن و عیلم و سنعەت دا لە مەیدانا چەک ئەندازی
هەموو پیرێ بەری بیرێ گرانمایەی درەختی ژین
بەدڵسۆزی بدەن دەرخواردمان، فێرمان بکەن ئەبەزین
هەموو کیژێ بێتە مایەی جۆشش لە فرمانا
هەوێنی پاکی خوو بەرزی ڕەوشت گوڵ بن لە ناومانا
لە کوردستانی مەزنا سایەداری و پایەداری کەین
بەفەن و عیمم و دانایی لەگەڵ عالەم برایی کەین
ببینە میللەتێکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو ی وا
نەکەس زۆرمان بەسەرداکاو نەزۆرمان بێ بەسەر کەسدا

گوڵی کوردستان

گوڵە جوانەکەی دەشتی کوردستان
بە بولبلێ بم بۆ تۆ نەغمە خوان

گوڵی زەردوو شین ناڵی تارایی
سەد تەرزن بۆسەر بووکانی شایی
وێنەی بی وێنەی دەستکردی خوایی
عاشقان مەست نەکەی نەبن هەوایی

کچی نەوبووکی وەرزی بەهاری
شیرین و ڕەنگین گەلێ ناوداری
پەری دەشت و کێو نەک بەندی شاری
هاوڕێی ئازادی نەوەک ئازاری

دڵم وەک پەڕەی تۆ بێگەردو پاک
عاشقی ئازادیم نەترس و بێ باک
منیش وێنەی تۆ نەکۆشم چالاک
لە زستانی حەور نابم ترسناک

ئەی دڵ کەوا بوو وابەستەی گوڵ بە
لە خۆش و یستنیا هەتا سەرچڵ بە
ساردی نەنوێنێ وێنەی "ئەسکڵ" بە
کە بە گوڵ نابی بە گڵی گوڵ بە

ئەی گوڵ تۆ تاجی سەرکۆساریی
تۆ خشڵ و ڕێڕی سەر هەژارانی
تۆ ئارام دەری دڵ ڕامارانی
باخی گشتلایی هەموو کوردانی

ئەی گوڵ پەڕەی ئاڵ نموونەی مێژوو
مێژووی خوێناوی ئەم گەلەی پێشوو
نەک هی شاو میری، هی چینی ماندوو
لە خوێنی دڵی ملیۆنها تیاچوو

ئەی گوڵ پەڕەی شین جارێ لە جاران
حاڵ بوو لەسەر لێو یا کوڵمی یاران
یا وێنەی وەفای دەستەی دڵداران
یا تەعزییە باری چینی ڕەنجدەران

ئەی گوڵ پەڕەی سوور تک تک خوێنی دڵ
بنجت پاراوی فرمێسکی لە کوڵ
دەست و پەل و مل چلها لەسەرچڵ
خوێن و فرمێسک و دەسیش بوون بەگوڵ

ئەی گوڵ پەڕەی زەرد مژدە بەو ئەمەل
ڕۆژی بەختیاری وا دێتە سەرکەل
کەلێ لە کەللەی پێشەنگانی گەل
شەو ئەبڕێتەوەو نوستن لە ئەمەڵ

(گۆران)ی دووبارە نەمر

دەبگری هەورەکەی پایز، بە کوڵ بگری بەسەر ئاخر گەڵاو ئاخر گوڵا، بەسەر ئاخر ڕۆژی گۆرانا.. بۆ گوڵی خوێناوی دڵی دڵدارانی دڵسۆز، بۆ گەشتی فەرەداخ و سیاچەمانەی هەورامان، بۆ جوانی بێ نازی لادێیی وەک وەنەوشەی بێ تووتڕک خامۆش، بۆ ئەستێرەی دەم کەلی ئاوا بوون، وێنەی دڵۆپی ئاو بەسەر لێوی تینووەوە، بۆ نەبەردی و ئاڵیی ئالای ئەرری گوڵە هێرۆی ناو دڕک و پووشی قرچەی هاوینی گەرم و وشک...

دەبا بگری، بە کوڵ بۆ بولبولی کوردو گۆران، بۆ قاسپەی شاکەوی بابان و سۆران. دەمێکە خۆم ئامادەکردبوو بۆ ئەم کۆست و کارەساتە، لەوکاتەوە کە بیستم دەردەکەی چییەو چۆنە، وەک یەکێک بیەوێ کەمێک دڵی خۆی بداتەوە و خۆی بخاوێنێ.

پرسیم لە هاوڕێ هەواڵ دەرەکەم، تۆ بڵێی چەند ساڵێکی کە بژی؟ وەڵامی دامەوە:

-ئائا.. دکتۆرەکان ئەڵێن هیچی نەماوەو چاک چاک بۆوەتەوە. بەڵام منی ماران گەستە بەم مژدە خۆشە دڵنیا نەبووم، چونکە یەک دوو حۆشەویستیکم بەم دەردە گرفتار بوون و جوانەمەرگ بوون. لەگەڵ ئەم خۆ ئامادەکردنە و دەست لێشتنە پێشەکییەشدا کە پێیان وتم:

(گۆران مرد) وەک بڵێن زەڵم وشک بوو، یان قاسپەی کەو لە چیاکانمان بڕا، شوێن هەوارێکی چۆڵ، شتێکی وام هاتە پێش دڵ و چاو.

نامەوێ وەک هەندێک کە هەر کەسێک دوو تیپ و لەتێکی نووسیبێ کە ئەمرێ ئەیکەن بە بلیمەت و فریشتە و پەری و پاڵەوان، ئەڵێم نامەوێ لەسەر ئەو ڕەوشتە کۆنە بڕۆم، چونکە بەو چاوە تەماشای ڕۆیشتوو ئەکەم کە ئادەمیزادێکەو لە ناو کۆمەڵێکدا و لە ژێر باری ڕژێم و گۆڕەوانێکدا ئەژی لە پلەیەکی مێژوویدا. هونەر و بەرهەمی تایبەتی کەسێک تارادەیەک دەستەڵات و ماوەی هەیە لە ناو ئەم سنوورە ناسینانەدا. وەک (تۆلستۆی) وتویەتی: ئادەمیزاد وەک ڕووبار وایە لە هەندێ شوێن تەنکەو لە هەندێک قووڵە، لێرە لێڵەو لەوێ ڕوونە.

لەبەر ئەوە ناتوانن بڵێن هەر تەنک و لیلە، یان هەر ڕوون و قووڵە، بەڵکو ئەتوانین بڵێین لەگەڵی شوێن قووڵ و ڕوونە، ناوابیە.

بەڕاستی گۆران ڕووبارێکی مەزن بوو. ناڵێم دەریا. چونکە وڵاتەکەمان دەریای تیاییە، یان هیچ نەبێ ئەمڕۆ نییە، گۆران ڕووبارێک بوو لەو ڕووبارانەی کە تادەست ئەڕۆیشت بەناو دەشت و هەردەو هەڵەتی ژیانا بەفەرتر و ڕوون ترو قووڵتر ئەبوو. نەک وەک هەندێک ڕووباری بێبەر کە لە سەردا بەهاژە و لرفە و کەف و کوڵ دێن و لە پاش کەمێک پەرش و بڵاو ئەبنەوەو ئەبن بە هەڵم و گەنکاو، یان هەر بە جارێک وشک ئەبن. مریشکە بەکرێ تیا بنێرەوە. بەر لەوەی گۆران بەچاو ببینم، وەک هەموو لاوێکی خوێندەواری سۆزانی دڵ و دەروونم هەستی پێ کردبوو، ئەویش لە ڕێگای هەڵبەستەکانییەوە، ئەوسا ئەوەندەم هەست کردبوو کە شتێکی جیا کارو تازەیە. لە هەڵبەستەکانی (سالم) و (نالی) ناکاو کەچی شیرین و بەسۆزیشە. لە هەولێر بوو کەبینیم لە ماڵێک لەسەرخوان یەکترمان ناسی، دوو چاوی گەورەی گەش و ڕەشی بریسکەداری ڕیندوو، داخەکەم لەم دواییەدا ڕۆژگار ئەو گەشی و بریسکەیەی کرو تەماوی کردبوو، نیشانەی دووربینی و وردبینی بوون. لە جیهانی جوانیدا هەستی تینوویەتیت لێ ئەکردن، ئەو بریسکەیەی کە لە گەشیی ڕەشاییەکەوە دەرئەچوو، تینوویەتییەکی بە سۆزی لێ ئەبینرا، تینووی جوانی خۆشەویستی، لە سروشتا، لە ڕوخسارا، لە گیانا، گۆران گیانێکی تینوو بوو، تینوویەکی دەروون سووتاو، لە هەردەو هەڵەتی ژیانیا، لە ژێر باری گرانی گوزەرانیا، لە ناو قەفی زنجیرو داوی کۆمەڵە دواکەوتووەکەیا، بۆ سەرچاوەیەکی ڕوون و ڕەوان خۆشگەوار ئەگەڕا.

گۆران بوێژ و خاوەن فێرگەی نەتەوایەتی لە هەڵبەستا

گۆران کارێکی کاریگەر و شوێن دەستێکی دیاری هەیە بە هەڵبەستی نەتەوەکەیەوە. هەر چەند پیرەمێرد پێشڕەوێکی مەزن بوو بۆ سەرمەشقی نووسینی کوردی پەتی و لە گێڕانەوەی هەڵبەستی کوردی دا بۆ سەر ڕەوتی نەتەوایەتی، بەڵام گۆران ئەم کارەی گەیاندە ئەنجام و بەیەکجاری چەسپاندی، گیانی کوردی کردەوە بەبەر هەڵبەستی کۆنداو بۆن و ڕەنگی تایبەتی زمانەکەمانی لێ دایەوە، پاش ئەو سەردەمە دوورو درێژەی کە لەسەر ڕەوتی خۆی لای دابوو. لەسەر ڕەوتی بێگانان ئەڕۆیشت و بۆن و ڕەنگی بێگانەی گرتبوو. جاران هەڵبەستی (جەزیری) و (سالم) و (نالی) تا (حاجی قادر)یش بخوێندرایەتەوە ئەگەر لە قسەکان نەگەیشتیتایە، هەر دەنگ و ئاوازەی ڕەوت و مۆسیقاکەیت ببیستایە، لە هەڵبەستێکی عەرەبی، یان فارسیت جوێ نەئەکردەوە، بەڵام پیرەمێرد و گۆران هەواو ئاوازەیەکی تایبەتییان دایەوە بە هەڵبەستی کوردی، ڕێک و دروست لەگەڵ گیان و ڕەوت و مۆسیقای زمانەکەمان دا.

ئێستە هەر کەسێکمان گوێمان لە ڕەوت و ئاوازە و مۆسیقای هەڵبەستەکانی گۆران و شاگردەکانی بێ ئەیناسێتەوە کە هەڵبەستێکی کوردییەو فارسی و عەرەبی نییە.

بەڵێ وەک برنج و گەنم بە وەزنەو بە قساع و بە زەنبیل نواندە ئەکرێت هەروەها هەڵبەستیش بە (تەفعیلە)ی فەراهیدی و بڕگەی (سلاب)ی ڕۆژئاوایی، یان وەک ئەڵێن بە پەنجەش ئەکێشرێت، بەڵام بەعدا بەوەزنەو کورد بە زەو شوێنێکی کە بە قساع. ئەمە لە موسیقا و مەقامەکاندا جوانتر دەرئەکەوێت. مەبەستم سەقڵ و نیشانی زمان و نەتەوەیە بە هەڵبەست و گۆرانییەوە. بڕوانە (سێگاە و چوار گاە) لە فارسییەوە تا عەرەبی چەند جیاوازی هەیە، مەگەر وەستاو شارەزاکان بیان ناسنەوە و بزانن کە یەک مەقامن.

ئەمەیە شوێن دەستی گۆران بە هەڵبەستی کوردییەوە. هەڵبەستی کوردی بە ڕێی کوردی ئەپێورێ و لەسەر هەواو ڕەوتی مۆسیقای زمانەکەمان ئەڕوا. قولییەکەی گۆران ئەوەیە کە بە دوای تازەدا ئەگەڕا. تازەی بەهاو بایەخدار، بۆ گەوهەری شاراوەی ژیان و سروشت ئەگەڕا لە لاسایی کردنەوەی پێشووتان لایداو خۆی ڕزگار کرد. هەر چەند لە سەرەتادا چەند هەڵبەستێکی لاسایی کاری هەیە. ئەوە شتێکە هەموو تازە هەڵچووەیەک ئەیکا تا دەستی دار ئەگرێت و خۆی بە چاکی ئەناسێ. ئەگەر بلیمەت و هەڵکەوتوو بێ سەقڵ و نیشانی تایبەتی خۆی لەبەرهەمەکانی ئەدا وەک گۆران کردی. لەبەر ئەوەیە گۆران گەیشتە ئەو پایەیە کە ئەمڕۆ یەکێکە لە بوێژەکانی جیهانی ئەم سەردەمە.

گۆران بوێژی جوانی بوو. جوانی سروشت و جوانی گیان. شەیدای دیمەن و ڕوخساری شیرین و شۆخ بوو، بەڵام ئەو هەر بە بەرگ و ڕوخسار و ئاڵ و واڵاوە نەئەنووسا و نەئەوەستی، بەڵکو وێڵی گەوهەری شاراوەی ژیان بوو، بۆ گیانی دیمەن ئەگەڕا، شاراوەی ناو دەروون و بۆی پەڕەی هەور و باران، ناو دڵ و سەر لووتکە بەفرینەکان، ژێر گەڵاو گوڵ و ناو دارستانی نزارەکان، وەک پەپوولەیەکی باڵ ڕەنگینی ناو مێرگێکی چرووپری بەهارێکی تەڕو تازە.

بەڵام گۆرانی تێکۆشەر و ئاشتی پەروەر و ڕۆژنامەکەر، گۆرانی ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عیراق و مامۆستای زمانی کوردی، گۆرانی دۆستی گەلان و ئازاردیدەی ناو زیندانی نۆکەرانی ئیستعمار، گۆرانی کۆڵنەدەرو بەرەو تازە و بەرەو ڕووناکی ئاشتی و برایەتی تا ئەهات بە هەڵمەترو بەتاوتر، ئەمانە، ئەم هەموو قووڵی و ڕوونییانە گۆرانی کرد بە (گۆرانی دووبارە نەمر)، نەمری هونەر و ئەدەب، نەمری تێکۆشان لە ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمان و ئادەمیزاددا.

گۆران ڕوو ڕۆیشت و بەجێی هێشتین. وایش بزانم درەنگ جێگەی پڕ ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە گریانی هەوری پایز لە جێی خۆیەتی دەبا بگری بە کوڵ بگری بەسەر ئاخر گەڵاو ئاخر گوڵ و ئاخر ڕۆژی خۆی و گۆرانا بگری بۆ گۆران، نە بۆ هاوڕێکانی، بۆ ئەدەب و هەڵبەستی کوردی. بۆ چۆڵی شوێنی ئەم ڕۆژە ناهەموارەمان دا، هەرچەند گریان جێی هیچی نەگرتووەو ناگرێ. بەڵام بەرامبەر بە مەرگ هەر گریانمان هەیە وەرام

گرتووخانەی بەغداد

١٩٦٢/١٢/٣

ڕۆڤار
ژمارە
٦٣
ڕێبەندانی
٢٧١٠
کوردی

کامەران و دیارییەکەی

مارف بەرزنجی

کامەران هۆنەرێکی تازە ناسراوە، لەو ساتەوە کە پارچەیەک لە شیعرەکانی لە لاپەڕەکانی (هیوا)دا بلاوکرایەوە ناوی هاتووتە ناو ناوان و بەڕاستی شیعرەکانی شیرین و دلگیرن. کە (دیاری)یەکەیشی پێشکەش کرد پەسەند کرا. بێگومان خاوەنی هەستێکی ناسک و گوفتارێکی شیرینە، شیعریش ئەوەیە کە هەست و بیرێکی جوان لە گوفتارێکی شیرین و ڕێکا جێ بگرێتەوە. ئەگەر ئەو هەست و بیرە جوانە بەکەلکیش بێ ئەوە پەڕەی هونەرە لەم ڕووەدا.

لێرەدا ئەمەوێ چاوێک بە دیوانەکەی ئەم شاعیرە تازەیەمان دا بخشێنم و چ شتێکم بەرچاو بکەیوێت بۆ خوێندەوارانی (شەفەق)ی بنووسم. شیعر و نووسین پارچەیەکن لە بوونیاد و گیانی نووسەرەکەی، چونکە لە دووتوێی وتەو گوفتارەکەیدا گیانی خۆی دەرئەخا وەک جوانی نقێمێکی بەنرخ لە ئەنگوستیلەیەکی زێڕدا یا پرتەوی ئاوێکی ڕوون لە پیالەیەکی بلووری بێ گەرددا.

ئێنجا با لە پێشەکییەکەوە دەست پێبکەم:

کاک کامەران بیروباوەڕی خۆی دەرئەخا لەبارەی نووسەر و هونەر، لە ئوسلوب و ئامانجی هۆنراوەی کۆن و تازەمان ئەدوێ، بەڵام بە ڕاستی دوانەکەی کاڵ و بێ سنوورە. جوانە کە ئەڵێ (پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە بۆ خەڵک ئەنووسی نەک بۆ ڕابواردن) و (نووسین لە ئایدۆلۆژییەکەوە هەڵ ئەقوڵێت وشکە) بەڵام کە باسی نووسین ئەکا لێمان تێک ئەچێ نازانین مەبەستی لە نووسین شیعرە یا نووسینی پەخشانە، یا هەموو نووسینێکە ئەدەبی بێ یا ئەدەبی نەبێ کە ئەڵێ (هەر نووسینێک بیروباوەڕێکی بەرزو جوانی تێدایە و ئەدەبیش نییە بیرو باوەڕی ئەندازیارێک لەبارەی نەخشەیەکی تایبەتییەوە بۆ دروست کردنی خانووی ڕێک و پێک بۆ کرێکاران یا بەستێکی گەورە بۆ لافاو بەربەست کردن و ترسی خنکان و نەهێشتن لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەی دەشتێکی بێ ئاواد.

کاک کامەران ژیان و زانستی و نووسیاری تا پێش بکەوێ پتر پێویستی بە وتەی سنووردار هەیە وەک بەزمانی عەرەبی کە ئەڵێن (ئەدەب) خوێندەوار یەکسەر تێ ئەگا مەبەست چییە؟ بەڵام کەوتت نووسین بە زمانی کوردی ئەدەب و شتی تریش ئەگرێتەوە. بۆ ئەوەی مەبەست یەکسەر بگەیەنینە بیری خوێندەواری و هەر باسێکمان کرد سەرویی و سنووری خۆی هەبێ لە شوێن وتەی تایبەتی خۆی بگەڕێین، ئەگەر بە وتەیەکیش نەگەیشتن بەمەبەست بابە رستێک لە وتە پێکی بێنین.

لە پێناسەی نووسینی بەرزو جوان و پەسەند ئەڵێ (هونەرێکی جوان و بیرێکی بەخزمەت) ئەمە هەموو هونەرێک ئەگرێتەوە، وەک وێنەگری و پەیکەرتاشی و سینەماو لاسایی... تاد بەڵام پێناسەی ئەدەب ئەمەیە (مانای ئاوازە لەوتەی جوان دا).

لە بابەتی ئامانجی شیعرەوە ئەڵێ: (جاران شانازییان بەحێڵ و بنەماڵەوە ئەکرد ئەمڕۆ بەنەتەوە) بەڵام ڕاستییەکەی ئەمڕۆ ڕۆژی شانازیکردن بە نەتەوەوە نییە بەڵکو ڕۆژی خزمەتی نەتەوەکردنە، چونکە شانازیکردن بەنەتەوە ئەبێ شکاندنی نەتەوەیەکی تری تیابێ، وەک حۆت ئەڵێی کە حوشو یــــن بێ قین نابێ، شانازیش بێ شکاندن نابێ، بەتایبەتی ئەمڕۆ ڕۆژی یەکسانی نەتەوەکانە و ئەبێ وەک یەک سەیر بکرێن و هیچ نەتەوەیەک نابێ شانازی بکا بەسەر نەتەوەیەکی تردا بەڵکو ئەبێ برایەتی و یارمەتی هەبێ لە نێوانیان دا.

لەلایەن شیعری کۆنەوە ئەڵێ (پەیڕەوی ئوسلوبی فارس ئەکا) لێرەدا باش بۆی نەچووی چونکە عەرەب و فارس و کورد و تورک هەموویان لەسەر یەک ئوسلوب شیعریان وتووە کە (عرووز)ە ئەگەر ئوتونایە ئەدەبی فارسی کاری تێکردووە ئەمە ڕاستە، چونکە خوێندنی نووسەر و هۆنەری کۆنمان فارسی و عەرەبی بووە لەبەر ئەوە ئەدەبی ئەم دوو زمانە کاریان زۆر کردووەتە سەر ئەدەبی کۆنمان بەڕادەیەک تام و ڕەنگی کوردی بیانەهێشتووە، چونکە زۆربەیان وتەو ڕستەی کوردی نین بەڵکو فارسی و عەرەبین لەبەر ئەوە تام و ڕەنگی فارسی و عەرەبین. بەلای کاک کامەرانەوە وەک باشترین نموونە لە ڕووی ئوسلوبەوە کە شێوەی کوردەوارییان گرتووە لە کۆن و تازەدا مەولەوی و وەلی دیوانە و ئەحمەد موختار و گۆران کەلێکی تریش لەسەر شێوەی نەتەوایەتی هۆنراوەیان وتووە وەک: ئەخۆڵ، هەژار، جگەر خوێن، بێکەس، بەختیار زێوەر، دڵدار، کاک کامەران گەیشتووەتە بەختیار زێوەر وپیرەمێردی بیرنەکەوتووەتەوە کە مامۆستای (گۆران)یشەو تازەکەرەوەی ئەدەب و نووسینی کوردییە بەشێوەی کرمانجی ئەمڕۆ و پێشەوای نووسینی کوردی پەتییە بە هۆنراوە و پەخشان.

دەبا وردە وردە لە گوفتارەکانی ورد ببینەوە:

مەولەوی و وەلی دیوانە بە شێوەی هەورامی شیعریان وتووە کە شێوەیەکی هەرە کۆنی کوردییە بۆ وتنی شیعر و هۆنراوەی ئەدەبی و ئایینی، ئەمڕۆ باوی نەماوە و شێوەی کرمانجی بەسەردا زاڵ بووە و نایەتە بەرچاو کە بیێتەوە بە زمانی شیعر و نووسیاری بۆ کەلی کورد. لەم باسەدا کامەران شێوە و ئوسلوبی بەیەک مانا بەکارهێناوە بەڵام شێوە (لەهجە)یەو (اسلوب) کە عەرەبییە کوردییەکەی زیاتر (ڕێگا، بابەت، تەرز) جێگای ئەگرێتەوە. ئەمڕۆ کورد ئوسلوبی تایبەتی نییە بۆ شیعر، هەروەها هیچ نەتەوەیەک ئوسلوبێکی نەتەوایەتی نییە. ئەتوانین بڵێین جاران کوردی بە ئسلوبی (عروز) شیعری دانەنا ئەمڕۆ بە ئسلوبی ڕۆژئاوایی شیعر دائەنێ کە جیاوازی لەگەڵ ئوسلوبی پێشوودا ئەوەیە پەیوەندی تەنیا قافییەیەک نابێ بەڵکو جارجار لە وەزنیش لائەدا. ئەحمەد موختار جاف هیچ شیعرێکیمان نەدیوە بەشێوەی مەولەوی وتبێتی یا لەسەر ئسلوبی تازەی ئەمڕۆمان بەڵام ئەحمەد موختار لە لایەکی ترەوە لە هۆنەرە پێشەواکانە لە مەیدانی نەتەوە پەروەریدا.

کاک کامەران وای داوەتە قەڵەم کە خۆ نەبەستن بە قافیەوە شێوەیەکی (مەبەستی ئوسلوبی) نەتەوایەتی کوردییە بەڵام وەک لەسەرەوە وتمان ئەشێوەی پێ ئەڵێن و ئەهی کوردیشە بە تەنیاو تازەیش نییە. ئەگەر مەبەست خۆ نەبەستن بێ بەقافیەوە، چونکە حافزی شیرازی و فیردەوسی و گەلێ هۆنەری کۆن شیعری وایان وتووە بۆ نموونە بڕوانە ساقی نامەی حافز، هۆنراوەی ڕۆژئاوا زۆرترینی لەم بابەتەیە، نووسینی ئەدەبی ئەمڕۆی کورد وەک نووسینی ئەدەبی گەلی لە هاوسێکانمان پەیڕەوی ئەدەبی ڕۆژئاوا ئەکا لە بابەت و لە شیعر و لەبیردا. ئەو تام و بۆن و ڕەنگی نەتەوایەتییە کە ئەو ئەیبینێ لە شیعری ئەمڕۆمان دا هی ئەوەیە کە بە کوردی پەتی ئەنووسرێ، شاگردی ئەوە، هونەری ئەم ئەوەیە کە توانی ڕوو خۆی لە بابەتی کۆنەوە بگۆڕێتە سەر بابەتی تازەو هەوڵی دا بە کوردی پەتی ڕەوان بنووسێ و لەسەر شوێن پێی پیرەمێرد

بڕوات و پێش بکەوێ. تام و بۆن و ڕەنگی نەتەوایەتی لە شیعری دا وەک لە شیعر و نووسینی پیرەمێردا زۆرتر هەستمان پێ کردووە و ئەمرۆیش لەهی شاگردەکانیانا هەستی پێ ئەکەین و بەم هۆیەوە:

١-ئامانجی تازەی گەلی کوردی پێ دەرئەخرێ.

٢-بە کوردی پەتی ئەنووسرێ.

شیعرەکانی کۆن چونکە پڕ بوون لەوتەو ڕستەی بێگانە کە زۆتریتیان لە عەرەبی و فارسی پێک هاتبوون و ئامانجێکی گەلی کوردی تیانەبوو، ئەم تام و بۆنی کوردییە ئەمرۆی لێ نەدەهات و بۆنی ئەو زمانە بێگانەیەی پێوەبوو. والێرەدا دووبارە ئەلیسمی وتەی کوردمان بۆ دەرئەکەوێتەوە کە بە وتەو ڕستەی کوردی پاک و ڕەوان بنووسی ڕەنگ و بۆنی کوردی ئەبێ، هی زمانی بێگانەی تێ بخەی هی بێگانەی ئەبێ.

کاک کامەران تاڕادەیەک هەستی بەوە کردووە، بەڵام بە پوختی نەی خستووەتە پێشەکییەکەیەوە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم خۆی ماندوو نەکردووە بە نووسینی ئەم پێشەکییەومو جڵەوی بۆ پێنووسەکەی شل کردووەو چی بەبیردا هاتبێ دەم و دەست نووسیویتی. بەڵام ئەبوایە ئەوەی بخستایەتە پێش چاوی خۆی کە نووسینی پێشەکییەکی وا ئاسان نییە، ئەبوایە پاش لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەیەکی ورد بینووسیایە، وەک ئەڵێن نووسینی پێشەکی لە دانانی کتێب گرانترە. چونکە ئەم پێشەکییە دەرسێکە لەسەر پێشەکی لە دانانی کتێب گرانترە. چونکە ئەم پێشەکییە دەرسێکە لە سەر ئامانج و بابەتی (ئوسلوب)ی ئەدەبی کۆن و بۆ یمان و لە هونەری گەلێ لە هۆنەرە بەناوبانگەکانمان ئەدوێ. بە پێویستم زانی لەکەم و کووڕی و نەکوڵاوی چاو نەپۆشم. ئێنجا با بێینە سەر باسی شیعرەکانی کامەران.

(دیاری)یەکەی لە بیست و حەوت پارچە شیعر پێک هاتووە، تێکڕا جوان و بەرزو بەجۆشن. ئەتوانم بڵێم کامەران هۆنەرێکی سەربەست و تەڕو شیرین گوفتار و بەجۆش و تین دەرە بەدڵ و هیوا.

ئەگەر وەک خۆی ئەڵێ هەر ساڵێک و چەند مانگێک بێ دەستی دابێتە هۆنراوە دانان بەڕاستی زۆری داناوەو زۆربیەکەیشی بۆرنییە و ڕەنگینە. لە بابەتا شاگردێکی بێ گەبشتووی مامۆستا گۆرانە، کەمێکیش پرتەوی هەردی لە شیعرەکانیدا دیارە بەتایبەتی لە سۆزی ناسۆری دلداری لێتێک چووی بەهۆی خاوەن تەلار و ڕێرەوە.

١-شیعری (پایز)ی نەبەزین و کۆڵنەدان دەرئەخات لەگەڵ هیوای سەرکەوتنا. بابەتێکی (ڕەمزی)یەو شیعرەکانی شیرین و ڕێک و بەجۆشن، ئەگەر ناهەمواریییەک هەبێ لەم شیعرەدا هەبە کە ئەڵێ

من لە ناو دڵما هەر لالەزارە
هەمیشە بەهار ڕۆژی بەهارە

مانای (هەمیشە بەهار، ڕۆژی بەهارە) تێناگەم.

٢-شیعری (کچە شوان) لە بابەتی شیعری ئازادە و هێشتا کچە شوانی کوردیش شمشاڵ ژەنی تیا هەڵنەکەوتووە، بەڵام چونکە دەروونییە بێ کارێکی دروستە.

٣-(پەنجەی تمزیو) لە پیاهەڵدانی دیمەنی زۆرشتا سەر کەوتووە، لە دڵسۆزی و بەزەیی جووڵاندن دا لە (الیتیم) ی (ڕەسافی) کەمتر نییە بەڵکو کاریگەرترە.

٤-(بووکی لادێ) دیمەنێکی ڕاستی بووک و زاوای ڕەنجبەرانی لادێکانی کوردستانە، لەگەڵ داستانێکی ڕووداوی هەزاران جارەی ژینی کۆمەڵایەتیمانە تا ڕۆژی ئەمرۆ.

٥-(میوەی ئازدار) وێنەی تازەی تیا ئەبینین وەک (کەشتی ئاواتی ڕەنگ ئاڵتوون لەناو ڕووباری دەروون) ئەڵێی خەیاڵی (بەدر شاکر سەیاب)ە.

٦-(پەشیمانی) لە داستانی دڵی بریندارێ خۆی هەڵقوڵیوە ئەو داستانەی کە خەمی بەسەرا سەپاندووە بە جۆرێ کە لە زۆرترین شیعریدا ئەو وتەیە ئەخاتەوە بەرچاو کە بەهۆی پارەو تەلاری خواپێداوەکانەوە کچۆڵەیان لێ ڕفاندووە.

٧-(یاد) ئەڵێی مامۆستا گۆران وتویەتی، وێنەیەکی دلداری تیا دەرخستووە کە بۆ ئەمرۆ دەست ئەدا کە لە سەربەستی و یەکسانی هەردوولاو سەرکەوتنی هۆش بەسەر عاتیفەدا پێک هاتووە.

٨-سێ شیعرە وەرگێڕاوەکانیشی کە (ڕووبەڕووی مردن) و (قورتبە) و (من ڕەشم)ن بۆمان دەر ئەخات کە دەستێکی درێژی هەیە لە شیعری بێگانە وەرگێڕان دا بۆ سەر زمانی کوردی بەڕەنگ و بۆی خۆیەوە.

٩-(شاژنە جوانەکە) دلداری ڕەوشتی بەرز ئەهۆنێتەوە.

١٠-(گریانی خۆش) وەک (پەشیمانی وایە) هەروەها (هێلانەی ئارام)یش لە داستانی بەسەرهاتی دڵی خۆی وەری گرتووە و بەرزترە لە دوانەکەی تر، بەتان و پۆیەکی ڕێک پەشێوی دڵداری ئەبەستێ بەمەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییەوە کە ئەویش کچ و فرۆشتنە.

١١-(ئەستێرە و مەل و خەزان) بەجوانی نەمردنی کۆڵنەدان و نەبزین پیشان ئەدات.

١٢-(نیـوەمە) لە بابەتی شیعری (ڕەوانە) کە بەبێ زۆر وردبوونەوەو بیرکردنەوە داخی دەروونی خۆی ئەداتەمەر. داوا لە هەورەکەی ژیان ئەکا بارانێ تینوویەتی بشکێنێ کە لە بیابان تینووترە، لاغاوێ هەستێنێ قەڵای سەختی سزاو نەبوونی بەرێ.

١٣-(زەردەخەنە) دیسان وێنەی تازە و جوانی تێدانە وەک (ئاسۆی دەروونی نەرم و کۆشی خەیاڵی) لەگەڵ نرخی دڵداری ڕاستیو

مایەپووچی و هەڵحەڵەتاوی ڕێڕو تەلار نەحانە رووی یەک.

١٤-(دباری) شێوەی گۆرانی پێوە دبارەو دباربیەکی شیرین تارەو گەرمە.

١٥-(پەنجەی ژیان) داستانی ناگرۆری ژیانی کۆمەلایەتیمان ئەگرێتەوە کە پڕە لە چاوبەست و بهێ بڕی.

١٦-(جوانی بەهار) بە بەهاری کوردستانیا وتووە، بەرزوجوانە، بەلام لە شیعری یەکیدا ئەڵێ (ئاوی کەڕ) نازانم مانای ئەم ئاوی کەڕە مانای چییە؟

١٧-(جارانم) گوڕینەوەی خوشەویستی

١٨-لە (ڕەهێڵە)دا جوانی و ڕەوانی و چەپەڵی و ڕەوشت بەرزی ئەبینیین، جوانی گوفتار، روون و ڕەوانی پێنووسەکەی کامەران، چەپەڵی و بەدخوویی گەلێ لە خاوەن تەلارەکان لەگەڵ بەرزی ڕەوشتی هەژاردا.

١٩-(کچەکەی خوێ) لەسەر بیری هەڵبەستی (ڕەهێڵە) ئەڕوات، بەلام وتەیەکی بە هەڵە بەکارهێناوە ئەویش وتەی (کەژاو)ە کە لە دامێنەوە بە ئاو کەژی لێک داوەتەوە. کەژاو ئەگەر بەیەک واتای دانایێ بەشتێکی تر ئەڵێن کە دوورە لە ئاوی کەژ، بەلام ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی پێی نەئەویست هەر لە شوێنی خۆیدا بەدوو واتای دابنێ مانای خۆی ئەگەیەنێ.

٢٠-(لافاو)یش کاری خۆی کرد و خزمەتی خۆی بەجێ هێنا.

لە ئەنجامدا بەهیوام کاک کامەران هونەرێکی تازە پێگەیشتووی بەرزمان بێ چونکە نووسینی کردووە بە خوو، بەگوێرەی زۆری شیعرەکانیدا لە ماوەیەکی کەمدا. نووسینی شیعر هاتە سەرو کەوتەڕێ بۆ بەرگری کارەساتی لافاو لەسەر ئەم تاوو جۆشە بڕوات زۆر پێش ئەکەوێ چونکە نووسیاریش وەرز نووسەر و هونەر تاپێر بنووسێ بەهێزتر و بەتواناتر ئەبێ.

ئەگەر کەمێ ڕەخنەیشی لێ بگرین ئەوە ناگەیەنێ کە باڵا نییە لە هونەری نووسین و شیعردا. خۆیشی ئەبێ باش بزانێ کە هیچ بلیمەتێکی شیعر و نووسین بێ ڕەخنە لێ گرتن سەرنەکەوتوون و لەسەدا سەدیش پەسەندنەکراون. نووسەرێ بۆ خەڵک بنووسێ ئەبێ گوێ بۆ خەڵکیش ڕاگرێ چونکە ئەو خەڵکە ئاوێنەی ئەون و ڕەخنەگرانی ڕاست و دڵسۆزی هونەر لەناو ئەو خەڵکەدا ڕاست کەرەوەی کەم و کوڕی ئەو نووسەرەن.

دووبارە بیار ئەکەم کاک کامەران بەهێزتر و هونەرمەند تر بێ لە سەردەمێکی نزیکدا بۆ ئەم خەڵکە.



مارف بەرزنجی

١٩٢١-١٩٦٣

د.مارف خەزنەدار

ژیانی

مارف کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ حوسێن بەرزنجی لە ١٠ی شوباتی ١٩٢١ لە ئاوایی قادر کەرەم لە دایک بووە. باوکی وەکو شێخێکی تەریقەتی قادری تەکیە و دامودەسگای دەروێشی بووە، بەڵام لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمەند نەبووە. خوێندنی لە قوتابخانەی سەرەتایی قادر کەرەم دەست پێ کردووە، لەو سەردەمەدا خوێندنی ئەو قوتابخانەیە تا پۆلی چوارەم بووە. ئیتر لەبەر ئەوەی باوکی نەیتوانیوە بینێری بۆ کەرکووک بەهۆی دەست کورتییەوە دوو ساڵ ماوەتەوە. ئینجا لەگەڵ شێخ حوسێنی برای چووەتە کەرکووک و لە تەکیە کۆنەیێکی خۆیان ژیاون. گوزەرەنیان زیاتر لە کولەمەرگیەوە نزیک بووە. لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی لە کەرکووک پێوەندی لەگەڵ پارتی هیوا کردووە. لە ساڵی ١٩٤٣ قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کردووە. لەو کاتەدا باوکی خوازبێنی کچێکی بۆ کردووە بەبێ ئەوەی چاوی پێی بکەوێ. لە دوای ژن هێنان بۆ ماوەی ساڵێک کارێکی مووچەخۆری بچووکی دەست کەوتووە، لە ساڵی ١٩٤٤ ڕووی کردۆتە بەغدا و لە کۆلیجی ماف(حقووق) بووە بەقوتابی. لەبەر دەست کورتی ماوەیەک لە کارگێڕی توتن دامەزراوە بۆ ئەوەی خوێندنی کۆلیجی ماف بباتە سەر.

لە بەعدا پێوەندی باسیاوی لەگەڵ ئازادیخواز و نیشتمانپەروەران کردووە. لە حزبپێشاندانەکانی ئەو سەردەمانەی بەعدا بەشدار بووە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ فەرمانی گرتنی لەلایەن دەسەلاتی میرییەوە دەرچوو. ماوەیەک خۆی شاردۆتەوە. لە هاوینی ١٩٤٨ کۆلێجی مافی تەواو کردووە و لە پاییزی ئەو ساڵەدا فەرمانی ئەوقاتی بۆ دەرچووە و بوو بەمحامی. لە کاروباری ئەوقاتیدا شتێکی وای دەست نەکەوتووە پێی بژی. بۆیە کارێکی لە کۆمپانیای نەوت چنگ کەوتووە، بەڵام زۆری پێ نەچووە وازی لێ هێناوە چونکە کاربەدەستە ئینگلیزەکان بە چاوێکی سووک تەماشایان کردووە، بەوەی لە بن دەستی کابرایەکی ئاسووری نەخوێندەواریان داناوە وەک یاریدەدەرێکی.

لە مارتی ١٩٥٠ بەهۆی جموجۆڵی سیاسییەوە ناچار بوو چوار مانگ خۆی بشارێتەوە بەدەربەدەری لە سەنگاو و قەرەداغ و شارباژێر ئەو ماوەیەی بردە سەر. وەکو دەیگێڕێتەوە لە ساڵانی ١٩٥١_١٩٥٢ گرێیەکی سایکۆلۆجی بوو، واتە حاشاکردن لەو بیر و ئیدیۆلۆجییەتەی باوەڕی پێی هەبوو، بەڵام زوو خۆی دۆزیەوە. ئەم دان پێدانانەی مارف بەرزنجی لە مرۆڤێکی ژیر و زیرەک و دڵسۆز هاتۆتە دەرەوە، دوور لە بیری عەشایەری ڕۆژهەڵاتییانەی دواکەوتوو، ئەم جۆرە کردەوانە دەشارێنەوە بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن، بەڵام مارف ئاشکرای دەکا بۆ ئەوەی لەسەری نەڕوا.

لەساڵی ١٩٥٦ لەبەر ئەوەی پشتی میسری گرتبوو لە دەست درێژییەکەی مەسەلەی سویس خرایە بەندیخانەوە. لە دوایدا ئازاد کرا. لە ساڵانی پێش کودیتا سوپاییەکەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە کەرکووک خەریکی کاری ئەوقاتی بوو. لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ەوە یەکێک بوو لە ئەندامە بەکارەکانی دەستەی نوسەرانی گۆواری((شەفەق)) تا هاوینی ١٩٥٩.

لە دوای کودیتاکەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بە سکرتێری ڕێکخراوی ئاشتیخوازانی کەرکووک هەڵبژێررا. لەپاشانا کرا بە سەرۆکی شارەوانی کەرکووک، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و لە دوای مانگ و نیوێک پاش ئاهەنگی بیرەوەری یەکەمی ١٤ی تەمموز، لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ١٨ کەس لە نیشتمانپەروەران گیراو هەموویانیان ڕەوانەی گرتوخانەی بەعدا کرد.

ئاژاوەی تەمموزی ١٩٥٩ لە شاری کەرکووک پیلانێک بوو کۆمپانیای نەوتی کەرکووکی سەر بەئینگلیز داینا بوو بە دژی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و دەستکەوتەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨لە سەرانسەری عێراق. ئەم پیلانە بە هۆی کۆنەپەرستانی عێراق و بەشێک لەو تورکمانانەی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بوون و تا پلەیێک دەست تێوەردانی ئێران و سووریا و میسر گەیشتە ئەنجام. کارەساتێک بوو کورد لە هەموو کەسێک زیاتر زیانی لێ کەوت.

مارف بەرزنجی لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩ەوە لە گرتووخانەی بەعدا مایەوە تا ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو لە دادگای بەغدا. لەدوای کودیتا فاشستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گوێزرایەوە بەندیخانەی کەرکووک و لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە کەرکووک لەسێدارە درا.

شیعری

مارف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٣٦ کە لەپۆلی چوارەمی قوتابخانەی سەرەتایی بووە یەکەم شیعری هۆنیوەتەوە. بڵاوکردنەوەی شیعری دواکەوتووە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە ڕۆژنامەی ((ژین))ی سلێمانی دوو پارچە شیعری بڵاوکراوەتەوە. بەرهەمی شیعری دەوروبەری ٣٠ پارچە شیعری لیریکییە.

مارف بەرزنجی شاعیرێکی خۆڕسکی ڕەسەنە، لە کۆمەڵی دەوروبەری بەتایبەتی باوکی چێژی شیعری بەهێز بووە و خەیاڵی لە مەشق و تاقیکردنەوە بووە لەهەموو بابەتەکانی شیعری کوردی، بەحری عەرووزی بەکارهێناوە. کێشی میللیی سیلابی خۆماڵی بەشی زۆری شیعری گرتۆتەوە. لە شیعری نوێدا کێشی زۆر و قافیەی ڕەنگاوڕەنگی لە لیریکێکدا بەکارهێناوە. گەمەی لە قافیەدا کردووە. یەکێتیی قافیە و مەسنەوی و هەمەڕەنگی هەیە. بەزۆری شیعری وێنەی لیریکی ئەوروپاییان وەرگرتووە. زمانی ئاسان و مانای لە ڕووە. هەندێ لە ڕۆمانتیکییەت نزیکە، بەڵام لە سیمبۆلیزم دوورە. لیریکی سەر بەقوتابخانەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتین، هەندێ جار وەکو شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) دەکەونە بەرچاو.

١

لە شیعرێکدا دڵداری دەکا بەهەوای غەزەلی کلاسیکی:

لە چاوی تۆ وەیە تاریکی دڵ ئێستا چراخانە
لەجێی پەیمانە و جەژنانە قوربانی نێو نیگاتانە
بەنیمەی گەر ڕەوا بێنن غەریبین دڵ برینداریین
ڕەهەندەی دەستی جەورین سایەتان نەمرۆکە جێمانە
نەزانم کەی منت دیوە لەبەر وەی وا پەسەندم لات
لە پۆلی پێشڕەوی گەل دا و لە جەنگی سەر شەقامانا
منیش لەوساوە تۆم دڵ خست کە غونچەت کردبوو نیکلیل
بە پیست و حەوتی کانوونا لە پێش تەرمی شەهیدانا
دەمێکی دیش لە خۆ دەرخستنێکا چوویتە سەر مینبەر
بەدەنگ و ڕەنگ و کردار چووی بە دڵما قارەمانانە
ئەوا زانیم بناغەی خۆشەویستیمانە ئازادی
وەکو سەرچاوەی هەست و دروستی و بەرزی گیانمانە

مارف بەرزنجی لە کاتێکدا لەگوندی داریکەلی لەساڵی ١٩٤٩ خۆی لە چاوی جاسووساندا دوور خستۆتەوە یادی خۆپیشاندان و ڕێڕەوەکانی سەر گۆڕی شەهیدانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ی کردۆتەوە. لە گۆڕپانی ئەو خەباتەدا چاوی بەکچە قوتابییەکی جوان کەوتووە، چۆتە دڵیەوە نەک تەنیا لەبەرئەوەی جوان بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی هاوبیر و بەجەرگ ونەترسیش بووە. ئەو خۆشەویستییەی لە کۆڕی خەباتدا لە پێناوی ئازادی دروست بووە، ئەڤینی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە

٢

لە چوارینەیەکیدا مارف بەرزنجی دەڵێ:

شاخی بەرزو جوان وولاتی کوردان
قەڵا و سەنگەر و پشت و پەنامان
چەن هەزار ساڵە ژینمان تێکەڵە
نووی بەنیشانەی کورد و کوردستان

ئەم چوارینە لەساڵی ١٩٦٠ لە گرتووخانەی بەغدا هۆنراوەتەوە. شاعیر ڕاستییێکی ژیانی کوردی خستۆتە بەرچاو، بەوەی بەدرێژایی مێژوو شاخ کوردی لە توانەوە و لەناوچوون پاراستووە، بۆیە شاخ بووە بەبەشێک لە کورد و نیشانەو دروشمی ئەو میللەتەیە.

٣

بۆ گەشتە ئاسمانییەکەی یووری گاگارینی ڕووس شاعیر دەڵێ:

ئێمەی دەستبەستەی ناو زیندان
وا باڵ ئەگرین
ئەفرین لە خۆشیانا ئەفرین
چونکە هاوڕێیێکی شیرین
وەک گاگارین
کوڕی جوتیارێکی زەمین
مژدەی سەرکەوتنی لینین
وەک فریشتە
ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین

لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٦١ هاوولاتی ڕووس فڕۆکەوان یووری گاگارین بەکەشتییێکی ئاسمانی و بە(١٠٨) دەقیقە بۆ یەکەم جار لە جازیبییەی ئەرز چووە دەرەوە و لەناو کۆزمۆس بەدەوری زەوی دا سووڕایەوە. ئەم شیعرە جوانەی مارف بەرزنجی ئاماژەیێکە بۆ دەست ڕەنگینی ئادەمیزاد لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکدا. ئەوەی شیاوی باسە لەو ڕۆژگارەدا یەکێتیی سۆڤیتی کۆن و ئەمەریکا تەنیا لە سیاسەتدا بەرامبەر بەیەکتری ئەچووبوونەوە مەیدانەوە، بەڵکو لە گۆڕەپانی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەودیوی سروشت خەباتیان لە دژی یەکتری تیژتر بوو، لەبەرئەوەیە شاعیری کوردی ئێمە دەڵێ: گاگارین مژدەی سەرکەوتنی سیاسەتی لینین دەبا بۆ ئاسمانی بەرین. لە ڕووی بیروباوەڕەوە ئەم وێنە شیعرییە قسە هەڵدەگرێ، بەڵام هەرچۆنێ بێ داهێنانی تێدایە و جوانە.

٤

مارف بەرزنجی لە شیعرێکیدا بەناوی((پرتەوی لۆمۆمبا)) بەهۆی کوشتنی ئەم نیشتمانپەروەرەوە ئەفەریقییە دەڵێ:

ئەستێرە نییە کە ئەکوژێتەوە
ژیانێک نییە کە ئەبڕێتەوە
کوژانەوەی پاتریس لۆمۆمبا
پرتەوێکی دا ناکوژێتەوە

—

شەوچرایێک بوون بۆ شەوی کۆنگۆ
درەخشان تابان وەک مانگی ئاسمان
نموونەیێک بوون لە بەرزی ئینسان
مەسیحی سەردەم بۆ ئەفریقای ئێو

—

بناغەی هێز و سەرچاوەی پرتەو
خواستی گەلەکەت هەموو ئەفریقا
بۆیە چەشنی کێو هەرگیز ئەلەفا
گۆڕی مەردایەتیت بردەوە بەگرەو

***

چونکە بەڕاستی ئازادیتان ویست
بۆیە ئیستیعمار ئێوەی ئەئەویست
دەستەمۆ ئەکرێن کورسی پەرستان
ئێوە گەلخواز بوون نەک کورسی پەرست

***

کۆنگۆ وەک دڵی ئەفریقیایە
ئەو دڵە دڵی کاک مۆمبۆیە
ئە کۆنگۆ ئەمرێ نە ئەفریقیا
تۆش بۆیە ئەژیت هەتا هەتایە

***

دڵ پڕ لە کوڵە و دیدە پڕ گریان
لە هەموو لایێک سەراسەر جیهان
دەستی کرێکار جووتیار خوێندەوار
بۆ تۆڵەسەندن بەرزە تا ئاسمان

پاتریس لۆمۆمبا یەکێک بوو لە نیشتمانپەروەرەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەفریقا لە کۆنگۆ. لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ بەهۆی پیلانێکی ئەمپریالیستی ئەمەریکی لۆمبۆمبا کوژرا. ئەو کاتە مارف بەرزنجی لە گرتووخانەی بەغدا بوو ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە. سۆزی بەکوڵی شاعیر بەرامبەر ئەم نیشتمانپەروەرە لەوەوە هاتووە مەسەلەی نیشتمانی کۆنگۆ و ڕەشەکانی ئەفریقا هەندێ لە مەسەلەی نیشتمانی کورد دەکا، لەبەرئەوەی ڕووداوەکە شاعیری کوردی ورووژاندووە و ئەفرەت لەو دوژمنە دەکا کە خراپەی بۆ ئەفریقییەکان هەیە، چونکە هەر ئەویشە دوژمنایەتی کوردیش دەکا.

٥

مارف بەرزنجی لەگەڵ هەموو بایەخێکی بەدوارۆژی ئادەمیزاد دڵداری لە ناخی دەروونیدا بووە چونکە دڵداری ماک و هەوێنی ئازادی و بەختیاریە:

لە خەوما یارەکەی جاران لە تافی جوانیا ماوین
وەکو دوو کۆتری ئەخشین بەتەنیا وا لەگوێی ناوین

وەکو ئەم دەهری هیجرانە
وە با ئەم بێک بەحێمانە
بەبوونت و بە ڕووی دابێ
وەکو ئەم دەست لە یەکتر شوشتە
ئەم بێ و لە دڵ ڕابێ
لەگوێی ناوێ بەجووتە بێ خەفەت ڕازو نیارمانە
نە ترسی چاوی بەدکار و نە نازاری ژیانمانە
چ خۆشە دڵ وەها سادە
وەها پڕش خۆشەویستی بێ
لە ڕوخساری نیگارێکا هەموو ئاوات و هەستی بێ

شاعیر خەونی دیبێ یا نەیدیبێ کێشەیێک بیە پێویستی بەجێبەجێکردن بێ. شاعیر وزەی ئەوەندە بەهێزە لە ناو ئەم چوار دیوارە تاریکەدا بەتاوانی گەورەی وا تاوانبار کراوە سەری لەسەر دادەنێ کەچی یادی دڵداری دەکاتەوە، ئەوەی بەشێکە لە بوونی ئادەمیزاد لەگەڵ ئازادی بوون بەو هیوایەی مرۆڤایەتی بەدوایانا وێڵە.

چیرۆکی

مارف بەرزنجی لە تەمەنی هەژدە ساڵی دەستی بەنووسین کردووە، ماوەیێکی زۆر تەنیا خۆی زانیویەتی توانای نووسینی شیعر و پەخشانی هەیە. تا ساڵی ١٩٥٧ بایەخێکی ئەوتۆی بەچیرۆک نەداوە، هۆی بنچینەیی بۆ مەبەستی چیرۆک نوسین لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ لەلای دەرکەوتووە، لەو کاتەی ئەفسەری خانەنشین عەبدولقادر بەرزنجی بەهۆی کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی گۆواری ((شەفەق)) بوو لە کەرکووک. مارف بەرزنجی خۆی یەکێک بوو لە دەستەی نووسەرانی ماوەی دوو ساڵ بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی لەو گۆوارەدا بڵاوکرایەوە بەتایبەتی چیرۆکەکانی. سەردەمی بڵاوکردنەوەی یەکەمین چیرۆکی دەکەوێتە ساڵی ١٩٥٨

چیرۆکی مارف بەرزنجی دەچێتە ناو ڕێبازی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، مەسەلەی سەرەکی لای ئەو بیری کوردایەتی و ڕزگاری مرۆڤە لە چەوساندنەوە.

لە هەندێ لە نووسینەکانیدا ئەم دوو مەبەستەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. پیلانی هێزە ئەمپریالیستییەکانی ئەوروپا و فێڵ و فەنەری دەرەبەگ و کار بەدەستانی دەوڵەت و هەڵخەڵەتاندنی هەژار و ڕەش و ڕووتی ناو کۆمەڵ لەلایەن پیاوانی ئایینی و شێخی تەریقەتەکانی دەرویشی دەخاتە بەرچاو. سوودی لە چیرۆکی ئەوروپای و میسری وەرگرتووە، شێوازی ئەوانی هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردییەوە، بەمە پێشکەوتووە و دەوڵەمەند بووە. هەندێ لە چیرۆکەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن:

ئاواز و کەباب

نووسەر ئیلهامی ئەم چیرۆکەی لە هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر، لە دواییدا بەهەرای قەناڵی سویس ناوی دەرکرد. لە چیرۆکەکەدا فەلامرۆز ڕەمزی هێزی ئاشتییە، میرزاش ڕەمزی هێزی جەنگە. لە ئەنجامی خەباتی ئەم دوو هێزە، ئاشتی سەردەکەوێ دیارە جەمۆلی چایچی کە ڕەمزی میللەتە بچووک و ژێردەستەکانە ئەویش ڕزگاری دەبێ. ئیتر ئاسنی هەموو چەکەکان دەتوێنرێنەوە و دەکرێن بەشیشی کاباب و چەقۆی مەتبەق و ئامێری مۆسیقا.







کای چیرۆز

تابلۆیێکی زیندووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان. دووبەرەکایەتی کۆن و تازە لەناوەوە بوو. مامۆستای قوتابخانە و حەمەڕەشید نموونەی هێزی تازەی کوردستان بوون. شێخ و کوێخا و پۆلیس نموونەی هێزی کۆن بوون. کەسایەتی شێخی تەریقەتی دەروێشیش بەگای پیرۆزی هیندستان دەچوێنێ.

شەتڵ

موعادەلەیێکی سیمبۆلییە باس لە کۆمارە ساواکەی عیراق دەکا لە ئەنجامی کودیتا سووپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا، کۆمەڵە ڕیکخراوە دیمۆکراتییەکان ئەمام بوون تازە سەریان دەرهێنا بوو، قوتابیانی گوندەکان وەک شەتڵ وا بوون. جووتیارانیش لەوە دەترسان دیوەخانەکان وەکو جارانی لێ بێنەوە. ئەمە پێشبینیێکی هونەروەرانە بوو مارف بەرزنجی لەم چیرۆکەدا خستییە ڕوو، بەڵام لە دوایێدا کۆماری تازە ئەمام و ویران کرا لە مێژووی میللەتانا کەم کارەساتی وا ڕووی داوە یەکێک لەوان مارف بەرزنجی و شێخ حوسێن بەرزنجی لە سێدارە دران.

جەژنێکی شادی

نووسەر ئیلهامی ئەم چیرۆکەی لە بەسەرهاتی ژیانی گرتووخانەی بەغدای وەرگرتووە. وێنەی داهێنراوی لە واقیع وەرگرتووە و خەیاڵباری تێدا کردووە و لەوەوە ڕووداوێکی تازەی دروست کردووە. ئەم بیروڕایە دەتوانرێ لە ڕستەی ((هەزاران زوو نامرن...نامرن...)) بەمانای ئەوەی هەزاران میر و شا بەرێ دەکەن کەچی خۆیان نامرن.

سەرلەبەیانی نەورۆزێک

ئەم چیرۆکە بیری باوکێکە بەراووردی ژیانی سادە و ساکاری سەردەمی ڕابردوو دەکا کە نە کارەبا هەبوو نە ئۆتۆمۆبیل، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی شاد و دۆست بوون، کە کارەباو ڕادیۆ و سینەما پەیدابوون هەموو کاسێک دڵ تەنگ و شپرزەیە.

دنیا چڕوپڕ و هەڵلایە. ئەوسا باغەکان تەنیا بۆ خواردن بوون، ناوی فرۆشتن نەبوو، ئێستا هەرچی میوەی باشە بۆ فرۆشتنە و ڕەزای میوان گران بووە کە جاران ڕەزا زۆر سووک بوو. دنیای ئێستا چاولێکەری و چاوچوێنی و خەفەتە، بێجگە لەمانەش یاساغ و قەدەغە و ناونوسیی و گرتن و خەفەیە وا زۆربوون ژیانیان تاڵ کردووە. کوڕە لاوەکە تێی دەگەیەنێ مەسەلە کارەبا نییە. هیچ وەختێک قوتیلەی نەوت لە کارەبا خۆشتر نییە، بەڵام مەسەلە ئیستیعمار و دەست و پێوەندییەتی کە نایەڵن خۆشی لە شتی خۆش وەربگرین. بەئازار و گرتن و یاساغ و ڕاونان و خەفەیە ژیانیان تاڵ کردووین.

شانۆگەری

بەرهەمی ئەدەبی مارف بەرزنجی دوو کورتە چیرۆکی شانۆگەری دەور دەکاتەوە: ((زەوی زەوی خۆمانە)) و ((کۆمیدیا ئادەم و هارووت))

ڕەوی زەوی خۆمانە

چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە چوار پەردە پێکهاتووە. ناوەرۆکی بریتییە لە خەباتی ڕەنجبەرێک لە دژی بەگزادەییێکی دەسەڵاتداری سەر بەحکوومەت. کابرایێکی درۆزن و تەڵاق خۆر و دەردەدارە، نەخۆشی دڵ و گورچیلەی هەیە.

کۆمیدیای ئادەم و هارووت

ئەم شانۆگەریە لە یەک پەردە پێکهاتووە، بریتییە لە دیالۆجێکی فەلسەفی لە نێوان خودا (کردگار) و هارووت. لە ئەفسانەی ئایینە کۆنەکانی میللەتانی سامی ناوی دوو فریشتە ((هارووت و ماڕووت)) هاتووە. لەکاتێکدا کردگار فەرمانی دەرکردووە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەربکرێن بۆ سەر زەوی، دوو فریشتەی هارووت و ماڕووتیش بنێرێتە ئەوێ. ئەمانە تکا لە کردگار دەکەن ئەم کارە نەکا، چونکە ئەوان لە ڕووناکی (نوور) دروست کراون، کەچی ئادەم و حەوا لە قوڕ. بەڵام بۆیان ناکرێ بەقسەی کردگار نەکەن ناچار دێنە سەر ئەرز و لە فەرمانی خودا دەردەچن، ناکۆکی و ئاژاوە دەنێنەوە. کردگار ناچار دەبێ لە بیرێکدا لە وڵاتی بابل هەرەسیان پێ بێنێ و لەناویان ببا.

مارف بەرزنجی دیالۆگێکی فەلسەفی دروست کردووە لە نێوان خودا و هارووت. شێوازی سیمبۆلی بەکارهێناوە، پەردەیێکی ڕۆمانتیکی بەسەردا گرتووە. نووسەر ئادەم و حەوا، واتە مرۆڤایەتی کردووە بەهێزی چاکە و هارووت و ماڕووتی کردووە بەهێزی خراپە. ئەم دوو هێزە لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە بەرامبەر بەیەکتری چوونەتە مەیدان و تا ئێستا کێشەکەیان نەگەیشتۆتە ئەنجام.

(ئەلف) و (یێ)

((ئەلف)) و ((یێ)) پرۆژەییەکی ئەدەبی گرنگ بوو مارف بەرزنجی بەنیاز بوو لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ((شەفەق)) بیگەیەنێتە ئەنجام. لەم بابەتەوە خۆی دەڵێ: ((لە ئەلفەوە تا یێ هەموو ستێکی لێ پێک دێ، ناڵمانەوێ هەر بەوێ بێ، بەڵکو کردارمان دەوێ، لەم دەرگایەوە لە گیروگرفتی ژیانمان ئەدوێین)). پرۆژەکە ئەوە بوو لە هەر پیتێکی ئەلفوبێی کوردی چەند وشەیەک هەڵبژێرێ و بیکا بەوتارێکی کورت و ناوەرۆکی هەموو وتارەکان جەربێکی هەموو لایەنێکی ژیان بێ و بەشێوازێکی ئەدەبی و هونەری دەریان ببڕێ. ئەم جۆرە داهێنانە ئەدەبییە بابەتێکی تازە و نامەیی بوو لە ئەدەبی کوردیدا.

نووسەر لە ژمارە یەکەمی شەفەقەوە خەریکی ئەم گۆشەیە بوو تا ژمارە حەوتەم. بەرپابوونی کودەتا سوپاییەکەی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ی بەغدا بووە هۆی ئەوەی نۆی تەواو بەکری. لە نوسینەکەیدا لە پیتی ئەلفەوە دەستی پێ کرد تاکو پیتی ژێ. ئەو وشانەی بوون بەبەڵگەی پیتەکانی ((ئە-نا-ژ)) ئەمانە بوون. ئاو، ئاگر، بابەگوڕگوڕ، برادەر، پێ، پیاو، ترس، جیاوازی، جەژن، چەرمگە (چاڵکەی ڕۆمی)، حکوومەت، خەبات، دەرد، دەرمان، دەستنگانە، ڕێگا، ڕەوی، ژن.

نامەکانی

مارف بەرزنجی دەستێکی باڵای هەبوو لە نووسینی نامەی ئەدەبی، ئەو بەهرەیەی لەو کاتەدا دەرڕانەوە لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ لە گرتووخانەی بەغداوە پێنج نامەی بۆ نووسەری ئەم کتێبە ناردووە لەو دەمەی کە خوێندنی باڵا بوو لە مۆسکۆ و سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا). نامەکان لەوە دەرچوون بەنیا ڕەنگدانەوەی سۆزی قووڵی دوو هاوڕێی خۆشەویست بن، بەڵکو بوون بەبەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراو، لە ئەدەبی نەتەوەکانی گێتیدا بەچاوێکی بەرز تەماشا دەکرێن و بە بەرهەمێکی بەکەڵک لە قەڵەم دەدرێن.

ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

جگە لە داهێنانی ئەدەبی بەشیعر و پەخشان مارف بەرزنجی لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیەوە بایەخی بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە. لەم لایەنەوە بەتوانا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو لەو سەردەمەدا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کورد پێویستی بەداهێنان بوو لەمەیدانی پەخشاندا واتە چیرۆک و ڕۆمان. بۆ ئەم مەبەسە پرۆژەی نووسینەوەی ڕۆمانی دانابوو هەندێکی لێ نوسیبووەوە، بەڵام تەواوی نەکردبوو. ئەوەی نوسرابووەوە ئەم دەست و ئەو دەستی کرد و لە ئەنجامدا ون بوو.

مارف بەرزنجی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا نووسینی هەیە، بەڵام زۆر نیە. هەندێکیان لە گۆڤارەکاندا بەم ناوانە بڵاوکراونەتەوە ((کامەران و دیارییەکەی))، ((کۆن و تازەی لە شیعردا)) و وتاری ((گۆڕانی دووبارە بەمر)) و ((ئەرکی سەرشانی ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان)) و هی دیکە.

***



مارف بەرزنجی لە دوو لاوە دیاردەیەکی گرنگ بوو لە کۆمەڵی کوردیدا. یەکەمیان وەک مرۆڤ و دووەمیان وەک نووسەر. مرۆڤێک بوو لە واقیعی خۆی وەک ئادەمیزاد گەیشتبوو، وەک نووسەرێک ئەوەندە بێ فیر بوو، هەمیشە دەیووت من هیچی لێ دەرانم! لە کەسێتی خۆیەوە دەستی بەشۆڕش کردبوو. کوڕی شێخێکی خاوەن تەریقەتی دەروێشی و خاوەن خانەگە و ڕێگەی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام پێی خۆش نەبوو شێخی پێ بڵێن، لە مارف بەرزنجی بەولاوە خۆی بەهیچ شتێکی دیکە حسێب نەدەکرد. لە ناو ڕۆشنبیری کورد و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات، ئەگەر کەسێک هەڵەیێکی کردبێ کەس گوێی لەوە نەبوو بێ دان بەو هەڵەیەدا بنێ. مارف بەرزنجی دەڵێ ساڵێکیان لە خوو ڕەوشتی خۆم وەرگەڕام، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن خەریکی خۆم بم چۆن دەوڵەمەند بم، بەڵام زوو هۆشیار بوومەوە. ئەگەر مارف بەرزنجی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ کورد و لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی ڕاستگۆ نەبوایە پاڵەوانانە پێشوازی مەرگی نەدەکرد

مارف بەرزنجی نووسەرو شاعیر نموونەی ڕۆشنبیری هاوچەرخی کۆمەڵی کوردەواری بوو کلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆ کردبووەوە و تێکەڵ بەکلتووری نەتەوەی کورد کردبوو و کلتورێکی تازەی لێ دروست کردبوو لەگەڵ هیوا و ئامانجی سەردەمی کورد بگونجێ.

بەرهەمی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە. نموونەی شیعری کلاسیکی ڕەندە ئەوەی خۆماڵی و شیعری نوێی بەرزە. چیرۆکی باڵایە، ئەلف و یێ و نامەکانی دیاردەی نازەن لە ئەدەبی کوردیدا.

مارف بەرزنجی

د. مارف خەزنەدار

لە پێشەکی ئەم وتارەدا پێویستە ئەوە بدرکێنم من لەم نووسینەمدا بێلایەن و بێ لایەنی نیم، ئەوە ڕاستە بەلای منەوە هونەری وتار نووسین هەر چەندە ڕاستیشی تێدا بێ، بەڵام شێوازی خەیاڵێکی داهێنراوی هونەرییە، کەچی من لێرەدا حڵەوی خەیاڵم شل کردووە بۆ سوورێکی بە کوڵی دوور لە ئەقڵی لۆجیکی. ئەوەی لە نووکی قەڵەمم هەڵقووڵاوە و بووە بەم دێرانەی خوێنەری کورد لێرەدا دەیانخوێنێتەوە لەگەڵ مێشکمدا قسە ناکەن، بەڵکو گوێیان لە ترپەی دڵمە، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی مارف بەرزنجیم خۆشدەویست بە هەموو مانایەکی ڕەمزی سۆفیگەرییەوە

پاییزێکی درەنگ بوو، بەڵام ئەو سەردەمە بێ بارانی و بەهاری نەبوو وەکو ڕۆژگاری ئێستا. ئەو کاتە یەکەمینیەکە لەوێدا بوو لافاوەکەی سلێمانی خاکی وێران کردبوو، خەڵکی کوردی کوشتبوو

لەو ڕۆژی لافاوەدا بوو لە پێش نیوەڕۆ لە بەغدا، بەڕێکەوتم و ئێوارە گەیشتمە کەرکووک. من خۆم ئەم شارەم هەڵبژاردبوو ببێتە مەڵبەندی ژیانی هەمیشەییم، دیارە لەبەر ئەو هۆیە نەبوو ئەوەی ئەمڕۆ کوردی هانداوە ئەم شارەیان خۆش بوێ بەڵکو من خۆشم نازانم هەر لە منداڵییەوە بۆچ کەرکووکم خۆشویستووە، بۆچ کە تیپی فوتبۆڵی کەرکووک و هەولێر یارییان دەکرد من چەپڵەم بۆ کەرکووک لێدەدا. ئارەزووم دەکرد تیپی ئەوان سەربکەوێ. خۆشویستنی کەرکووکم دەبێ لەبەر ئەوە نەبێ هێشتا لە حوجرەی مزگەوت بووم، نەچووبووم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی باوکم ژنێکی تری هێنا، ئەم باوەژنە، بان دایکی دووەمم هێندەی دایکی ڕاستەقینەم خۆشدەویست، دەبێ لەبەر ئەو نەبێ چونکە باوەژنم خەڵکی کەرکووک بوو؟!

ناوی مارف بەرزنجیم بیست بوو، ناوی منیش ناسیاو بوو لای ئەو، ئەگەر مەسەلەی دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "شەفەق" بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووک لە ناوەوە نەبووایە لەوانە بوو هەروا ڕوو بەڕوو ناشنایەتی لەگەڵ یەکتر بدا پەیدا نەکەین. پێشتر ناسیاوبووم لەگەڵ هەموو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی "شەفەق" هەبوو، تەنیا مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی کاکی نەبێ

زۆر زوو لەگەڵ مارف بەرزنجی گەیشتینە پلەیێکی برادەری ئەوتۆ خەڵکی ئێمە بە دووبرا حسێب بکەن، هەندێکیان ئەمەیان نەدەشاردەوە و دەیانوت چۆن دەبێ دوو برا باوکیان هەبێ! بە تەمەن من لەو بچووکتر بووم. بەپێی باو ماڵی کوردەواری من ئاییی برا بچووکیم بەجێدەهێنا، بەڵام ئەو لەمن زیاتر سۆزی برا گەورەی دەنواند، ئەگەر ئاوڕێک لەو چەند نامەیە بدەیە کە لە گرتووخانەی بەغداوە بۆی دەناردمە مۆسکۆ و سانت پیترسبۆرگ لە ڕووسیا بەڕووی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

مارف بەرزنجی کوردێک بوو هۆشیارانە کوردایەتی دەکرد، لەسەر هەر بیروباوەڕ و عەقیدە و ئایدۆلۆجییەیێکی فەلسەفی و سیاسی بووبێت لە پێناوی ئامانجی سەربەخۆیی کورد و ئازادی کوردستان بووە، کەسایەتییەک بوو ئاشتیخواز و دوور لە سیاسەتی ڕەنگاوڕەنگ.

هەستی شاعیری و هەوەسی نووسین و هونەرپەرستی لەلای مارف بەرزنجی خۆڕسک بوو. ئەو هەستە لە ڕۆژی لە دایک بوونییەوە لە ناخی دڵ و دەروونیدا ڕسکاوە و بە شیری دایک پەروەردە کراوە.

توانای هونەری مارف بەرزنجی بۆ ماوەیێکی زۆر بادبار و نهێنی بوو، شەرمی دەکرد بەرهەمی ئەدەبی بەناوی خۆی بڵاوبکاتەوە. لە باشانا لاپەڕەکانی گۆڤاری "شەفەق" بوون بە مەیدانی مەشق، بەمجۆرە توانای پڕ هەست و بەستی مارف بەرزنجی بە شیعر و بەخشانی ئەدەبی کوردیدا، مشتومڕڵ کرا. بەتایبەتی لە نووسینی چیرۆکدا

من و مارف بەرزنجی ماوەی دوو ساڵ پێوەندیمان بە یەکترەوە هەبوو، ژیانمان تێکەڵ بوو، بە جۆرێک ڕۆژانە چاومان بە یەکتری دەکەوت، ئەوە نالێم ئەگەر دوو سێ ڕۆژ چاومان بە یەکتری نەکەوتایە لەو ڕۆژانەی من سەفەرم بۆ بەغدا و سلێمانی و هەولێر دەکرد هەرچی ئەویش بوو سەفەری کەم بوو، بۆ سلێمانی نەبێ لە ئەویشیانا من هەمیشە لەگەڵی دەبووم

ترپەی من و مارف بەرزنجی لەو دوو ساڵەدا نیوەی کەوتە پێش ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و نیوەی دووەمی کەوتە پاش ئەو ڕووداوانە

ڕۆژانی پێش تەمووز هێمن و لەسەرخۆ بوو حڵەوی خەیاڵمان شل دەکرد و ئەوەی لە خەونیدا دەماندی هەوڵمان دەدا لە کەسی ڕاستی بهێنینە دی: چیرۆک بنووسین، کتێب دابنێین، گۆڤاری "شەفەق" پێش بخەین، بە هاوینیدا گەشتی لوبنان و ئێران و ئەستەنبۆڵ بکەین، ئەگەر بتوانین پاسپۆرت دەست بخەین خۆ ئەگەر بۆمان نەکوێخێ چاومان بە پاریس بکەوێ ئەمەیان ئەوپەڕی شادییە

بەڵام ڕووداو لە جێکە و بەردەوەندی تێمە نەبوو، پیلانەکانی ئەمپریالیزمی ئەو سەردەمە بە سەرۆکایەتی کۆمپانیاکانی نەوتی کەرکووک ئاژاوەیان نایەوە. کەسێکی ئاشتیخواز و دڵسۆزی خاک و نەتەوە وەکو بە سەرانسەری داهێنانە ئەدەبییەکانیدا دەردەکەوێ، تەیران کردیان بە پیاوکوژ، حەقیقەتیان هەڵگێڕایەوە، ئاشتیخوازێکی وەک ئەو و هاوڕێکانی دیکەی لەلایەن سزۆرسی خەفەقسەوە بەناوچوون، پێش لە قەنارەدان لەژێر ئەشکەنجە و ئازار هێزی ئەوەیان نەمابوو خۆیان ئاراستە پەتەکە بکەن بە ملی خۆیانەوە

هەفتەیێک پێش جەژنی نەورۆز بۆ دواجار چووم بە مارف بەرزنجی کەوت لە گرتووخانەی بەغدا، یەکتریمان ماچکرد دوا چاوپێکەوتن بوو، ئیتر یەکترمان نەبینییەوە.

سەرچاوە
دیدەی هزرم- د. مارف خەزنەدار بەرگی دووەم ٢٠٠٩ ل ١٢٧

مارف بەرزنجی ژیان و بەرهەمەکانی

عومەر مەعرووف بەرزنجی


(In a nutshell)

● Born in 1921 in Qadirkaram, of a noble family affiliated to the famous sheikhs of Barzinja, marif barzinji finished his high school studies in Kirkuk and after receiving his university education in Baghdad, he became a lawyer in 1948.

● A well - known patriot, an ardent advocate of peace who persistently strived for the abolition of social injustice.

● In 19[illegible] in response to the public demand, he was appointed mayor of Kirkuk city but due to a malicious intrigue by the foreign oil companies, he was [illegible] and condemned to death.

F[illegible] after the success of the sanguinary coup d'etat of 1963, he was executed on the 23rd of June of the same year.

● One of the most talented writers whose writings are generally characterized [illegible] realism and [illegible]; a style of expression that [illegible] particular ability to effectively [illegible] the love and admiration of the readers, an impressive poet, an ingenious critic, a genuine writer of plays and short stories, a potent literary analyst and an earnest journalist. In addition to some private [illegible] this book contains his complete literary [illegible] as well as a diary in which he [illegible] honestly about his life in jail.

ئەگەر ئەدەب بە هەموو بزەو فرمێسکو زەردەخەنەیەکییەوە ئاوێنەیەکی ڕونو بالانمای ژیانی میللەت بێت، دیارە هەتا ڕەوتی ژیان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر هەنگاو بنێ و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکانیش لەهەڵسوکەوتا بێت ئەو ئەدەبەش لەو کەشو ئاوو هەوایەدا هەناسە هەلدەمژێو پێت بە پێتی گیانی دەوروبەر ئەپۆشی واتە هەروەها مل بوونی ئەدەب لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیو چینایەتیەکانیشدا قوتابخانە ئەدەبییەکانی هێناوەتە گۆڕێ و هەتا مرۆڤایەتیش هەبێ ئەو وزە لەبن نەهاتووە هەر لە گەڕطدا ئەبێ.

بەلام دیاردەی ئەدەب هەرگیز ڕەنگدانەوەیەکی میکانیکییانەی ژیان نییە، ئەو ئەدەبە کە ئەبێتە پاشکۆیەکی ڕووتی سیاسەتو ڕووداوە بچووکە ڕۆژانەکانیش ئەبنە خۆراکی هەمیشەیی، لەبەردەم هەتاوی ئەمریو شکۆییدا دەتوێتەوەو بە ناخی زەویشدا ئەچێتە خواری.

کەواتە ئەدەب چەمێکی بایەخداری مێژووی نەتەوەیەو بریتییە لە هەستو ئامەزرۆیی‌و تاسەی نووسەر بۆ ڕۆشن کردنەوەی شەوانی ئەنگوستە چاوو سارێژکردنی زامە قووڵو ئاشکراکانی کۆمەڵو کارکردنە سەر ڕەوتی تیژ تێپەڕی ژیان.

لەلایەکی ترەوە دەتوانین ئەو ڕاستییەش بدرکێنین کە سیاسەتیش ڕوویەکی گەشو پرشنگداری ژیانە و ئارادەیەکی زۆر هاوتەبان و دابڕێکی ئەوتۆ لە نێوانیان دا نابیرێو بە تاڵێکی گرژ پێکەوە شەتەک دراونو بە جووتە لە خزمەتی نەتەوەو بوارە جیاوازەکانی دا یەکئەگرنەوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی ماف زەوت لێکراوو دێرینو سەربلندی ڕۆژهەلات خاوەنی ئەدەبێکی پەلوپۆداری هەمیشە سەوزەو بە توندیش ڕەگو ڕیشەی ئەم ئەدەب ڕەسایە لە زەوی نەتەوایەتیدا قووڵ داکوتراوەو دەستی هەلکێشانی ناگاتێ، کارەساتە دڵ تەزێنەکانی ڕۆژگارو جرتو فرتو پیلانی سەدان ساڵی ناحەزان نەیان توانیوە بە ئاستەم لە کێوی ورەو باوەڕی بڕووشێننو لاپەڕەیەکی لەکەدار بکەن.

هەردەم لەگەڵ کاروانی ڕاچەنیوو وسەرفرازی گەلانی ئازادیی خوازیشدا سرودی سەرکەوتنی وتووەو چەند دیوارێکی مێژووی دوورو درێکی ژیانیشی بە ئێسکو فرمێسکو خوێن هەلچنیوەو بە شەوقەوە چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ژیانێکی پڕ ئومێدو بەختەوەری.

لەبەر تیشکی ئەم چەند دێڕەدا گەر بە چاوی سەرنج بۆ لای لاپەڕە شکۆدارەکانی ئەدەبی کوردی بڕوانین هەر زوو بەو ئەنجامە دەگەین کە دەستەیەکی دڵسۆزو داهێنەرو گیان لەسەر دەست لەناو نووسەران دا هەمیشە ئاڵا هەڵگری خەباتو خۆڕاگری و قوربانی دان بوونو بەو پەڕی بوێریو سەربەرزییەوە بەرامبەر بە دەستگاکانی ئیمپریالیستو کۆنەپەرستو بەکرێ گیراوان وەستاونو بوونەتە چقڵی چاوی ناحەزانو هەندێکیشیان بە خوێنی ئاڵیان گوڵی سەربەستیو ئارادی یان ئاو داوەو شەرەفی قوربانی دانیان پێ بەخشراوە، نموونەیەکی ڕەزا سووکو بە دیمەنی ئەم بوارە شەهیدی ڕێگای ئاشتیو سەرفرازیو ڕزگاری نەتەوەی کورد جوانە مەرگی ئەدەبی کوردی (شێخ مارف بەرزنجی) یە کە بۆتە ڕەمزی تێکۆشانو جێگایەکی شکۆمەندانەی لە

لاپەرە زێرینەکانی ئەدەبی کوردیدا بۆ دانراوە. ئەم شاعیرو نووسەرە شەهیدە لە بنشکەی دارەوە تا بنشکەی خاک لە سیاسەتەوە نزیک بووەوە لە پێناوی دەستەی ڕەنجدەران‌و بە ئاوات گەیشتنی ئەوەوە ژێر دەستەکەی هەردەم لە گۆڕەپانی نەبەردیدا بووەو پاشەکشەی نەکردووە. بەلام لەگەل ئەوەیشدا کە قوتابیەکی زیرەکی قوتابخانەی بیرو سیاسەت بووە و لەم بوارەدا جێ دەستی دیارە. وەک نووسەرو شاعیرێکی هەست ناسک‌و داهێنەرو خاوەن چێژی ئەدەبی بەی هێشتووە کە بەرهەمەکانی ئاستی بڵندی‌و ڕەنگینی لە دەست بدەن‌و ئەدەبەکەی بەکردووە بە پاشکۆیەیکی تفت‌و تاڵی سیاسەتێکی دیاری کراوو هەردەم بە تەنگ لایەنە جوانکارییەکانی ئەدەبەوە بووەو بە کوڵ‌و دڵ بۆی تێکۆشاوەو بە وردبینییەوە لە پەیامی ئەدەب‌و مەوداکانی گەیشتووە.

مارف بەرزنجی لە سەرەتاوە هەنا ئەو ئەنابەی کە پەتی سێدارەی بەکری گیراوانی ئالانە گەردن حرمەتگورارێکی بە ئەمەکی جیهانی نووسین بووەو لەسەرجەم بوارەکانی دا قەڵەمی سەرکەوتنی لە گەرش دا بووەو لە هەمووشیان دا ڕێبری پێشەوەی کردووە.

مارف بەرزنجی لە دەرگای شعری داوەو چەپکی گوڵی هەمەڕەنگی ڕازاوەی خستۆتە گوڵدانی شیعری ڕێندووی کوردییەوە، کۆمەڵێ چیرۆکی ناوازەی نووسیوەو بە چەشنی چیرۆک نووسیکی کارامەو خاوەن ئەزموون‌و ڕێچکەی تایبەتی خۆی بە خوێنەواران ناساندووەو لە مێژووی چیرۆکی نوێی کوردیدا چەند لاپەڕەیەکی سەنگینی بۆ تەرخان کراوەو قەڵەمی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەگران ژەمراوەتە کرۆکی چیرۆکەکانی‌و بەڕێزو ستایشەوە سەیری کراوە، کە نابەنێکی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆک‌و شانۆگەری‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بڵاوکراینەوە وەک ڕەخنەگرێکی خاوەن بەرنامەیەکی زانستی تیشکی سەرنجی بەرەو ڕوو کردۆتەوەو بۆچوونی تایبەتی خۆی لەمەڕ نابەتەکاندا پێشچاو خستوە. هەندێ جاریش بەپێی پێویست‌و مەودای توانست چەپکێ نایابی هەمەچەشنەی گوڵبژێرکردووەو لە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزییەوە کردوویی بە کوردی‌و ئەمەیش سیفەتە دیارەکانی وەرگێڕێکی بەهرەمەندی دەستگیر بووە.

لە ڕۆژگارێکیشدا کە نارودۆخی ژیان‌و کۆمەڵ لەبار بووبی‌و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ ڕەخسانی وەک ڕۆژنامە نووسێکی خاوەن قەڵەمی بە بڕشت‌و کارزان بوونی خۆی سەلماندووەو گۆی هونەری لەم بوارەدا بردۆتەوە.

ئەمە جگە لە دەیان ووتارو نابەتی ئەدەبی‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی بە نهێنی‌و بە ئاشکرا کە هەر یەکەیان ڕادەی بۆنەو سەردەمێکی تایبەتین‌و لەو گوڵانەن کە سیس بوون بۆنیان ناکەوێ و هەردەم گەشاوەن لەمەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامە پوختەی کە ڕستەیەک شارەزایی‌و بەهرەو داهێنان لەم شەهیدە نەمرەدا بووەو ئێمەش بەکورتی‌و بە نووکە قەڵەمێکی درشت بۆ هەر یەکەیان چەند وشەیەک ئەخەینە بەرچاو

مارف بەرزنجی‌و شیعر

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستدان سەرەتای ژیانی ئەدەبی (مارف بەرزنجی) شیعر بووەو نوبەرەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە قوتابی پۆلی شەشەم بووەو لەو ڕۆژگارەوە ڕووی کردۆتە میحرابی پیرۆزی شیعر. دیارە ئەمەش ڕستێک هۆی گشتی‌و تایبەتی هەیەو لە هەموشیان گرنگترژ سگەی تایبەتی خودی خۆی ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەم پرۆسێسەدا. چونکە لەگەڵ چاوکردنەوەی دا خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدول کەریمی) باوکی وەک شاعیرێکی ئەو سەردەمە هاتۆتە پێش چاوو گوێی بە شیعرە ناسکەکانی زرینگاوەتەوەو دیوەخانەکەیشی بە شێوەیەکی بەردەوام مەڵبەندی خوێنەواران‌و دڵدارانی شیعر بووە.

(شیعری مارف بەرزنجی لە دەوری منالیدا ونەی ئەو ئەنجامە ڕەشەیە کە ژیانی کوردەواری تووشی بوو. ماوەی ئەوەش نەبوو کە ئەو جۆرە شیعرانە لە سەردەمی خۆیدا بڵاوبێنەوە، وەکو دەرئەکەوێ شاعیر ئەو بەرهەمانەی بۆ خۆی‌و برادەرە نزیکەکانی نەنووسیەوە. بۆیە. زۆربەی‌و ڕیزەکی مارف بەرزنجی لە دوا سالانی پەنجاکان لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووزی هەزارو نۆسەدو پەنجاو هەشت دا ئەفینەوە).

شاعیر لە سەرەتادا وەک نۆبەرەیەک چەپکێ شیعری نەرایی خۆی لە ڕۆژنامەی دەستنووسی (ناسەرە)دا بە هاندانی مامۆستای نووسەر خوا لێ خۆشبوو (شاکیر فەتاح) بڵاو کردووەتەوەو ئەو سەردەمە هێشتا قوتابی قۆناغی ناوەندی بووەو لەسەر پێوانەی شاعیرانی دێرین لە دوادێڕی هەندێ لە شیعرەکانیدا نازناوی (ناسراو) یان (بەرزنجی) بەکارهێناوە، بەلام لەدوای ڕاوەستانی ڕۆژنامەکەو تێکەڵ بوونی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان‌و خەریک بوونی بەکاروباری نیشتمانی‌و نەتەوەییەوەو (دواتر خوێندنی لە زانستگای بەغدادو خۆشاردنەوەو ڕاونان‌و گرتن ماوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شیعری بۆ نەڕەخساوە بۆیە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا هیچ بەرهەمێکی بڵاوکراوەی نایەتە بەرچاو. تەنانەت شاعیر نەبوەی بێپەروویی سالێک بەسەردەرچوونی گۆڤاری (نزار) دا لە سالی ١٩٤٩. پارچەیە شیعری ووە. بەلام لەهیچ چاپکراوێکی ئەو کاتەدا بلاونەکراوەتەوە تەنا لە سالی ١٩٥٣ دا دوو پارچە شیعری لە هەفتەنامەی ڕۆژنامەی (ژین)دا خستووەتە پێش چاوی خەماوەر کە نموونەیەکی ڕازاوەی شیعری کوردین

بۆیە دەتوانین کە ڕۆژگاری نەفینەوەی کاناوی ڕووی شیعری

بلاوکراوەی (مارف بەرزنجی) ببەستینەوە بەکاتو سەردەمی دەرچوونی گۆڤارە سەنگینەکانی وەک (هیواو شەفەقو ڕووناهی)و دواتریش ڕۆژنامەی (ئازادی) کە وەک شاعیریکی ناسراوو دەرکەوتوو بەنازناوی (پشکۆ)وە هاتە گۆڕی شیعری ڕاستەقینەوە. مارف بەرزنجی لەم قۆناغەی شیعریدا بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی سەردەمی پێشوو بڕوایەکی چەسپاوو نەگۆڕی بە بزووتنەوەی (تازەگەریتی emity mod) بوو ڕووی لە میحرابی پیرۆزی شیعری نوێ کردووە. ئەو قوتابخانە شیعریەی کە گۆران و شێخ نووری شێخ سالح بەردی بناغەیان دانا و کاژی شێوە کۆیان فڕێ دا شاعیرانی وەک مارف بەرزنجیو هەردیو محەممەد شێخ حوسێن بەرزنجیو کامەران موکریو عەلی فەتاح دزەییو دیلان بەو پەڕی سەلیقەو تاسەو وریاییەوە بەرەو پیری چوون و بوونە دەستەیەک لە شاعیرە نوێ خوازەکانی کوردو توانیان کێشە هەمەڕەنگەکانی شیعری کوری بەکار بهێنن.

گەر بەچاوی سەرنجەوە بۆ شیعرەکانی مارف بەرزنجی بڕوانین بمانەوێ لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە وردبینەوە هەر زوو ڕستێک بابەتو مانای بەپیرو بەهادارمان دێتە پێش چاوو.

(سروشتی ڕازاوەی کوردستان، قارەمانی و جوامێری ڕۆڵە نەبەردەکانی کورد دەوری پڕشکۆی نەتەوە)

سۆزی بە کوڵی نەتەوایەتی ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی پڕ لە شانازی نەتەوە ژێر دەستەکەی، ئازایو یەکسانیو ئاشتیەکی بەدەوام، ڕقی پیرۆزی بەرامبەر بەشەڕ خوازانو دوژمنانی ئاشتیو دیموکراتی، دیمەنی جوانی کەرانەوەو بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردوو، دڵدارییەکی بێگەرد، هاندانی ڕۆڵەکانی گەل بۆ کۆڕی خەباتو تێکۆشان، نرکەو ناڵەی بەجۆشی ڕەنجدەران، دەرخستنی لایەنە تاریکەکانی ژیانو گیرو گرفتەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری، هەڵڕشتنی فرمێسکی گەرم بۆ ئازیزان، بەگژاچوونی دەستکاکانی ئیمپریالیستو پیاوانی کۆمپانیای نەوت، یادکردنەوەی ئەو ڕۆڵە شکۆدارانەی کە لە پێناوی بیروباوەڕی کوردایەتیو مرۆڤایەتی دا خوێنی ئاڵیان ڕژایە سەر زەوی شەرەفو جوامێری، شادمان بوونو گەشانەوە بە بینینی هەنگاوی پێشکەوتنو شارستنییەت) کە هەمان سەرنجم هەوێنی بێ خەوشی شیعرەکانی ئەم مرۆڤە تێکۆشەرەیە.

لێرەشدا کە لەم ناوەڕۆکە سەنگینانە ورد ئەبینەوە لە هەمان کاتدا شێوەیەکی ڕەنگینمان دێتە پێش چاو چونکە شیعر یەکێتی شێوەو ناوەڕۆکی لا مەبەست بووەو هەردووکیانی بە کارێکی پێویست زانیوە بۆ بابەتی ئەدەبی باوەڕی وا بووە کە (شێوەو ناوەڕۆک دوو ڕووی یەک پارچە گەوهەرن، ئەگەر گەوهەرەکە نەشکێنرێ هەرگیز لاکانی لەیەکتر جیا ناکرێتەوە) بۆیە بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەی مارف بەرزنجی لەو ڕاستیە نزیک ئەبینەوە کە ناوەڕۆکێکی بەهادارو شێوەیەکی گونجاوی ڕازاوە بەبەر شیعرەکانیدا هەڵکشاونو یەک لایی بۆ مەسەلەی شیعرەکە نەڕوانیوە.

مارف بەرزنجی لە سەرەتاوە وەک خاوەن بەهرەیەک دەستی کردۆتە ملی شیعرو بە پێی بەرەو پێش چوونی ڕۆژگار ئەم بەهرەیە زیاتر گەشەی کردووەو بە خەملاوی گەیشتۆتە ئەنجام چونکە (شیعر وەک هەموو هونەرێکی تر بەهرەیە، بەڵام خوێندنەوەو چاوگێڕان بەدەوروپشتاو تاقی کردنەوەی جۆر بە جۆر لە ژیاندا ئەم بەهرەیە زیاتر ئەگەشێنێتەوە).

مارف بەرزنجی لە قۆناغی خەملاندنی شیعریدا باوەڕێکی تەواوی بە ڕێبازی ڕیالیستی هەبووە بەڵام بەوپەڕی وورياییەوە هەردوو ڕێبازی ڕیالیستی ناوەڕۆکو ڕۆمانسی شێوەی پێکەوە کرێ داوە کە ئەمەش کارێکی تا بڵێی دروستو بەهادارە بەلای (نووسەرو ڕەخنە گرە جیهانیەکانەوە).

مارف بەرزنجی لە شیعری (وێنەیەک لە ژیانی ڕابردووی قادر کەرەم) دا بە چەشنی چیرۆکێکی کورت یادی ڕۆژانی منالی ئەکاتەوە کە لە ڕۆژگارێکی بێ خەمو نیانی ژیاوەو زۆربەی کاتی بە بینینی سروشتی ڕەنگینی ناوچەکەی مەست بووەو لە کۆڕی خۆشیو شیعرو بەزمو بووکتە بازیدا بەسەر بردووە، بە تاسووقەوە ئەڵهای ئەو ژیانە سادەیە ئەکاتو بە وردی ڕازاوەی دەشتو دەروو لاپاڵەکانی نەخشاندووە تابلۆیەکی شۆخی پێشکەش کرووە.

بەڵام ئەم یاد کردنەوەیەی شاعیر بۆ ڕۆژانی منالیو دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیەکی بێ پایان بۆ لانکەی بوونی و بەستنەوەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بەڕابردووەوە، وە نەبێ شتێکی سادەو دیاردەیەکی هەڵتۆقیو بێ لە لاپەڕەکانی ئەدەبداو ئەدەبی جیهانی هەڵدەیەنەوە لەم جۆرەی بەخۆوە نەگرتبێ. ئەگەر چەند لاپەڕەیەکی ئەدەبی جیهانی هەڵدەینەوە بابەتی لەم جۆرەمان بەر چاوو دەکەوێت کە شوێنێکی بەهاداریان بۆ تەرخان کراوە ڕەخنەگرانی جیهانی بەچاوێکی بەر بایەخەوە بۆیان ڕوانیوەو بەسەریان کردۆتەوە، نزیکترین نموونەش کە ئێمە ئاگادار بین شاعیری مەزنی ئینگلیز (دیلان تۆماس)ە Wxzqbv ep|dbp (١٩١٤-١٩٥٠) کە یەکێک لە شیعرە سەرکەوتووەکانی بریتییە لە یادکردنەوەی ڕۆژانی ڕابردوو کە (لەتەمەنی سی ساڵیدا بەخەیاڵ گەڕاوەتەوە بۆ دەوری منالیو خۆی لەوێڵزدا ئەبینێ کە منالێک بووەو لە نزیک دایکیەوە دانیشتووە)و بەوردی باسی هەموو پێچو هەڵدێرو دەشتای ناوچەیەکی کردووە و ئاواتی گەڕانەوەی بۆ ئەخوازێ و تاڵی ڕووداوەکانی کۆنو نوێ پێکەوە ئەلکێنێ، ئەم کۆمەڵە سۆزو خۆشەویستیو ئاواتانەی لە شیعرێکدا دەربڕیوە بە ناونیشانی (چامەیەک لە ئۆکتۆبەردا) pemon in October کە ڕەخنەگرانی جیهانی بە بەرهەمێکی ناوازەی شاعیری دائەنێن ئێمە لە کاتێکا بەراوردی ئەم دوو شیعرەمان کردوو بەبێ ئەوەی هیچ سۆزێکی لە لایەنگری خۆمانەوە بلکێنین ئەتوانین ئەو ڕاستیە بڵێین کە شیعرەکەی مارف بەرزنجی لە شیعرەکەی (دیلان تۆماس) کەمتر نییەو بگرە لە زۆر لایەنەوە شیعرە کوردییەکە باڵاترە:

ئەی قادر کەرەم لانەی منالێم
تۆماری ژینی گشت خۆشیو تالێم

مارف بەرزنجی جوانیو ئافرەتو دڵداریو خۆشەویستی لە ئاوێنەی تێکۆشانەوە سەیر ئەکات، کە هەمووان لە مەیدانی خەباتو نەبەردی دا بناغەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بنیات ئەنێن:

لە چارەی تۆ وەیە تاریکی دڵ ئێستا چراخانە
لە جێی پەیمانەو جەژنانە قوربان نێو نیگاتانە
بە ئێمەی گەر ڕەوا بینن عەربیین دڵ برینداربێ
ڕەهەندەی دەستی جەورین، سایەتان ئەمڕۆکە جێمانە
نەزانم کەی منت دیوە لە بەرەوەی وا پەسەندم لات
لە پۆلی پێشڕەوی گەلداو لە جەنگی سەرشەقامانا
منیش لەو ساوە تۆم دڵ خست کە غونچەت کرد بوو ئێکلیل
لە بیستو حەوتی کانوونا لە پێش تەرمی شەهیدانا
دەمێکی دیش لە خۆ دەرخستنێکا چوو یتە سەر مینبەر
بە دەنگو ڕەنگو کردار چووی بە دڵما قارەمانانە
ئەوا زانینم بناغەی خۆشەویستیمانە ئازادی
وەکوو سەرچاوەیی هەستیو دروستیو بەرزی گیانمانە
دەبا عەشقیش بڕەنگینین بە خوێنی دوو دڵی ئازاد
ڕوویی خۆ و خاکمان سوورکەین لە ڕۆژی جەنگو مەیدانا

مارف بەرزنجی بە دوو چاوی سەرنج جوامێریو قارەمانیتی نەتەوەکەی بینیوەو لەهەمان کات دا کسپە لە جەرگییەوە هەستاوە کە چۆن ئەم نەتەوە دلێرەی ڕۆژهەلات سەرجەم مێژووی دوروو نزیکی زنجیرەیەکی نەپساوی کۆڵنەدان بووەو ڕۆڵەکانیشی لە گۆمی خوێنو فرمێسکا تلاونەتەوە بۆیە بە دەنگی زوڵاڵ دەچریکێنێ:

ئەی گەلی جێماو پەرتو لەتو پەت
هەی بەش بەش کراو لە چوار پێنج دەوڵەت
لەم سەدە بەرزەی زانستو فەنا
هەر تۆ خنکاوی لەناو بۆگەنا
بێ بەش لە مێژووی ئەژادانی خۆت
بێگانەیەکن ڕۆڵەکانی خۆت
ناوی کوردستان نابێ ببرێ
گەر ناوت هێنا دەستت ئەبڕێ
چەند ملیۆن کورد هەن هەریەک زوبان
هەموو دانیشتووی ناو کورستانن
هەزاران ساڵە خۆ یان گرتووە
سو پای تەسکەندەر، ئەی شکاندووە

لەلایەکی ترەوە مارف بەرزنجی وەک شاعیرێکی پێشکەوتنخواز بە هەموو سەرکەوتنێکی مرۆڤایەتی بەختەوەر بووەو بە مایەی خۆشیو سەرکەوتنی خۆی زانیوە، ئەوەتا لە گرتووخانەی بەغداو لە ژووری خنکاندن دا بەبیستنی سوورانەوەی (یوری گارگارین)ی سۆڤیەتی دا بە دەوری زەوی دڵی لە خۆشی یانا ئەکەوێتە هەڵفڕین و بەم سەرکەوتنەی زانست بەدەم ژیانەوە ئەخنێتەوە:

ئێمەی دەست بەستەی ناو زیندان
وا باڵ ئەگرین
ئەفرین لە خۆشیا ئەفرین
چونکە هاوڕێیەکی شیرین
وەک گاگارین
کوری جوتیارێکیی زەمین
مژدەی سەرکەوتنی لینین
وەک فریشتە
ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین

یان بۆیە سروودی جوامێریو ئەواریش بۆ (لومومبا) ی پێشەوای ئەمری (کۆنگۆ) ئەڵێ تا ئەڵێن نەتەوەکەی لە کاروانی سەرفرازی گەلان دا بەجێماوەو خزێنراوەتە کونجی لاتەرێکییەوە:

شەو چرایەک بوون بۆ شەوی کۆنگۆ
درەخشان، تابان، وەک مانگی ئاسمان
نموونەیەک بوون لە بەرزی ئینسان
(مەسیح)ی سەرەم بۆ ئەفریقای نۆ

***

دڵ پڕ لە کوڵەو دیدە پڕ گریان
لە هەموو لایە سەرانسەر جیهان
دەستی کرێکار، جووتیار، خوێندەوار
بۆ تۆڵەسەندن بەرزە تا ئاسمان

***

بەم پێیە دەبینین کە باوەڕی ئینتەرناسیونالیستی لەدەمارو هەستی بە کوڵی شاعیردا هەمیشە لەجۆشو خرۆشێکی بێ کۆتاییدا بووەو نەتەوە ئازیزەکەی و مرۆڤایەتی هەرگیز لەیەکتر نەترازاندووەو بە چەشنی زنجیرەیەکی بەپساو لە تێکرا مەسەلە بنەڕەتییەکانی ڕوانیوەو هەر لە پێناوی ئەم بیرو باوەڕە پیرۆزەدا گیانی بەخت کردووە و بوو بە قوچی قوربانی.

مارف بەرزنجیو چیرۆکی کوردی

لەدوای دواخستنی گۆڤاری گەلاوێژو بڵێسە سەندنی ئاگری ستەمو زۆرداری لەلایەن ڕژێمی ئەو سەردەمەوە، بە ماوەی چەند ساڵێک دەستەیەک لە نووسەرانی کورد ڕوویان کردە جیهانی چیرۆکو خۆیان بە خوێندەواران ناساند، بەم جۆرە دەتوانرێ بوترێ کە ئەم کۆمەڵە دەستەی سێیەمی چیرۆکنووسانی کورد پێک ئەهێنن لە مێژووی چیرۆکی کوردی دا، لە هەموویان ناسراوتریش (محەرەم محەمەد ئەمینو محەمەد مەولوود مەمو دکتۆر جەمال نەبەرو جەلال مەحموود عەلیو جەمال بابانو ئەمینی میرزا کەریمو مارف بەرزنجی)و چەند کەسێکی تر بوون، سەرەتای خۆ خەریک کردنی تەواوی مارف

بەرزنجی بە چیرۆکی هونەرییەوە و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی لەم بوارەدا ئەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیە، بەڵام دەرچوونی گۆڤاری (شەفەق) لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا دەروازەیەکی رووناکتری بۆ کردەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی‌و خۆ خەریک کربی سەرو مڕ بۆ ئەم هونەرە.

ئەم چیروکنووسە لەبەرهەمەکانیدا خاوەنی شێوازێکی تایبەتییەو بڕوایەکی سەرومری بە ڕێبازی ڕیالیستی هەبووەو کەرەستەو ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە بەسەرهات‌و ڕووداوی خۆماڵییەوە هەڵ هێنجاوە، بەپێی ئەو بۆچوونەی (گۆرکی) (١٨٦٨-١٩٣٦) کە هەموو شتێک لە مرۆڤەوە هەڵ ئەقولێت‌و سەرهەڵ ئەدات بۆیە ئەبێ هەموو کارێکی ئەدەبیش هەر لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بێت و بۆ سەرخستن و گوزەرانی ئەو هەوڵ بدات، بۆیە مارف بەرزنجی وەک نووسەرێکی گۆشکراو بە بیروباوەڕی مرۆڤ دۆستی و پێشکەوتنخواز لە بەرهەمەکانیدا (مرۆڤی کوردی پەژ مردەو زۆر لێ کراو، ناڵەو نرکەی جووتیاران‌و ڕاپەڕینە دلێرانەکانیان بە ڕووی ستەم‌و زۆرداری‌و چەوساننەوەدا، ڕۆشنبیرێکی ڕاونراوی قاڵ بووی خەبات‌و تێکۆشان، دەرخستنی ڕووی ڕەشی خراپەکاران‌و ناحەزانی نەتەوە، بایەخ دان بە زانست‌و بەستنەوەی بە ڕەوتی پێشکەوتن‌و سەرفرازی میللەتەوە و ڕۆڵی دیاری کرێکاران‌و ڕاپەڕینە مەردانەکەی گاور باغی، تکەی ئارەقی ڕەنجدەران‌و تێکۆشەرانی ڕێی هات‌و نەهات)ی خستۆتە چوارچێوەی چیرۆکی هونەرییەوە.

من لێرەدا نامەوێ‌و بە پێویستی نازانم کە سەبارەت بە چیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە درێژە بە باسەکەم بدەم‌و بە بەڵگەوە قەڵەمی لێکۆڵینەوەیان تێ بژەنم چونکە لەمەو بەرو لە زۆر شوێن دا ئاورم لەم بابەتە داوەتەوە سەرباری ئەمانەیش لەساڵی (١٩٧٦)ەوە کتێبێکی قەبارە گەورەم لەسەر هەموو بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی نووسیوەو وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی چاوەڕوانی ڕووناکی‌و بەچاپ گەیشتنە. بەڵام تەنیا خاڵێکی گرنگ ئەخەمە پێش چاو ونامەوێ بخرێتە تاریکاییەوەو دەست پێشکەری هونەرو تەکنیکی نوێی لێ بدزرێ کە ئەویش وریایی‌و پێش بینی نووسەرە بۆ تازە کردنەوەی شێوەی چیرۆکی کوردی‌و سوود وەرگرتنە لە ئەدەبی بێگانە.

مارف بەرزنجی لە مێژووی ژیانی خۆیدا کەساڵی ١٩٦٠ بە دەستخەتی خۆی نووسیویتی‌و سەبارەت بە چیرۆکی (سەر لەبەیانی نەورۆزێک) کە ساڵی ١٩٥٥ دەستی بە نووسینی کردووە ئەڵێ:

(ئەم چیرۆکەم لەسەر شێوازی-تیار الوعی-نووسیوە) لێرەیشدا کە ئەم ڕاستییەم خستە بەردەم ڕووناکبیرانی کورد مەبەستی بنەڕەتم لە لێشاوی ئەو قسەو باس‌و خواسانەیە کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە دەستەیەکی بە ناو نوێ خواز چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمەیان جەنجاڵ کردبوو کە گوایە هەنگیان لە دارا دۆزیوەتەوە و (شەپۆلی هۆش) لە داهێنانی ئەوانە.

تەنانەت (حسین عارف) لە باسێکی تایبەتیا بە ناونیشانی (شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠) دا گریی ئەم مەسەلەیەی کردووەتەوەو بە موڵکی خۆیانی ئەزانن، بۆیە لەم شوێنەدا بە پێویستی ئەزانم کە ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە بخەمە ڕوو کە لە مێژووی سەرتاپاگیری چیرۆکی کوردیا (مارف بەرزنجی) یەکەم کەسە کە لە ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا پەی بەم شێوازە نوێیە بردبێ‌و چیرۆکەکانی پێ پۆشتە کردبنەوە.

مارف بەرزنجی‌و ڕۆمانی کوری

مارف بەرزنجی لە مێژووی ژیانەکەیداو بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی‌و دەریبڕیوە کە ڕۆمانێکی بە دەستەوەیەو باسی ژیانی کوردەواری ئەکات لە عوسمانلییە تا ئەمڕۆ.

بەڵام ئەم دەستنووسە لەناوبەرهەمەکانیدا نین‌و بنەماڵەکەشی نەیاندیوە نووسەر لە بەنیخانە خەریکی نووسینەوەو ئامادەکردنی بووە.

پاش پرس‌و گەڕان‌و سۆراغ کرن بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەم بەرهەمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ساڵی ١٩٦٣ دوای تەواو بوونی کەوتۆتە لای کاک محەممەدی مەلا کەریم بەو مەبەستەی کە بیپارێزێ‌و سەر ی تیا نەچێ.

بەم بۆنەیەوە کاکە حەمە ساڵی ١٩٧٦ بەدەسخەتی خۆ بۆی نووسیونو ئەڵێ (پاش حوکوم بەسەرا دانی ڕۆژێکیان بەهۆی مەجیدی کاکەی حاجی مەحموودەوە ڕوونوسی پاکنووس نەکراوی ڕۆمانێکی درێژی بۆ نارم لە دوو سێ دەفتەری سەد پەڕەییدا نووسیبوویەوەو بە قەڵەمی فەرەنگی تابوی هەڵگرم لەگەڵ کۆمەڵێ شیعری بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەیدا، پاش ڕووداوەکانی ١٩٦٣ لە ترسی ئەوەی نەوەکا دەستی پۆلیس بکەوێ و بفەوتێ بەگەڵ هەندێ شتی خۆم لە ماڵێکا پێچرانەوەو خرانە چاڵ واماں ئەرانی وا نافەوتێن، کە پاشان دەرمان هێنانەوە شێیان هەڵهێنا بوو، ڕزی بوون وەک هەویرێکی بۆکەنیان لێ هاتبوو، کەڵکی هیچیان لێ وەرنەئەگیرا. بەو جۆرە ئەو پاشماوانەی ئەو ڕۆڵە نەمرانەی گەلی کورد بوون بە قوربانی زەبرو زەنگ‌و تۆقاندن‌و پێ شێلکردنی مافە ئازادییەکانی ئادەمیزاد) مەبەستی ئێمەش لە خستنە ڕووی ئەم چەن دێرە وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دروست ئەوەیە کە ئەم نووسەرە جوانە مەرگە لە ڕۆژگارێکی قات‌و قڕی ڕۆمانی کوردیداو لە لە گرتووخانەی زۆردارانەوە بەپێچەوانەی زۆر لە نووسەرانی ترەوە هەستی بەو بۆشاییە گەورەیە کردووە لە ڕووی نووسینی ڕۆمانەوە. خۆ ئەگەر ئەو ڕۆمانە بمایەو لەبەر دەستا بوایە دیارە وەک بەرهەمێکی ناوازەو ڕەنگین شوێنی شیاوی خۆی لە لیستە بچوکەکەی ناو ڕۆمانی کوریدا ئەگرت‌و نووسەریش وەک یەکێک لە ڕۆمانووسە پێشڕەوەکانی ئەدەبی کوردی دائەنراو بەرهەمەکەیشی وەک (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی‌و (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد پەنجەی نوازشی بۆ ڕائەکێشرا.

مارف بەرزنجی‌و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

مارف بەرزنجی لەپاڵ هۆنینەوەی شیعرو نووسینی چیرۆک‌و بابەتەکانی تردا کۆمەڵە بەرهەمێکی ڕەخنەیی‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

هەیە کە لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی ئەدەبی کوردیدا جێی شیاوی بۆ تەرخان کراوە.

ئەو بناغەو دەستوورو ڕایەڵانەی کە لەپرۆگرامی ڕەخنەی دروستکەرو زانستییانەدا هەن‌و ویستوویەتی کە لە ئەدەبی بەتەوەکەیدا جێیان بکاتەوەو بیان کات بۆ پیوانەیەکی دروست بۆ شی کردنەوەو باس کردن‌و ڕوچوون بە ناخی بەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخدا، ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو گرتووە کە (ڕەخنەگر پێویستە پرۆگرامێکی دیاری کراوی هەبێ تاکو لەکاری ترسناک‌و بۆچوونی نابەجێ دوور کەوێنەوە).

مارف بەرزنجی یەکەم ڕەخنە گری کوردە کە یەکەم بەرهەمی شیعری (کامەران موکری) خستە سەر دەستکاری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بەروارد کردن. دوای دەرچوونی ئەو دیوانەی کامەران بەباسێکی تایبەتی پلەی سەرکەوتن‌و کەم‌و کوڕیەکانی دەستنیشان کردوو لەم بارەیەوە دەڵێ : (ئەتوانم بڵێم کامەران هونەرێکی سەربەست‌و تەڕو شیرین گوفتار بە جۆش و تیندەرە بە دڵ‌و هیوا، شاگردێکی پێشکەوتووی مامۆستا گۆرانە، کەمێکیش پرتەوی هەردی لە شیعرەکانیدا دیارە بەتایبەتی لە سۆزی ناسۆز دڵداری لێ تێک چووی بەهۆی خاوەن تەلارو زێڕەوە) لە دوایی دا یەکە یەکە شیعرەکانی بەسەر کردووەتەوەو بەبەڵگەو بۆچوونی زانستییەوە ناتەواو ییەکانی دەرخستووە.

لەهەمان کاتدا لایەنی جوانکاری‌و دەربڕینە ناوازەکانیشی بۆ خوێنەران ناوەڵا کردووە. نووسەر کە لە بابەتێکی ئەدەبی کۆڵیوەتەوە و قەڵەمی ڕەخنەی تیژەنیوە زۆر بە هێمنی ڕازو بۆچوونەکانی دەرکاندوەو دەوری سوپەرمانی بەخۆی نەداوە، بۆ وێنە لە کاتێکدا مامۆستای شاعیرو ئەدیب(عەبدوالڕەزاق محەمەد بیمار) دانەیەک لە کتێبەکەی (شانۆی کوردستانی)ی پێشکەش ئەکات‌و بەو نیازەی کە بەڕەحنە لێ گرتن شەرەفناکی بکات‌و لە بەرهەمەکەی بکۆڵێتەوە. نووسەریش لەگەڵ شارەزایی‌و توانستێکی زۆرەوە وتویەتی (کەمن شەرمم بەخۆم دێ خۆم بە ڕەخنە گری شانۆ دابنێم، کاکی خۆشەویستم خۆتە زانی بێ گۆماو کەس بە مەلەوان نابێ، هەروەها بێ شانۆیش گرانە ڕەخنە گری شانۆو دراما هەڵکەون، دیسانەوە دراماتیستی پوختیش لەناو شانۆدا هەڵ ئەکەوێ، جا بۆیە خۆم وەکو ئەو کەسە دێتە بەرچاو لە کتێبا فێری مەلەوانی بووبێت)

کە ئەم پەڕەگرافەی مارف بەرزنجی ئەوپەڕی سادەیی‌و دەروون پاکی دەرئەخات. لەگەڵ ئەوەشدا هاتووە لەسەر بنەڕەتێکی ڕاستانە بنەڕەتێکی پێش کەش کردووە کە یەکێکە لەو ڕەخنەو لێکۆڵینەوە پەسەندانەی کە تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا ماوەتەوە.

ئەو چیرۆک‌و ئۆپەرێتانەی کە لە دووتوێی کتێبەکەدا جێیان کراوەتەوە دوای لە بێژەنگ دان‌و بژار کردن‌و شیکردنەوەیان ئینجا ڕیارێکی وردی بەسەردا داون. شێوەو ناوەڕۆکی وەک یەک خستۆتە ڕوو، بیرو ڕاو کرۆکی چیرۆکەکانی لە خوێندەواران نزیک کردۆتەوە، لایەنە فووڵ‌و شاراوەکانی نیشان داوە، ئەرک‌و شەونوخونی‌و گیروگرفتی نووسەری لەبەرچاو بووەو بە چاوێکی سەنگینەوە بۆ ڕەنجی

فەرهادانەی خاوەنەکەی ڕوانیوە، ڕستەی ناوازەو دەربڕینی جوانی دەرهێناوەو کردونی بە بەڵگەی شارەزایی‌و دەست ڕۆیشتووی نووسەر، لە دواییدا ئەو لایەنانەی کە بەلایەوە پێویستیان بە سەرنج‌و لێدوان بووە ڕاستییەکانی نیشان داوە، مارف بەرزنجی بە چاپ کردنی بەرهەمێکی ئەدەبی سەنگین‌و بایەخدار دڵی ئەگەشایەوە، بۆیە لە کرتووخانەی بەعدادەوە کاتێک (مەم‌وزینە)ەکەی شاعیری نەتەوەیی (ئەحمەدی خانی) لەلایەن (هەژار موکرانی)یەوە بە شێوەی موکریانی چاپ ئەکرێت دەست بەجێ ئەم بەرهەمە بە نرخە هەڵدەسەنگێنی‌و بە چەشنێ کارێکی مەردانە بەسەری ئەکاتەوە.

مارف بەرزنجی دەستێکی باڵای هەبووە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیداو سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی لە زۆر لایەنەوە بیروباوەڕی خۆی نیشان داوە لە کاتێکدا کە وەڵامی نووسینێکی (هەژار موکریانی) ئەداتەوە لەبارەی گیروگرفتی شیعری‌و جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان کۆن‌و تازەدا گەلێ مەبەستی بنچینەیی‌و پێویستی ئاشکرا کردووەو خاسیەت‌و کەموو کوڕیەکانی جۆرەکانی شیعری دەرخستووە، چەند جوانە کە ئەڵێ (ئەگەر قرژاڵیش لاق هەڵبڕێ‌و بڵێ من ئەسپی مەحەنەکەم، ئایا ئەبێ ئەسپی محەنەک ببێژرێ؟ یا خەڵکی بڕوای پێ بکەن؟ ئەگەر بیکەن تاوانی خەڵکەکەیە نەک ئەسپ‌و قرژاڵ) نووسەر ئەم نموونەیەی بە مەبەستی دەوری شیاوی شیعری هێناوەتەوەو نابێ لەبەر بابەتێکی نابەکام ناوازەکانیش لەبەر چاو بکەوێن‌و بکرێت بە بەڵگەی دواکەوتنی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە. ئەمانە بوون بە نووکە قەڵەمێکی درشت‌و بە شێوەیەکی کورت سەرنووردێک سەبارەت بەهەنێ جموجۆڵی مارف بەرزنجی لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا.

مارف بەرزنجی‌و هونەری وەرگێڕان

دەمێکە وتراوە کە وەرگێڕان کارێکی پێویستەو لە هەمان کاتا هونەرو زانستێکی تایبەتییەو بریتییە لە (پرۆسێسی گۆڕینی دەقی مادەیەک لە زمانێکی دیاری کراودا بە دەقی مادەیەکی پڕ بە پێستی خۆی لە زمانێکی تردا).

دیارە مارف بەرزنجی وەک ڕووناک بیرێکی چالاکی سەردەمەکەی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی ڕۆشنبیری کەڵا نەخستووە، زمانی عەرەبی‌و تورکی‌و ئینگلیزی زانیوەو ویستوویەتی کە لەم لایەنەوە کنەیەک بکات‌و بەپێی تواناو دەرفەتی ڕەخساو ڕستێک بابەتی ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لە زمانەکانی بێگانەی کردووە بە کوردی بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە ناوچوون‌و دەست ئێمە نەکەووتوون. لە شیعردا ئاوڕی لە (نازم حکمەت)ی تورک‌و (حوسێن مەردان)ی عەرەب داوەتە، لە هونەری چیرۆکدا چەند بەشێکی کتێبی (فن القصة)ی دکتۆر (محەمەد یوسف نەجمە)ی وەرگێراوەتە سەر زمانە شیرینەکەی، لە بابەتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا (ئەتەوەو چینەکان) کردووە بە کوردی، ساڵی (١٩٦٠)یش بە بێ ناو کتێبی (ڕاپۆرتێک دەربارەی ئیسلاحی زەراعی) زەکی خەیری کردووە بە کوردی و لەلایەن ڕۆژنامەی ئازادییەوە بۆی چاپکراوە. لەم چەن دێڕەوە

ئەگەبە ئەو مەبەستەی کە مارف بەرزنجی لەم بوارەیشدا جێ دەستی دیارەو ئەم هونەرەی بە پێویستییەکی گرنگ زانیوە

مارف بەرزنجیو بواری ڕۆژنامەگەریتی

ئلیمەبی دیاردەیەکەو لە سەرەتای ژیانەوە لە دەروونی مرۆڤ دا چەکەرە دەکاتو لە ئەنجامدا وەک چرۆیەک دەم ئەکاتەوەو ئەگەشێتەوە. قوتابییەکی قۆناغی سانەوی ئەو سەردەمە لە لادێیەکی دوورەدەستی تەریک وا بەتاسەو شەوقەوەو ویستویەتی کە سەرەتاتکێ لەگەڵ کاروباری ڕۆژنامەگەریتی دا بکاتو بە دڵسۆزییەوە یارمەتی مامۆستا شاکیر فەتاح بات لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (باسەرە) داو لە هەموو ژمارەکانیدا شیعرو وتارو نووسینی هەمە جۆر بڵاو بکاتەوە.

ساڵی (١٩٥٨)یش لە کاتێکدا کە عەقیدی خانەنشین خوالێ خۆشبوو (عەبدوڵ قادر بەرزنجی) ئیمتیازی گۆڤاری (شەفەق) وەرئەگرێتو لە دەستەی نووسەراندا مارف بەرزنجی وەک نووسەرێکی باڵاو پارێزەرێکی چالاکو ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا بەسەر کەوتوویی کاری تیادا کرووەو بە بەرهەمەکانی لاپەڕەکانی ڕازاندووەتەوە. ئەو گۆڤارەی کە بەیەکێک لە گۆڤارە چاکەکانی نەتەوەی کورد ئەژمێرێتو زۆربەی نووسەرو شاعیرە دەرکەوتووەکان بەشداری نووسینیان ئەکرد. جگە لە بابەتی چیرۆکو وردە باسی تر گۆشەیەکی سەرەکی بە ناونیشانی (ئەلفو بێ) وە لە گۆڤارەکەدا چەسپاندکە هەر جارەی بابەتێکی تایبەتی ئامادە ئەکرد. بەڵام هێشتا گۆڤارەکە لە هەرەتی لاوی دابوو کە ئەم نووسەرە باڵایەی لێ دوورخرایەوەو خزێنرایە کونجی گرتووخانەوە.

مارف بەرزنجیو کۆڕی تێکۆشان

ژینگە دەورێکی کاریگەر ئەبینێ لە ژیانی مرۆڤدا، مارف بەرزنجی شەهیدیش لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەری ئەم نیشتیمانەوە پێگەیشتووە لە کاتێکدا چاوی کرایەوەو دەورو پشتی خۆی بینی رووی کردە هەواری سیاسەتو لە کۆمەڵو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەو ڕۆژگارە نزیک بووەوە، سەرەتای ئەم تێکۆشانەشی لە پارتی (هیوا)وە دەست پێ ئەکات کە ئەو سەردەمە کۆمەڵێ ڕۆشنبیری ناسراوی خاوەن بڕوای لە دەور کۆببووبۆوە، ئەوەتا حوا لێ خۆشبوو (شێخ حەسەنی شێخ محیدین)ی دایک برای لە پارچە شیعرێک دا باس لەم نزیکیەی خۆیو مارف بەرزنجی ئەکات لە پارتی (هیوا)وە:

مارفی دایک برام و کاک حسێن بوون پێشەوا
بوونە ڕابەر، بوونە چاو ساغم لە تاریکی شەوا
تا لە ئیستیعمارو داگیر کردنی ورد بوومەوە
تێ گەیشتم مافی گەل، هەروا ئەوەو چینایەتی
ڕێی بەرەنگاری وخەباتو کۆششو مەردایەتی
هەر کە پارتێکی سیاسی دانرا ناوی هیوا
چو ینە ناوی ڕێکخراوێ وەک پەپوولە بۆ چرا

لە دواییدا کە خوێندنی کۆلێجی (حقوق)ی زانستگای بەغدادی تەواو کردووە زیاتر ئاسۆی بیرو لێکدانەوەی فراوانتر بوو کەوتە جموجۆڵی سیاسیو لە ڕاپەڕینەکانی ولاتدا لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەراندا بووە بەتایبەتی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨و تشرینی دووەمی ١٩٥٢ کە تەختو بەختی ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیستان هێنایە لەرزینو هەژان.

ساڵی ١٩٥٤ بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو هاتە کۆڕی هەڵبژاردنەوە، مارف بەرزنجیو ئیبراهیم ئەحمەد بوونە دوو پاڵێوراوی ڕاستەقینەی گەل، لە ئەنجامدا زۆربەی دەنگیان وەرگرت بەڵام میری کە زانی نوێنەرانی بەرەی گەل دەرچوون بە دزییەوە لە ناو شارو دەرەوەی سلێمانیدا نوێنەرانی سەر بە ڕژێمیان کۆکردەوەو نوێنەرای بەری میللەتیش کەوتنە بەر شاڵاوی گرتنو ڕاونان، باشترین تابلۆی نەخشاوی ئەم هەڵبژاردنە (قانع)ی شاعیر ڕەنگی بۆ ڕشتووەو ئەم سەربووردەیە بۆ نەوەی نوێ ئەگێڕێتەوە:

ئینتیخاباتە عەزیزم مەوسمی ئازادییە
ڕۆژی سەربەستی وڵاتو بەزمو خۆشی شادییە
میری جارانیدا کە ئیتر کۆتی دیلی لابرا
گەل بەمە مەسروورە بۆچی مافی ئازادی درا
گەل بە ئاوات بوو بەدڵ پێشوازی گەرمی خۆی نوان
نێرو مێ گەورەو بچووک خانو مەلا شوانو سەپان
جاردرا کێ ڕائەبینرێ، کێ ئەچێتە پەرلەمان
فەرموو خۆی تەرشیح بکا بۆ خزمەتی هاونیشتیمان
ئەو زەمانە ڕۆیی ئالب مەرجە خاوەن پارە بێ
لاوی دڵسۆزی هەژاریش جەرگی پارە پارەبێ
شادی باڵی خۆی درێژ کرد هاوڵاتی گرتەوە
بابزانین کێ بوو سەرکەوت گۆی لە مەیدان بردەوە
لاوی کوردی نیشتیمانی (مارفــو نووری وبلە)
چەندەها ڕۆڵەی تریش ئامادە بوون بۆ ئەم پلە
کاتێ تەئمیناتی قانوونی تەواو تەسلیم کرا
ڕێ درانو بەندی چاودێری لە سەریان لابرا
قۆڵ بە قۆڵ ددستە بە دەستە خەڵقی شارو دێ نشین
هەڵبژاردنیان تەواو کرد دەم بە خەندەو پێکەنین
حەزرەتی پاشا کە زانی نوێنەری گەل دەرچووە
تووڕە بوو چاوی زەقۆ کرد چونکە کۆستی کەوتووە
ئەمری دەرکرد بۆ قەڵاچۆ شورتە ئالۆزانە گەل
دەس نەپاراستن لە گرتن لاوو پیرو کوێرو شەل
نوێنەری شەرعی لە کونجی بەندیخانە توند کران
ئاقمێکی هەرچیو پەرچی دوژمنی گەل دانران
ئابڕۆخی ئەم نیزامە بۆ گەنە فاشستییە
پشتیوانی گەل برایی و یەکێتیو سەربەستییە

مارف بەرزنج شەهید لەگەڵ گرنگی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨دا وەک دڵسۆزێک کە ئاواتی چەند ساڵەی هاتبێتەدی بەکوڵو

دڵ حرمەبی کومارە ساواکەی کردو لەسەر داوای حەماوەر بە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک هەلبژێردرا، بەلام نوکەرانی ئیمپریالیزم و پیاوانی کومپانیای نەوتی کەرکوک i.p.c,+ لەم حرمەت گورارە ئەترسان‌و مانەوەی ئەویان بەرنابی حوبان ئەزانی‌و بەربەستی سکاندنی برپرەی پشتی حولانەوەی بیشیمانی لە ئاهەنگی یەکەمی سالی شۆڕش داو سالی ١٩٥٩ لە گۆڕەپانی حەبات دووریان حسەوەو لە گرتووحانەیان توند کردو خۆیشی بەکەم کەس بوو کە هەستی بەمە کرد، لە سالنامەی ١٩٦٠ داو کە لەم کتیبەدا لە بەشی تایبەتی حۆیدا ئەی حوێندنەوە ڕۆژی ١٩٦٠/٧/٣١ ئەلێ (ئێمە کۆمپانیا نەوتی کەرکوک گرتوسی، ئەگینا نەک هەر بێ گوناهو بێ تاوانین بەلکو دوژمنترین کەسێکین بەرامبەر هەموو تاوانێکی ڕاستەقینە)

مارف بەرزنجی‌و ناو چوار دیواری زیندانەکان

مارف بەرزنجی لە کاتێکدا بۆ دواجار حرێنرایە کونجی گرتووحانەکانەوە بە کارێکی ئاسایی هاتە بەرچاو، ئەو گیانی لە خۆبوردوویی‌و هەوڵ‌و کوششەی کە لە سالانی کارو فەرمانیدا بەجێی ئەهێنا لە گرتووحانەدا ڕیانر پەرەی پێداو ئەو چوار ساڵەی دوایی ژیانی تەرحان کرد بو کاری ئەدەبی‌و حوێندنەوەی بەردەوام. هەندێ لە بەرهەمەکانی ناو گرتووحانەی لە کاتی حۆیدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی وەک (هیواو شەفەق‌و ڕوناهی‌و ئازادی) بلاو کردووەتەوە. دیارە ئەم بەحەرگی‌و سووربوونەی لەسەر حەباتی ڕاستەقینە ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنن کە بە ئاشکرا دەرکەوتووە کە ڕووناکبیرانی کۆڕی حەبات‌و تێکۆشان هیچ حۆرە دابڕێنێک ناسن لە نێوان ژیانی ئاسایی‌و کونجی زیندانەکان، بەڵکو ناو چوار دیوارەکەی ئەبێتە قوتابخانەی باوەڕی ڕاستەقینەو بە مەڵبەندی حەباتی ئەبێنەگەن، وەک (قانع) ئەلێ

گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش ئزانێ کونجی زیندانم قوتابی خانەیە
بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
فوو بەسەر ئەو دوژمەی هیوای بە ئاسنحانەیە

لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی پڕن لە نموونەی هەڵوێستی مەردانەی ڕووناکبیران‌و بوێری‌و چاونەترسی نووسەرو ئازادیخوازان. شاعیری جیهانی (نازم حیکمەت ١٩٠٢-١٩٦٣/٦/١٣) (چەپکێ لە شیعرە ئاگرینەکانی لەو کاتەدا کە لە بەندیخانەدا بووەو بۆ ماوەی سیانزە ساڵ‌و نیو. ئەو ماوەیە هۆیەک بووە بۆ دەربڕینی هەست‌و ژانی دەروونی).

یان شاعیری بۆلگاری (ڤاپتساروڤ) لە شەوی لەدارا کردنیدا لە ١٩٤٢/٧/٢٣ داو لە ڕێگا شیعرێکی بە سۆز ئەنووسێت‌و بە ناونیشانی (گۆرانییەکی ماڵئاوایی)و بۆ خێزانەکەی ئەنێرێ.

مارف بەرزنجی مرۆڤێکی ڕاستگۆو پتەوو سەرحاوەی کۆڵنەدان بووەو هەردەم حۆبەست‌و بەرژەوەندی بە کارێکی نابەجێ زانیوەو دژی وەستاوە، باشترین نموونەش بۆ ئەم بیرو ڕایە هەوڵ‌و تەقەلای بنەماڵەکەی بوو بە مەبەستی دەربازکردنی لە گرتووحانەو رازی کردنی پاسەوانەکانی بو ئەم مەبەستە، کاتێک کە ئەم هەواڵە بە مارف بەرزنجی گەیشت وەلامی ئەمە بوو.

(با هەموو برادەران بەبەکەوە دەرباز بکەن یان ئەگەر هەڵ بەسورا من بە تەنیا نامەوێ‌و هاوڕێیانم بەجێ ناهێڵم.

بەم ڕەنگە بە درێژایی چوار ساڵ مایەوەو لە کۆتایدا ئەم جیهانەی بەجێ هێشت‌و بەمری بۆ مایەوە.

مارف بەرزنجی‌و هەڵوەرینی گوڵی ژیانی

دوای ئەوەی کە مارف بەرزنجی لە یەکەم ئاهەنگی ساڵانەی شۆڕشی حوزەیی تەممووزدا گیراو درا بە دادگای عورفی و بە ناڕەوا حوکمی حنکاندنیان دا بەسەردا. نزیکەی چوار ساڵ مایەوە تاڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٣ لەگەڵ پارێزەر شێخ حوسێن بەرزنجی برای‌و ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی کورد کران بە داراو بە چەشنی فارەسانێکی هەڵکەوتوو چووە سەر سێدارەو گیانی پاکی بەخشی بەم کوردستانە ئازیزەو لەگەڵ کاروانی سەرفرازاندا بەڕێ کەوت

(لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی نوێی یەکەمی سەدەی بیستەم‌و ناوەڕاستی ئەم سەدەیە ناوی سێ کوڵی بۆن حۆش بەلام تەمەن کورت‌و سێ فارەمانی لاوی شەهیدی ڕێگەی ژیان‌و سێ هەڵکەوتووی لە ناوەخت کوچ کردوومان بۆ دەور ئەکاتەوە، ئەمانە وەزیری نادری (١٩١١-١٩٤٦) کوردی ولاتی قەفقاسی سوڤیەت‌و مارف بەرزنجی (١٩٢١-١٩٦٣) ولاتی کەرکوک و یونس ڕەئووفی دلداری (١٩١٨ ١٩٤٨) ولاتی کۆیەو هەولێر بوون. ئەمانە، ئەگەر ئەوە ڕاست نەبێ بڵێم لە هەموو شتێکدا لە یەکتریان ئەکرد، دیارە لە زۆر شتدا لە یەکترەوە نزیک بوون لە ڕۆشنبیری‌و بیروباوەڕو ئایدۆلۆژی لە یەکتر نزیک بوون. بیروباوەڕی پێشکەوتووی مرۆڤایەتیان هەبوو، کوردیان خۆش ئەویست‌و لە کۆمەڵی ئادەمیزادیان جیا نەئەکردەوە.

ئەم سێ هەڵکەوتووە هەموویان نەک تەنیا شاعیری دیار، بەڵکو نووسەری بە توانایش بوون، گشتیان لە کاتی حۆیدا کۆچی دواییان کرد، وانە حوانەمەرگ بوون. وەزیری نادری بە دەستی ناپاکێکی دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کوژرا، مارف بەرزنجی لە ڕێی بیروباوەڕەوەی کوردانەیی‌و مرۆڤایەتی لە سێدارە درا، یونس ڕەئووف بەوەستانی دڵ دوایی بەژیانی هات) بەم حۆرە ئەم سیانە (ئەگەر چی لە ئەدەبی کوردیدا لاپەڕەی پیرۆزو پرشنگداریان داگیر کردووە، ئەگەر بە نوبەمامی هەڵنەوەرانایە، ئەو لاپەڕانە بە فەوارە فراوانترو بە ڕوحسار حوانتر ئەبوون).

خێزانەکەی

خێزانی حوالێ حۆشبوو مارف بەرزنجی ناوی (نەدیمە سەعید)ەو لە بنەماڵەی ئاغاکانی ئەسعەدیە لە هەولێر، لەو کاتەوە بووبە هاوسەری یەکتر هەموو تەنگ‌و چەڵەمەو دەردی سەرکێیەکی لەگەڵدا چەشتووەو کۆڵی نەداوە، لە کاتێکدا کە لە گرتووحانەی بەغداد بوو بە مارف بەرزنجی ڕاگەیاند کە ڕێیەکم بۆ داسێ‌و چی لەم منداڵانە بکەم ئەو یش وەلامی داووەو کە حۆت لەیەک کات دا دایک‌و باوکی ئەو

مندالآنەیت، ئەویش سەلماندی کە بەڕاستی دەوری دایکو باوکی بەرامبەریان بینی، ماوەیەک مالی گواستەوە بۆ هەولیر لای (ناظم ئاغا)ی برای و بەم جۆرە مایەوە تا بەرەبەرە مندالەکانی پیگەیشتنو خویندنیان تەواو کرد کە لە پیش هەموویانەوە (فەرەیدوون)ی کورە گەورەی لە کۆلیجی کشتوکال دەرچوو...

نەوەکانی

مارف بەرزنجی لە دوای خۆی چوار کورو چوار کچی بەجی هیشت کە هەموویان خویندەوارو ڕۆشبرو خاوەنی بیروباوەری نیشتیمان پەروەرین، چەند مایەی شانازیشە کە ئەم نەوەیەی بەو پەڕی دلسۆزییەوە بە چەشنی نەوەیەکی بەئەمەکو خزمەت گوزار بەرهەمە بێ نازەکانی باوکی شەهیدیان بە چاپ نەگەیەننو ئەو قەرزەی کە نزیکەی سی سالە لە سەریانە بە ئەمانەت و دەستپاکییەوە ئەیدەنەوەو لەلایەکی ترەوە چەند خۆشە کە لەڕۆژە ڕەشەکانی میژووی ئەم سی سالەدا توانیویانە بە پیلووی چاویان پاشماوەی بەرهەمەکانی باوکیان بپاریزن و لە فەوتاندن قوتاریان بکەن.

کوڕەکانی:

١-فەرەیدوون، ١٩٤٥ دەرچووی زانستگای موسل، ئەندازیاری کشتوکال.

٢-پۆلا، ١٩٤٩ ئیستا لە سوید پەنابەرە.

٣-سامان، ١٩٥٥ دەرچووی زانستگای بەغداد، ئەندازیارە.

٤-فەرهاد، ١٩٥٦ دەرچووی کۆلیجی زانستی، بەشی بایەلۆجی لە زانستگای سلیمانی، ئیستا لە سوید خەریکی پشکنینی دکتۆرایە.

کچەکانی:

١-قراز، ١٩٤٧ دەرچووی زانستگای موسل، پزیشکە.

٢-کەژال، ١٩٥١ خیزانی مالە.

٣-سروە، ١٩٥٣ دەرچووی کۆلیجی بەڕیوەبردن و ئابوورییە لە زانستگای بەغداد، مامۆستای ئامادەیی بازرگانی کچانە لە سلیمانی.

٤-شادمان، ١٩٦٠ دەرچووی کۆلیجی زانستی بەشی فیزیا لە زانستگای سەلاحەددین، مامۆستای فیزیایە لە دواناوەندی فریشتەی کچان لە سلیمانی.

١ -بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار، میژووی ئەدەبی تازە بە زمانی ڕووسی، لە بلاوکراوەکانی بلاوخانەی زانستی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی سەر بە ئەکادمیەی زانستی سۆڤیەت، مۆسکۆ ١٩٦٧ال ١٩٦ ئەم چەند دیڕە لەسەر داوای ئیمە دکتۆر خەزنەدار وەری گیڕایە سەر زمانی کوردی، دیارە شایەنی قەدر زانینە.

٢ - باسەڕە: ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی دەستنووس بووە لەلایەن مامۆستا (شاکیر فەتاح)ەوە ئامادەکراوەو نووسراوەتەوە لە کاتیکدا کە ناوبراو بەڕیوەبەری ناوچەی (قادر کەرەم) بووە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٢/٦/٢٥ دوا ژمارەی کە ژمارە (٢٤)ە لە ڕۆژی ١٩٤٢/١١/٢٣ بلاوکراوەتەوە. لەم ژمارانەدا (شاکیر فەتاحو مارف بەرزنجیو حوسین بەرزنجیو چەند خویندەواریکی ئەو سەردەمەی قادر کەرەم بەشداری یان کردووە. دواجار سالی ١٩٨٥ مامۆستا شاکیر فەتاح هەموو ژمارەکانی بە کۆمەل چاپ کرد.....

٣ -بڕوانە: ژین ژمارە (١١٤٠) ڕۆژی ١٩٥٣/٣/١٢

٤- ژین ژمارە (١١٤٦) ڕۆژی ١٩٥٣/٤/٢٣

٥- مارف بەرزنجی تەنیا شیعرەکانی (هیواو شەفەقو ڕووناهیو ئازادی) بەنازناوی (پشکۆ)وە بلاو ئەکردەوە لیرەدا سەرنجی خویتەدەواران ڕائەکیشم کە نووسەریک لە گۆڤاری گەلاویژدا بەنازناوی (پشکۆ) هەندیٚ بابەتی وەرگیڕاوی هەیەو پەیوەندی بە (مارف بەرزنجی)یەوە نییە، بەلکو خوا لیخۆشبوو (محەمەد قەرەداغی ١٩١٧-١٩٧٣)یە هەروەها نووسەریکی تریش سالی ١٩٦٠ لە ڕۆژنامەی (بڕوا)دا هەندیٚ نووسینی سیاسی هەیە بە ناوی (پشکۆ)وە ئەمیش پەیوەندی بە مارف بەرزنجییەوە نییە.

٦- مارف بەرزنجی ئەم پەیوەندییەی بۆ بابەتی شیعری نویٚ لەو لیکۆلینەوەو ڕەخنە ئەدەبیانەشدا دەربڕیوە کە لە کاتەکانی خۆیدا لە گۆڤارەکانی شەفەقو ڕووناهیو هیوادا بلاوی کردوونەتەوە و لەبەشی چوارەمی ئەم بەرهەمەدا دەیان خوینیتەوە.

٧-نازك الملائكة: قضايا الشعر المعاصر، منشورات مكتبة النهضة، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٦٥ ص ٤٧.

٨- بدر الشاكر السياب، (١٩٢٦-١٩٦٤/١٢/٢٤) (١. جريدة المرفا، ملحق مجلة الاذاعة والتلفزيون، العدد التاسع عشر، ٢٥ كانون الاول ١٩٧٦ ص ١٨.

٩- نووسەری مەزنی سۆڤیێتی مەکسیم گورکی (١٨٦٨-١٩٣٦) لای وایە کە هونەرمەندە گەورەکان ئەوانەن کە ڕۆمانسی و ریالیستیان پێکەوە جۆش داوە بۆ ئەمەش بڕوانە: احسان عباس، فن الشعر ص ٤٣.

١٠- گۆڤاری هیوا، ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٦٠، ل ٤٣.

١١- شاکر نوری، مجلە الاقلام، العد الاولیس السنە الحادیە عشرە، تشرین الاول ١٩٧٥، ل ٢٥.

١٢- golden treasury selected by francis tumer, palgrave,p407 The

١٣- گۆڤاری ڕووناهی، ژمارە (٧-٨)ی ساڵی ١٩٦١.

١٤- ڕووناهی، ژمارە (٥-٦)ی ساڵی یەکەمی مانگی شوبات و ماریت ١٩٦١.

١٥- هەرچەندە یەکەم بەرهەمی چیرۆک نووسینی مارف بەرزنجی لە سەرەتای ساڵی ١١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام پێش ئەم مێژووە چیرۆکی نووسیوە و بڵاوی نەکردووەتەوە.

١٦- بۆ نموونە بڕوانە عومەر مەعروف بەرزنجی، (ئیکۆلێیەوە بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، ١٩٢٥-١٩٦٩) بەغداد ١٩٧٨ لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

١٧- بڕوانە حوسێن عارف، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٢) ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٧.

١٨- ئەم پەرەگرافە لە نووسینێکی درێژی کاک محەمەدی مەلا کەریمەوە وەرگیراوە بە دەستخەتی خۆی لە ڕۆژی ١٩٧٦/١٠/٧ نووسویەتی دەقی نووسینەکەیش وەک بەڵگە نامەیەک لەم کتێبەدا (مارف بەرزنجی شەهید) بڵاوکراوەتەوە.

١٩- الدکتور عزالدین اسماعیل، الادب وفنونە، القاهرە، ١٩٦٨، ص ٧٣

٢٠- یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوی کامەران موکری بە ناوی (دیاری)یەوە ساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە.

٢١- بڕوانە: مارف بەرزنجی، کامەران و دیارییەکەی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١)س (١) ڕۆژی (١٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨. لاپەڕە (٧).

٢٢- شانۆی کوردستانی بریتییە لە چوار ئۆپەرێت و چیرۆکی سەرشانۆی کوردی، نووسینی (عەبدولرەزاق محەممەد بیمار) لە ١٠٤ لاپەڕەدا جێی کراوەتەوە و ساڵی ١٩٦١ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٢٣- بڕوانە مارف بەرزنجی، گۆڤاری هیوا، ژ ٣٤ ص ٥ بەغدا، ١٩٦١ (ل ٤٨) لێکۆڵینەوەکەی لەسەر شانۆی کوردستان

٢٤- مارف بەرزنجی. باسێکی تری ڕەخنەی هەیە لەسەر چیرۆکی (بووکی پەردە)ی (عەبدولرەزاق بیمار) بۆ ئەمەیش بڕوانە، ڕۆژنامەی ئازادی، ژ ١٠٠ س ١٩٦٠.

٢٥- بڕوانە. مارف بەرزنجی، مەم و زینی خانی یان گیانی جانی، هەژار کردوویە بە موکریانی. ڕۆژنامەی ئازادی ژ ٨٧ ڕۆژی (٢٣)ی مارتی ١٩٦٠.

٢٦- بڕوانە مارف بەرزنجی، کۆڕ و ئارەیی لە سیعردا، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠) ساڵی یەکەمی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ ل ٧.

٢٧- بڕوانە نووسینەکەی هەژار موکریانی. گۆڤاری ڕووناهی، ژ (١) ساڵی ١٩٦٠ (ل ٥٩).

٢٨- بڕوانە مارف بەرزنجی، گۆڤاری هیوا، ژ ٣٢ س ٤ نیسانی ١٩٦١ ل ٣٣.

٢٩- دکتۆر موحسین فوئاد لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبی ویستگای بەغداد، ژمارە (١٥) ساڵی ١٩٥٨ لە وتارێکیا بە ناونیشانی (دوو کێشی عەرزووی لە شیعری کوردی ئارەدا پەنجەی بۆ نووسینەکانی مارف بەرزنجی ڕاکێشاوە دەربارەی کێشەکانی شیعری کوردی)

٣٠- بڕوانە محەممەد عەبدولرەزاق، گۆڤاری بەیان ژمارە (٥٤) ئازادی ١٩٧٩ کە ئەویش لەم سەرچاوەوە وەریگرتووە:

٣١- Alinguistic theory of translation. oxfor

٣٢- |University press London Third edition 1,69 p 20

٣٣- شەفەق: گۆڤارێکی نیو مانگی بوو، بەڵام مانگی جارێک دەردەچوو، ژمارەی یەکەمی (١٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرئەچوو، دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەحمەد و مارف بەرزنجی و سەمەد جەنەفاو مارف خەزنەدار و عومەر عارف و عەلی باپیر ئاغا)

٣٤- مارف بەرزنجی ئەم گۆشەیەی بە ناوی (شوان)ەوە بەڕێوە ئەبرد.

٣٥- مەبەست لە (شێخ حوسێن)ی کوڕی (شێخ عەبدولکەریم)ە و برای مارف بەرزنجییە، هەردووکیان بە جوونە لە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دا کران بە دارا.

٣٦- ئەم شیعرە بۆ یەکەم جارە بڵاو ئەکرێتەوە.

٣٧- بڕوانە دیوانی قانع، چاپی یەکەم ١٩٧٩ ل ٣٥٧-٣٥٨.

٣٨- دیوانی قانع، چاپی یەکەم، ١٩٧٩، ل ٢٢٩.

٣٩- مجلە الاقلام، العدد (١)، السنە التاسعە، ١٩٧٣ ص ١٧.

٤٠- محەممەد الحرئیری، ویکون التحاور، بغداد، ١٩٧٠ ص ٢٨.

٤١- ئەم بەسەرهاتەم لە کاک (سامان)ی کوڕی بیستووە. ..

٤٢- ڕۆژنامەی (الشعب)ی ڕۆژی (١٥)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ هەواڵی حوکمی جێکاندنی مارف بەرزنجی و هاوڕێکانی بڵاو کرایەوە.

٤٣- دکتۆر مارف خەزنەدار، گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات، ژمارە (٢٠-٢١) ساڵی ١٩٧٧ هەروەها بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغداد، ١٩٨٤.

٤٤- دکتۆر مارف خەزنەدار، گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات، ژمارە (٢٠-٢١) ساڵی ١٩٧٧ هەروەها بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغداد، ١٩٨٤

لە دۆخی سیاسی (هۆبز) ەوە بۆ دۆخی سروشتی (ڕۆسۆ)

خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) ی مارف بەرزنجی

سەمەد ئەحمەد

(١)

نووسەری شەهید (مارف بەرزنجی) ئەم چیرۆکەی لەساڵی (١٩٥٥)دا نووسیوە، بەڵام لەدوای (١٧) ساڵو لەساڵی (١٩٧٢)و لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ئینجا دەرفەتی ئەوەی هەبووە کە بڵاو بێتەوە[1] ئێمە بەتەواوی نازانین هۆکاری بڵاونەکردنەوەو دواخستنی چییە؟ بەڵام ئەوە باش دەزانین کە ژیانی نووسەر هەرگیز ژیانێکی ئاسایی نەبووەو پڕبووە لە گرتنو ڕاونانو خۆشاردنەوەو چەرمەسەری... کە دوور نییە هەر ئەم هۆکارانە بووبێتە هۆی درەنگ بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە.

(سەرلەبەیانی نەورۆزێک) چیرۆکێکە بەزمانێکی ئەدەبی پەخشان ئامێزو و سادەو بێ گرێو گۆڵ نووسراوە، خاڵییە لە ئاڵۆزیو تەمو مژ. سەبارەت بەتەکنیکی چیرۆکەکە، نووسەر ئەوە بەیان دەکات کە لەسەر شێوازی (تیار وعی)[2] نووسیویەتی. ئەگەرچی ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەم بانگەشەیە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم نووسینەی ئێمە تایبەت نییە بە قسەکردن لەسەر تەکنیکو لایەنی هونەری چیرۆکەکە، بۆیە ئەم باسە جێدەهێڵین بۆ ئەو کاتەی دەرفەتمان دەبێت کە قسە لەو بابەتە بکەین.

ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین تەنها موتاڵای بیرۆکەی چیرۆکەکە بکەینو لەسەر ڕۆشنایی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفی فەرەنسی (ژان ژاک ڕۆسۆ) لەسەر ژیانی سیاسیو گەڕانەوەی مرۆڤ لە دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە بۆ دۆخی سروشتیو تێزی فەیلەسووفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) بۆ دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی قسە بکەین. چونکە ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین: ئەم چیرۆکە دەقێکی ڕێدەوە کەوەک نموونە بیهێنینەوە بۆ ڕاڤەکردنو لێکۆڵینەوەی تێزی (ڕۆسۆ) و (هۆبز).. لەهەمانکاتدا بۆچوونەکانی (ڕۆسۆ)و (هۆبز)وەک ئەماو سەرچاوەیەکی مەعریفی بەکاردەهێنینو لەبەرچاوی دەگرین بۆتێگەیشتنی زیاتر لە بیرۆکەی چیرۆکەکە.

(٢)

بیرۆکەی ئەم چیرۆکەوەک لە ناونیشانەکەیدا دیارە (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) باس لەوەدەکات کە کات دەمەوبەیانی یەکەم ڕۆژی نەورۆزە، ئەگەرچی دەشتودەر یەک پارچە سەوزاییەو بەگوڵ ڕازاوەیە، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکە، نەک هەر دڵتەنگو بێگەرانە، نەک هەردڵخۆش نییە، بەڵکو وەک کەسێکی نامۆ لەدەوروبەر، ناتوانێت وەک ساڵانی ڕابردوو بەخۆشیو شادییەوە لەگەڵ یاران جەژنی نەورۆز پیرۆز بکات.

لێرەوە نووسەر لەڕێگەی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە ڕەخنەی توند لەڕژێمی سیاسیو تەنانەت کۆمەڵایەتیش دەگرێت کە ژیان هیچ مانایەکی نەماوە. چونکە ڕەسەنایەتیو دابونەریتو کەلتوری نەتەوەیی پاشەکشێی کردووەو مانا جوانەکانی خۆیان لەدەستداوە.

پاڵەوان بەزمانێکی سادەو بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی باس لە ڕووداوە خۆشەکانی ڕابردوو دەکاتو بەراوردی دەکات بەژیانی پڕ لە پەشێویو نالەباری ئێستا.. لەگەڵ هەر ڕوداوێکدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوساو ئێستادا دەخاتەڕوو. بەوەی کە جاران ئەگەر چی ژیانێکی سادەو ساکاریان هەبوو، بەڵام هەمیشەو بەتایبەتی لە ڕۆژی نەورۆزدا سەرمەستو دڵخۆش بوو. کەچی ئێستا ئەگەرچی ژیان لە فۆرمو ناوەرۆکدا گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، کارەبا هەیە، ئۆتۆمبێل پەیدابووە، شاری گەورە دروستبووە، بەڵام لای وایە هەموو ئەم پێشکەوتنانە، پێشکەوتنی ڕواڵەتییو نەک هەر نەبوونەتە مایەی بەختەوەری بۆمرۆڤ، بەڵکو بەشێوەی جیاجیا بوونەتە مایەی نیگەرانیو جەنجاڵیو ئاڵۆزی زیاتری باری دەروونی مرۆڤ. بۆیە پاڵەوان خۆزگە بەڕابردوو دەخوازێتو ژیانی ئێستای سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕەتدەکاتەوەو لای وایە هەرئەماو ژیانە..

پاڵەوان لەبەشێکی چیرۆکەکەدا ڕازی دڵی خۆیو پەشێوی باری دەروونی دەخاتەڕوو و ئاوها باسی ژیانی ئێستای دەکات: (ئارام نو

هەر ئەوسەردەمە بەژیانی خۆم دەزانم، ئەمدوایی بەهی خەلک، ئێستا ئەڵێی میوانم، لەماڵی خۆمداوەک میوان‌وام (٣)

ئەم نامۆبوونەی پاڵەوان پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەو ژیانە سەختەو بەو ڕەوشە سیاسیە هۆبزییەوە کە لەوڵاتدا بەرقەرارە. بۆیە بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی لەسایەی سروشتی پاک‌و نیکەردوو جواندا ژیانێکی سادەو ساکارو دوور لە کێشەو چەوساندنەوەو بێ ماقیبیان بەسەردەبرد.

ئەو دۆخە سایکۆژلۆژیەی کەپاڵەوانی تێدایە، هەمان ئەو دۆخە سایکۆلۆژیی‌و فکرییە کە (ڕۆسۆ) لە نووسین‌و تێزە فکرییەکانی خۆیدا خستویەتییەڕوو. (سروشت) بەمانا فراوانەکەی لەلای (ڕۆسۆ) سەرچاوەی خێرو چاکەو پاکی‌و جوانییە، بۆیە ئەگەر ژیان مانایەکی هەبێت ئەوا ئەو مانایە لە ناو سروشتدایە نەک لە شوێنێکی تردا، سۆنگەی ئەم بیرکردنەوەش لەلای (ڕۆسۆ)

ئەوەیە کە ئەو پێیوایە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بونەوەرێکی خێرخوازەو دورە لەهەموو ڕەفتارێکی شەڕەنگێزی‌و خراپەکاری... ئەوەی بووە بەمایەی ئەوەی کە مرۆڤ ببێتە شەڕەنگێزو تەماحکارو چاوچنۆک، کۆمەڵگەو پەیوەندی کۆمەلایەتی‌و سیستمی سیاسییە. ئەمە دیارترین جیاوازی نێوان (ڕۆسۆو هۆبز)ە، پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش هەمان بۆچوونی (ڕۆسۆ)ی هەیە بۆ ژیان‌و بۆ مرۆڤ‌و بۆ کۆمەڵگەو بۆ سیستمی سیاسی.

سروشت لای پاڵەوان هەمان ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤ تیایدا ئاسودەو پاک‌و خاوێنە. ئەو شوێنەیە کە هیچ کەسێک مافی کەسێکی تر زەوت ناکات، هەمووان‌وەک یەک بەبێ هیچ تەماحکاری‌و چاوچنۆکییەک دڵخۆش‌و شاد لەدەوری یەکتری کۆبوونەتەوە.

پاڵەوان کاتێک لە پەنجەرەی باڵەخانەکەیانەوە تەماشی دەرودەشت دەکات، بەو بەهارە جوانە سەرمەست دەبێت، بەیادی جاران برێک دڵخۆشدەبێت‌و بە خەیاڵ بۆگەشت‌و سەیران‌و ڕاووشکارو گەمەکردن دەگاتەوە ئەزمەڕوو سەرچناروو زەڵم‌و قوپی قەراخ(٤)

پاڵەوان بەمشێوەیە گوزارشت لەژیانی ئەوسای خۆیان دەکات (ئاە، بۆئەو ساڵانە کە چەند برادەرێک بووین پێکەوە، لاوو تازە هەڵچوو، خاوەن ئەسپ‌و تانجی‌و تولەو کەوی ڕاوی، هەموومان تفەنگێکمان هەبوو لە تفەنگی ڕاوی.. هەریەکەمان بۆخۆی خاوەن هونەرێکی تایبەتی بوو. (شاکە)ی دەنگخۆش‌و گۆرانی بێژ، (ئالە)ی دەستڕاست‌و نێچیردۆز، (بلە)ی گاڵتەو گەپ‌و فێڵ بازی. (سمایلی بلویر ژەن)... هیچمان خاوەنی ماڵ نەبووین لە ئاستی یەکتری.. پێنج شەموو هەینی‌و وچانی نیوەی ساڵ‌و وچانی هاوینان ئەچووین بۆ دێهاتەکان.. باخەکان پڕمیوەو کانیاوەکان پاراوترو چیاکان پۆشتەتر. سەراپا دارستان بوو پڕ لەباڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، بنچیری زۆر.. ئاە بۆ ئەو ڕۆژانە، بۆ ئەو شەوانە، بۆ ئەو کۆمەڵ‌و دەستە برادەرانە، بۆئەو گەشت‌و سەیرانانە کە لە تۆماری یاد ناچنەوە.

کانیاوی دەشت‌و بیابانی‌وشک‌و سەختی ڕێگار ژیانم لە یادکردنەوەشیان هەست بەسروەی شادی ئەکەمەوە..). (٥)

ئەم یادو یادگارییە، ئەم ئاەو خۆزگە هەڵکێشانەی پاڵەوان بۆڕابردوو، بۆدەشت‌ودەر، بۆسەیران‌و گەمەکردن هەمان ئەو (گەڕانەوە بۆسروشت)ەیە کە لەلای (ڕۆسۆ) هەیە.

(ڕۆسۆ) پێی‌وایە، مرۆڤ پێش ئەوەی کۆمەڵگە بەرێکخراوی‌وەک ئەوەی ئێستا هەیە دروستبکات، لە دۆخی سروشتیدا ژیاوە. لەم دۆخەدا هەموو مرۆڤەکان یەکسان بوون‌و هەرکەسەو پێداویستی خۆی دابینکردووەو هەموانیش بەو ژیانە سادەیە دڵخۆش‌و ڕازی بوونە..

(دانتچ) کە بیرمەندێکە دەڵێت: تایبەتمەندی دۆخی سروشتی یەکسانی تەواوی مرۆڤەکان بوو، لەو دۆخەدا هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان یەکێک و یەکێکی تردا نەبوو..

(ڕۆسۆ) پێی‌وایە مرۆڤ لەژێر کۆمەڵک هەست‌و سۆزی خۆڕسک‌و بەرژەوەندی تایبەتیدا هەڵسوکەوت دەکات کە بەختەوەری‌و کامەرانی بۆ دەستەبەر دەکەن.

سروشت لای (ڕۆسۆ) چەند ماناو مەغزایەکیان هەیە، جارێک بریتیە لە داب‌ونەریت، جارێک غەریزەیە، جارێکیش ئەو لانکەیە کە منداڵ‌و سەرجەم مرۆڤەکان تیا گەورە دەبێت.

(ڕۆسۆ)دەڵێت: سروشت مانای داب‌و نەریتە، جگە لەنەریت هیچی دی نییە، ئەگەر مرۆڤ وەک خۆی مایەوەو نەگۆڕاو توانی پارێزکاری لە خواست‌و ویستە ڕەسەنەکانی خۆی بکات کە سروشت پێی بەخشیوە، مانای ئەوەیە کە سروشتی ڕەسەنی خۆی لەدەستنەداوە.. هەروەها دەڵێت: سروشت مانای غەریزەو هەست‌و عاتیفە پاکەکانی مرۆڤایەتییە کە هێشتا کۆمەڵ‌و دامودەزگاکانی نەیانشێواندووە... سروشت مانای پەروەردەکردنی مرۆڤە دوور لەکۆتوبەندەکانی کۆمەڵگە، واتا پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی پرنسیپەکانی سروشت‌و ڕەچاوکردنی قۆناغی گەشەکردن‌و حەزوو ئارەزووەکانی‌و لە داب‌ونەریت‌و بەها کۆمەلایەتییە خراپەکان، چونکە (ڕۆسۆ) پێیوایە کە

سروشت مانای داب‌و نەریتە، جگە لەنەریت هیچی دی نییە، ئەگەر مرۆڤ وەک خۆی مایەوەو نەگۆڕاو توانی پارێزگاری لە خواست‌و ویستە ڕەسەنەکانی خۆی بکات کە سروشت پێی بەخشیوە، مانای ئەوەیە کە سروشتی ڕەسەنی خۆی لەدەستنەداوە

سروشتی منداڵ، سروشتێکی خێرخوازانەی هەیە، بەڵام کۆمەڵو داونەریتە خراپەکانی کۆمەڵگە منداڵ مرۆڤ بەرەو خراپەکاریو شەڕخوازی دەبەن. (٦)

جگە لە (ڕۆسۆ)(جون لۆک)و(ئەلفرێد ئادلەر)یش هەمان بۆچوونیان لەسەر مرۆڤ هەیەو ئەمان تەواو پێچەوانەی (هۆبز) و (فرۆید) و (مەکیاڤیللی)یەوە بیردەکەنەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کە سروشت لەلای (ڕۆسۆ) شوێنێکە بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤ لە هەموو خراپەو تاوانێک، کاتێک مرۆڤ تاوانێک دەکات، ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەسروشتی خۆی لایداوەو لەسروشت هاتۆتە دەرەوە، تاکە ڕێگەش بۆ پاکبوونەوە دەستبەرداربوونە لەشەڕەنگێزیو شەڕو خراپە، گەڕانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش هەمان هەستو بیروبۆچوونی (ڕۆسۆ)ی هەیەو لە ژیانی ئێستای کۆمەڵگە بێزارەو بەوپەڕی نیگەرانییەوە سەرزەنشتی سروشتی سیاسیو کۆمەلایەتیو تەنانەت لاوانو منداڵانیش دەکات کە لەسروشتو پاکیی مرۆیی لایانداوەو هیچی ئێستا لە جارانی ڕابردوو ناچێت..

بەمشێوەیە گلەییو حەسرەتەکان خۆی دەخاتەڕوو: (ئەوسا دۆستایەتی زۆر گەرم بوو خەڵکی یەکتریان زۆر خۆشدەویست، ئەوسا وەفا هەبوو وەفا.. منداڵەکانی ئێستا وەک منداڵانی جاران نین، ئەو یارییانەی جاران نازانن نەسەیرانو گەشتو ڕاو، نەگۆرانیی بەسۆز، نەدڵدارییو گیانی بەگیانی، تا دڵداریش بەپارەیەو بۆ پارەیە...). (٧)

هەموو ئەمانە ئاماژەی بارەزایەتی پاڵەوانە لەدۆخی کۆمەلایەتیو سیاسی.

نووسەر لەدەمی پاڵەوانەوە بەراوردی ئەوساو ئێستا دەکات.. کە دیارە ئەوسا ئاماژەیە بۆ دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەمانا(ڕۆسۆ)ییەکەی. ئەوە بەیاندەکات کە (ئەوسا ئازادو ئێستا گیرۆدەی سەد داوە، ئەوسا بێ کارەباو مۆبیلەو رادیوو ئۆتومبیلو ئاوی بۆریو ئاسودەو بارسوکو رونو ڕەوان وەک سروەی بەیان، ئێستا لولەی تفەنگو دەستڕێژی شەستیرو کەلەپچەو بگرەو بەردەی پۆلیسو زیندان.. ئێستا رووناکی کارەباو تاریکی ترسو پەژارەی گیان، ئێستا کاسبووی دەنگی مەکینەو ئاگرو ئاسو نەوت، بەڵام کەرو لاڵو گۆج بەحادووی قانون. گۆج لەبەر ڕنجیرو زیندان، ئەوسا تافی لاویو جوانی ئێستا دەمی پیری کە هەرساڵە خەفەتێکو هەر ڕۆژە دەردێک...). (٨)

بەهەمان شێوە (ڕۆسۆ)ش پێیوایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا دڵخۆشو بێ غەمە، تەنها ئەوکاتە دەگاتە حاڵەتی شەڕەنگێزی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوەبینی، لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ هەستی بەئێشو ئازاری هاوڕەگەزی خۆی دەکرد.

بەلای (ڕۆسۆ)وە بەزەییپێداهاتنەوە هەستێکی سروشتییەو وادەکات مرۆڤ لەڕێی خۆشویستنی خۆیەوە، هەمان هەستی بەرامبەر ئەوانی دیکەش هەبێت. لەو کاتەدا مرۆڤ هەستی بە جیاوازی نەدەکرد، بەڵام کاتێک دووچاری هەلومەرجێکی ترهات، ژیانی لەدۆخی سروشتییەوە گوردرا بۆ دۆخی کۆمەلایەتی، لەوکاتەوە مرۆڤ بوو بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیو بوو بە کەسێکی شەڕەنگێزو کێشەو ململانێ لە نێوان دەوڵەمەندو هەژاراندا دەستی پێکرد. بوو بە بونەوەرێکی چاوبرسیو لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی خۆیدا بوو. ئاکامی ئەمەش جیاوازییەکی روونو ئاشکرای لێکەوتەوە. موڵکایەتی تایبەتیو بێ مافیو نەمانی ئازادییەکانی.. هەموو ئەم خەسڵەتە دژیوانە، مرۆڤ لە دواقۆناغەکانی دۆخی سروشتیدا فێریان بوو، کاتێک مەیلی خۆپەرستی زیادی کردو هۆکارەکانی دوژمنایەتیو کێبرکێ کردن تاویان سەند...

(ڕۆسۆ) لەمبارەیەوە دەڵێت: (هاتنەئارای موڵکایەتی کۆتایی بەیەکسانی دۆخی سروشتی هێنا، ئەمەش دوا قۆناغی دۆخی سروشتو یەکەمین هەنگاوی زەقبونەوەی نایەکسانی بوو لە دۆخی کۆمەڵایەتی دا. کۆمەڵگە مرۆڤی ویران کرد دەوڵەمەندی بەلایەکەو گەشەی ئابووریو هێناویەتی ئاراوە. بەلای گەورەش نەبوونی یەکسانییە لە نێوان ئینسانەکاندا). (٩)

ئەو دۆخەی کەبووە مایەی نیگەرانیو بێزاری پاڵەوان، ڕێک ئەو دۆخە سیاسییەیە کە (هۆبز)وەک حەتمیەتی مێژوو، لە دروستبوونی کۆمەڵگەی سیاسیدا لە کتێبی (لیڤیتان)دا دەیخاتەڕوو کە تەواو پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی (ڕۆسۆ)یە..

(هۆبز) کە لایەنگری دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتیو سیستمی دیسپۆتیزمی سیاسییە، پێیوایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا گورگێک بووە لە ناو کۆمەڵە گورگێکی تردا، بۆئەوەی مرۆڤ لەم دۆخە ڕزگاری بێت، دەبێت دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی دروستبکات. دۆخی سیاسیو کۆمەڵاتیش لەلای (هۆبز)بریتییە لە ملکەچبوونی تەواوی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، لەمەش زیاتر بۆدەسەڵاتی ڕەهای تەنها پاشایەک کە ئەو پاشایە خاوەنی سەروەرییەو هیچ کەسێک بۆی نییە لە دژی بووەستێتەوە.. هەموو ئەمانەش بۆیە، چونکە تەنها لەم ڕێگەیەوەیە کە دەتوانرێت سنورێک بۆ چاوچنۆکیو شەڕەنگێزیو تەماحکاری مرۆڤ دابنرێت. (١٠)

بەکورتی بڵێین: دەسەڵات، لە ناو دەسەڵاتیشدا دەسەلاتی تەنها کەسێک دەبێتە ئەو (لیڤیاتانە ـ ئەژدیها)یە کەبتوانێت هەموو دڕندەیەتییەکی مرۆڤ لەناو ببات.. دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان

عارف بەرزنجی

مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی سروشتی بۆماوەیی لە سەر دۆستو هاوەڵانی نییە، بۆیە هیچ کاتێک هێز حەقو ڕەوایەتی بەرهەمناهێنێت، تەنها ڕێککەوتنو گرێبەستی نێوانیان بناغەو سەرچاوەی دەسەڵاتی شەرعییە بۆمرۆڤ

بەشیوەی حیاحیا کاربان لەسەر ئەم تیرەی (هۆبز)کردووەو بەم بیابووانەوە حەڵکیان چەوساندووەتەوە.

ئەو دۆخە سیاسیە کە لەم چیرۆکەدا خراوەتەڕوو تەواو لەو دۆخە دەچێت کە (هۆبز)بانگەشەی بۆدەکات، هیچ کەسێک مافی ژیانو ئازادیو تەعبیرکردن لەئیرادەی خۆی نییە. لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوە تێدەگەین کە ڕژێمی سیاسی ئەو کاتە چەند ڕژێمیکی ستەمکار بووە، پاڵەوان ئاوها وێنەی ئەو دۆخە سیاسییە دەکێشێت کەتێیدا ژیاوە دەڵێت: (لای خۆی جەژنە، ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە کەچی لەدوێنێوە پۆلیس ژیانی لەخەلکی تالکردووە سەر ڕێگاو شەقامەکانیان گرتووەبەدەست، بەلس و تفەنگو بەکلاوەی ئاسییەوە، بە چاوی ڕەقو پرکینەیەوە خەڵکیان تۆقاندووە، بۆ نابێت لە پێنج کەس زیاتر بەیەکەوە بگەڕێن، یان بووەستن، بۆ نابێت لە خۆرئاوا تا خۆرهەڵات کەس لە ماڵی خۆی دەرنەچێت؟ سەیرانی چی! ڕابواردنی چی! هەموو شتێک باساحە. دوێنێ ئەو کۆمەڵە لاوەیان لە نیوەی ڕێگا بەدەستی کەلەپچەو سەرو گوێلاکی خوێناوییەوە گەڕانەوە بۆناو ڕیندان. هێرشێکی کەشیان بردە سەر چایخانەیەک چەند لاوێک لەبەر خۆیانەوە گۆرانییان دەوت.. قوریو پیالەو سەماوەرو کورسیو مێز شکێنرا بەسەریەکاو بەسەرخەلکەکەدا. گۆرانی، گۆرانی یاساخ بێت! هەرکەس لەو دەوروبەرەشدا بوون بێبەش نەبوون لە بوکە شەقو قوباعە بەدەگو حوتی) [11]

بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەو دۆخە سیاسییە کە لەوڵاتدا هەیە، تەواو پێچەوانەی دۆخی سروشتییە کە(ڕوسۆ)باسی لێوەدەکاتو پاڵەوانی ئەم چیرۆکە خۆرگەی گەڕانەوەی بۆ دەخوازێت وەک ئەوەی (ڕۆسۆ) بانگەشەی بۆدەکات، چونکە بەپێی بۆچوونی (ڕوسۆ)و پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دۆخی سروشتی پڕاوپڕە لە ئازادیو سەربەستیو ماف بەلام لە ئێستادا کۆمەڵگە ئەو خوایی و پاکییەی لەدەستداوەو لێپە لەکەسانی سیخوڕو پۆلیسو یاساوڵو کەسانی دڵپیسو بەحیل. . بۆیە هیچ متمانەیەک لە نێوان دەسەڵاتدارو هاووڵاتیاندا نەماوەتەوە هەریەکەیان ئەویتر بەنەیارو دوژمنی خۆی دەزانێت. دەسەڵاتداران دەیانەوێت لە ڕێگەی هێزو زەبرو زەنگەوە جەماوەر زیاتر کوێلەو پاوان بکەن، جەماوەریش بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێت دەسەڵاتداران لەناو ببەنو ئازادی خۆیان بەدەستبهێنینەوە.

ئەو دۆخە سیاسییەی کە لە چیرۆکەکەدا خراوەتەڕوو ئەو دۆخە سیاسییە نییە کە (ڕوسۆ) لە پەیمانی کۆمەلایەتی لەمەڕ پەیوەندی نێون گەلو دەسەڵاتداران باسی دەکات.

(ڕوسو) پێیوایە کە مرۆڤ لە ساغەدا سەربەستو ئازادە، هیچ کەسو لایەنێک بۆی نییە ئەم ئازادیو سەربەستییەی لێ زەوتبکات، ئەم ئازادییەش لەسروشتی مرۆڤدا هەیەو نە سروشتیشەوە بۆی ماوەتەوە.

(ڕۆسۆ) لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر بڕیار بێت مورف دۆخی سروشتی تێپەڕێنێتو دۆخی کومەلایەتیو کۆمەڵگەی سیاسی

دروستبکات، ئەوا دەبێت لەسەر بنەمای رێککەوتن‌و رەزامەندی گەل‌و دەسەلاَتداران بێتە کایەوەو دروستبێت‌و بەهەردوولا گرێبەستێک مۆربکەن کە (رۆسۆ) ناوی لێناوە (گرێبەستی کۆمەلاَیەتی -العقد الاجتماعي). لەم حالَەدا کۆمەلَ بەرەزامەندی هەردوولاو بەئارەزووی خۆی‌و لەبەر بەرژەوەندی گشتی دەستبەرداری هەندێک لە ئازادییە تایبەتی‌و شەخسییەکانی خۆیان دەبن.

(رۆسۆ) دەلَێت: (مرۆڤ هیچ دەسەلاَتێکی سروشتی بۆماوەیی لە سەر دۆست‌و هاوەلاَتی نییە، بۆیە هیچ کاتێک هێز حەق‌و رەوایەتی بەرهەمناهێنێت، تەنها رێککەوتن‌و گرێبەستی نێوانیان بناغەو سەرچاوەی دەسەلاَتی شەرعییە بۆمرۆڤ) (١٢)

بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی (رۆسۆ)وە، ئەو دۆخە سیاسییەی کە هەیەو لەم چیرۆکەدا خراوەتەڕوو، نەک هەر لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەلاَیەتی‌و رەزامەندی گەل دروستنەبووە، بەلَکو دۆخێکی سیاسی هۆبزی‌و مەکیاڤیللیانەیەو لەسەر بنەمای هێزو زەبروزەنگ بونیادنراوە کە حکومڕان دەسەلاَتی رەهای هەیەو گەلیش خاوەنی هیچ ئیرادەیەک نییە.

لە سایەی سیستمێکی سیاسی ئاوهادا پەیوەندی نێوان گەل‌و دەسەلاَتداران، وەکو پەیوەندی نێون کۆیلەو خاوەن کۆیلەوایە. کە گەل کۆیلەو دەسەلاَتداریش خاوەن کۆیلەیە. سەرئەنجام ئەم دۆخە سیاسییە بە مێگەلکردنی کۆمەلَگەی لێدەکەوێتەوە.

نووسەر لەرێگەی پالَەوانی چیرۆکەکەوە رەخنەی توند لەرژێمی سیاسی هۆبزی‌و مەکیاڤیللیانەی ئەو سەردەمە دەگرێت‌و بەراوردێک لە نێوان ژیانی رابردوو ئێستادا دەکات‌و دەلَێت: (ئەوسا پۆلیس‌وا زۆر چەقاوەسوو و شەرفرۆش نەبوو تابەیانی بۆهەرکوێ بچوینایە کەس دەستی نەئەهێنایە بەر رێمان، ئێستا بۆهەرکوێ ئەچیت پۆلیس بەدواتەوەیە، کێ ئەتوانێ بە تفەنگ‌و دەمانچەو خەنجەرەوە بگەرێت، مەگەر بەگزادەو شێخ‌و ئاغاکان. ئەوسا هەرکات ئارەزوومان بیهێنایە ئەمانکردە تەق‌وتۆق‌و نیشان ئانەوە. ئێستا لەشار دەرئەچیت ناوت ئەنووسن، دێیتەوە ناوت ئەنووسن، میوانت دێ ناوی ئەنووسن، ئەچیتە میوانی هەر ناوت ئەنوسن...). (١٣)

لەم دیمەنەدا خوێنەر ئەوە دەخوێنێتەوە کە گرێبەستی کۆمەلاَیەتی لە سایەی سیستمێکی ئاوهادا هیچ مانای نییە، چونکە گرێبەستی کۆمەلاَیی هەتا ئەو کاتە رەوایە کە یاساو مافی مرۆڤ لە کۆمەلَدا بوونی هەبێت، هەرکاتێک ئەمانە لە بەین بران، ئەوا گرێبەستەکە هەلَدەوەشێتەوەو شەرعییەتی فەرمانرەوای لەبەین دەچێت. چونکە مەرجی گرێبەستی کۆمەلاَیەتی، رەزامەندییەکی دوو لایەنە، نەک یەک لایەن بەزۆر بیسەپێنێت بەسەر لایەنەکەی تردا، وەک ئەوەی لەم چیرۆکەدا هاتووە.

بەبۆچوونی (رۆسۆ) گواستنەوەی مرۆڤ لەدۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی سیاسی دەبێتە مایەی گۆڕان لەناخی مرۆڤدا، چونکە مرۆڤ لە ئەنجامی گرێبەستی کۆمەلاَیەتییەوە سەربەستی‌و ئازادی سروشتیی خۆی لەدەستدەدات، بەلاَم لە بەرامبەر ئەمەدا سەربەستی‌و ئازادی مەدەنی‌و سیاسیی‌و مولکداری بەدەستدەهێنێت. بەلاَم مرۆڤ لەسایەی ئەو دۆخە سیاسییەی کە لەچیرۆکەکەدا خراوەتەڕوو، دوای ئەوەی ئازادی سروشتیی لەدەستدەدات، ئازادی سیاسیی‌و مەدەنیش بەدەستنەهاتووە. ئەمە ئەو حالَەتی بەکۆیلەبوونەی مرۆڤە کە نووسەر بیرۆکەی چیرۆکەکەی لەسەر بونیادناوە.

ئەو بارە دەروونیی‌و کۆمەلاَیەتی‌و تەنانەت پیشەییەش کە پالَەوان هەیەتی، پەیوەندی زۆری بەکەلتوری شارو لادێوە هەیە، کە دوو کەلتوری تەواو جیاوازن لەیەک. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە زۆربەی زۆری زانایانی کۆمەلَناسیی جەختی لەسەر دەکەنەوەو ئەوە دەخەنەڕوو کە کەلتوری لادێ کەلتورێکی کۆمەلاَیەتی داخراوە، پەیوەنییە کۆمەلاَیەتییەکان شێوەیەکی میکانیکییان هەیە، کە تاک لەناو کۆمەلَدا تواوەتەوە، بەلاَم کەلتوری شار، شێوەو ناوەرۆکێکی ئەندامی هەیە، تاک تیایدا خاوەنی ناسنامەو کەسێتی خۆیەتی. بەلاَم ئەو شارەی کە پالَەوان بەناچاری تێیکەوتووە، ئەو شارە مۆدێرنە نییە کە تاک تیایدا سەربەست بێت. بۆیە لێرەوە پالَەوان چەند هێندەی تر لە ژیانی شار بێزار دەبێت‌و خۆزگە بۆ رابردووی لادێ هەلَدەکێشێت. نەک هەرئەمە، بەلَکوو خزمەتگوزارییەکانی شاریش دلَخۆشی ناکات.

پالَەوان کە پێشتر مالَیان لەلادێ دەبێت، دوای ئەوەی باوکی دەمرێت خەم‌و بەرپرسیارییەتی‌و بەخێوکردنی خێزان، لەگەلَ قەرزێکی زۆر کە لەباوکییەوە بۆ ئەم دەمێنێتەوە، ناچاردەبێت هەرچییان هەیە بیفرۆشن، یان خاوەن قەرز لەبری قەرزەکەی بۆخۆی بیبات.. بەم شێوەیە لادێ جێدەهێلَێت‌و کۆچدەکات بۆشار.. بەلاَم ئەم کۆچە، کۆچێکی ئاسایی نییە، چونکە بەهۆیەوە رەسەنایەت‌و کلتورو دابونەریتی باوباپیرانی لەدەستدەدات.

پالَەوان بەوپەڕی نیگەرانییەوە بەم شێوەیە سەرەتای کۆچی خۆیمان لەلادێوە بۆشار بۆدەگێڕێتەوە : (ئەسپ فرۆشرا، تانجی خوێری بوو، کەو لەبن مالدا کەوتن بێناز، ئەو رۆژەی خاوەن قەرز ئەسپەشێی لەدەرگایی مالَ بردە دەرەوە هەردوو چاوم پڕبوو لەفرمێسک‌و هەناسەیەکی دووکەلاَویم بۆهەلَکێشاوەک مالَئاوایی لەژیانی رابردوو بکەم). (١٤)

پالَەوان کە دێتەشارەوە، لەدادگا دەبێت بەنووسەر، بەلاَم ئەم

پیشەیە هەرگیر حەحی رۆژانەی نۆدابین ماکات، بۆیە هەوڵدەدات کە لەیەکێک لەفەرمانگەکانی دەوڵەت ببیت بەموچەخۆری دەوڵەت. بەڵام مووچەخۆری‌و فەرمانبەری کە سیمایەکی شارییان هەیەو خاوەنی کولتووری تایبەتی خۆیەتی‌و زۆر جیاوازە لە کولتووری لادێ، دەبێتەمایەی زیاتری بێزاری پاڵەوان، بەڵام بەئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری ئەو واقیعە بێت کە تێیکەوتووە. سەرئەنجام وەکو هەرفەرمانبەرێکی تری دەوڵەت لەیانەی فەرمانبەران دەبێت بە ئەندام.. بەڵام هەر نیگەران‌و بێزارە، سەرزەنشتی خۆی دەکات کە پەتای چاولێکەری ئەمیشی گرتووەتەوە.. بۆیە لەناو یانەکەشدا خۆی بەنامۆ دەزانێت، هەتا ماوەیەک هەر بەتەنهاو بێ هاورێ دەبێت، بەڵام سەرئەنجام تێکەڵاوی ئەندامانی تری یانەکە دەبێت‌و وەکو ئەوان شەوانە دەبێت بەهاورێی (پێک‌و پەیاز)..

نەک هەرئەمە، بەڵکو ژیانی شارو پیشەکەی، پاڵەوان ناچار دەکەن کە دەستبەرداری لەبەرکردنی جلە ڕەسەنەکانی خۆی بێت کە جلی کوردییە. وەکو هەرفەرمانبەرێکی تر جلی ئەفەندی لەبەردەکات‌و وەکو ئەوانیش ڕەفتار دەکات، کە ئەمە لەگەڵ ناخ‌و دەروون‌و بیروبۆچوونی ئەمدا تەواو پێچەوانەن.. پاڵەوان لەسروشتی کارو رۆتینی چەندبارەبوونەوەی ژیانی شار بێزاردەبێت، هەستدەکات رۆژەکانی ژیانی هەموویان کۆپی یەکترن.. دەڵێت : (هەموو رۆژ لەیەک کاتدا بچم‌و لەیەک کاتدا بێمەوە بۆ هەمان ژوور، هەمان کورسی، هەمان مێزو قەڵەم‌و فایلی ئێسک قورس، چاوم بەو سەرو سیمایانە بکەوێتەوەو گوێم لەو دەنگانە ببێتەوە کە دوێنێ و پێرێ و هەزار پێرێ لەمەوبەر تووشیان بووم‌و بێزاریانکردووم). (١٥)

نووسەر لەکۆتایی چیرۆکەکەو لەدەمی (پۆلا) ی کوڕی پاڵەوانەوە هەمان بۆچوونی (رۆسۆ) پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک کە باوکی لەو خەیاڵەی پێوەی گیرۆدەیە بەئاگادێنێتەوەو داوای وەرەبەرزی و هەڵوێست وەرگرتنی لێدەکات.. (پۆلا) بە باوکی دەڵێت: (ئێمە کوڕی ئەم رۆژەین، هی ئەم سەردەمە، ئەم بگرەوبەردەیەمان پێخۆشە، چونکە لەرێگەی ئامانجێکی بەرزو پیرۆزەدا ئەیکێشین کە ژین بۆ هەموو کەس خۆشکردنە). (١٦)

ئەم دایەلۆگە پڕاو پڕە لەگیانی شۆڕشگێڕی‌و بەرخۆدان‌و تەئکید کردنەوەیە لەبەدەستهێنانی ئازادی سیاسی‌و مافی مرۆڤ..

(رۆسۆ) ش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت مرۆڤ بەبێ بەدەستهێنانی مافی سیاسی‌و مەدەنی، دەستبەرداری ئازادییە سروشتییەکانی ببێت، چونکە وازهێنان لە ئازادی، وازهێنانە لە هەموو مۆرکێکی مرۆڤایەتی (١٧).

سەرچاوەکان:-

١. سامان مارف بەرزنجی و عومەر مارف بەرزنجی : سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، هەولێر، ١٩٩٣، ل ١٨٨.
٢. هەمان سەرچاوە ل ٥٨.
٣. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.
٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.
٥. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.
٦. د. موسا ئیبراهیم : فیکری سیاسیی خۆرئاوا لە مەکیاڤیللیەوە تاماکس، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل ١٩٦ – ١٩٧.
٧. سامان مارف بەرزنجی‌و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.
٨. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣.
٩. د. موسا ئیبراهیم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.
١٠. هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.
١١. سامان مارف بەرزنجی‌و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢ – ١٩٣.
١٢. جان جاک رۆسۆ : العقد الجتماعي، ترجمة ذوقان قرقوط، مکتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٣، ل ٤١.
١٣. سامان مارف بەرزنجی‌و عومەر مارف بەرزنجی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.
١٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٩١.
١٥. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢.
١٦. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤.
١٧. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی: سروشتی مرۆڤایەتی لەڕوانگەی جان جاک رۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل ٥٠

ڕۆڤار

چیرۆکی "شەتڵ"ی

شێخ مارف بەرزنجی

لەنێوان ئیستێتیکای دەنگ و دەرکەوتە فیکرییەکاندا

داناعەسکەر



کاتێ قسە لەبارەی چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ دەکەین، سەرەتا دەبێ قسە لەسەر ئەو جیاوازییە ڕیشەییانە دەکەین کە لەفۆرم و تەکنیک و زماندا لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیان بوونیان هەیە و بەرچاومان دەکەون، بۆ ئەوەی بزانین ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەتی چیرۆک، لەکوێی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەدان. بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە نووسەرانی کورد ڕوو ڕوو ئاوڕ لە ئەدەبیاتی کۆن و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردی بدەنەوە. زۆر جار قسە لەسەر ڕەخنەی کوردی دەکرێ. وەک ئەوەی بوونی نیە، یاخود کاریگەریی بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کوردییەوە نەبووە، یاخود نە. بەبڕوای من سێ لەسەرچواری ئەو قسانەی لەسەر ڕەخنەی کوردی دەکرێن ناسەرنجسڤان ڕاستن و بەمافێکی ڕەوای ڕۆشنبیریی کوردی دەزانم قسە یاخود ڕەخنە لەناوەندی ڕەخنەی کوردی بگرێ، دیارە ئەم بۆچوونە تەواوی ڕەخنەگرانی کورد ناگرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی کوردی ڕۆڵی چالاکی لەبەرەوپێشەوە چوونی ئەدەبی کوردیدا نەبووە و نەخورتەنەوە مامەڵەی لەگەڵ خودی ڕەخنەدا نەکردووە. بۆیە دەڵێم چەندە گرنگە ئەدەبی ئەمڕۆ بەسەربکەینەوە، دەبان جار گرنگە ئەدەبی پێش خۆمان بەسەر بکەینەوە و بزانین ئێمە چیمان لەوان وەرگرتووە و چ جیاوازییەکمان لەگەڵ دونیاو ڕوئیای ئەواندا هەیە. ئایا ئەو کاریگەرییەی کەئەوەی نوێ وەک سوود وەرگرتن لەئەدەبیاتی کوردی پێش خۆیان، چ لەڕووی ڕەمەن و تەکنیک و فۆرم و زمانەوە، چ گۆڕانکارییەکیان بەسەر هاتووە؟ ئایا دەکرێ ئێمەی کورد وەک شانازی بەئەدەبەکەمان ئەو جیاوازیانە بخەینە ڕوو، هەموو ئەم پرسیار و بۆچوونانە کاتێک مافی وێی دەبێ کە ئێمە دەقێکی کۆن بەسەربکەینەوە و قسەی لەسەر بکەین، کەدەڵێم کۆن ئەو مانایە نیە کە ئێمە پێویستمان پێی نەبێ، بەڵکو مەبەست لە جیاوازی قۆناغە.

بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی دونیا لەژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕیالستیدایە، ئێمەش بەشێکین لەو هاوکێشەیە، بەڵام دەکرێ بپرسین ئایا بەشێوەیەکی کاریگەر، ئەدەبیاتی ڕیالیستی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر نەهاتووە؟ بەدڵنیاییەوە، بەڵێ، ئێمە زۆر جار لەدەقی ڕەخنەی کوردیدا ئەو حاڵەتەمان بەرچاو دەکەوێت کەبەشێکی زۆری چیرۆک یا ڕۆمانی کوردی بە دیدگایەکی ڕیالستی دەنووسرێت و هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەکنیک و فۆرم و زمانی تیا نەدی ناکرێ، لەبەرامبەردا، نووسەری وایەتەکە ناچێتە ژێرباری ئەو جۆرە ڕەخنەیەوە، ئەوەی وا لەئەدەبیاتی کوردی دەکات کە بەهیچ شێوەیەک پێش نەکەوێت، مامەڵەنەکردنێکی جیدیانەیە لەگەڵ ڕەخنەدا، لەبەرامبەردا ڕەخنەی کوردیش نەیتوانیوە ئەو جیاوازیانە بخاتەڕوو، کە ئەدەبیاتی دونیا چۆن توانای دەرباربوونی تیا دەرکەوت، بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی دونیا پێشی نە حەندوچوون و دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە. بۆ ئەم مەبەستە ئەدەبی ڕیالستی سوودی لە تیڕوانین و سەرنجەکانی مامۆستای ڕۆمانی کۆمەڵایەتی "بەلزاک" وەرگرتووە، کە ئەمەش بەشێکە لەو هاوکێشە دیارانەی دەمانبەوە بەردەم ململانێ سیاسییەکان کە بەپلەی یەک مارکسیستەکان بەفەرانجی خۆیان سکاندبانەوە، لەبەرامبەردا ئەدەبیاتی دونیاش سوودێکی باشی لەو هاوکێشە سیاسی و ئەدەبییە وەرگرت، لەم بارەیەوە ئەدەبیاتی ڕووسی بوو بە سەرمەشقی گۆڕانکارییە فکری وکۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکانی دونیا. ئەم دیاردەیە چەندە سیستمی سیاسی شکستی ناهێنا، هێندەش گۆڕانکارییەکانی دونیای ئەدەب و هونەر و چەمکی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی گرتەوە بۆنموونە، سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری، شکستی سیستمی سۆسیالیستی لەگەڵ خۆیدا هێنا. دەکرێ بڵێین سەرهەڵدانی فیکر و فەلسەفە لە ئەدەبیاتدا، شکستی بە ئەدەبی کلاسیک هێنا، لەم سەرو بەندەدا، کاتێ باس لەشکستی ئەدەبی کلاسیک دەکەین، ئەو مانایەنە کە هەمیشە عەقڵ و تێڕوانینی نوێ، تێگەیشتن و بۆچوونی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە و بەسوود وەرگرتن لەو دونیا جیاوازە، هەوڵدەدات بە دیدو تێڕوانینی جیاوار، ڕەوشی ئەدەبی بەرەوپێشەوە ببات، بۆیە دەکرێ لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا ڕەچاوی ململانێکان بکەین و بتوانین سوود لەو ئاڵوگۆڕییە بکەین و سەرنجەکان بخەینە ڕوو بەتێک لەهۆکارە گرنگەکانی سەرکەوتوویی ئەدەبی ڕیالستی، گرنگیدانە بەئەدەبی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کە ڕۆلێکی کاریگەریی هەبووە لەهەردوو ڕووی سیاسی و ئەدەبییەوە، ئەم حاڵەتە زۆرجار ڕۆمان یا چیرۆک لەو بوونیادە سەرەکییەی خۆی دەبڕاڕیی و لەبری ئەم دوو بونیادە، کە "شوێن و کات"ی جەخت لەسەر مەسەلە فیکریی و فەلسەفیی و ئامانجە گرنگەکانی خودی ئاراستەی ڕۆمانەکە دەکات. کە بەنامێکی فکریی یا سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە. هونەرمەندی سومبولیست (مۆرە) دەڵێت "دەبێ نووسەر هەوڵبدات فیکر و خەیاڵ بکات بە جێگری واقیع"، ئەم ڕوئیایەی "مۆرە" ئەودەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ڕەهەندی گۆڕانکاریی لە ڕەوتی ئەدەبی و بەتایبەتی لەچیرۆک و ڕۆماندا. حاڵەتێکی ڕەهووربیە، بۆیە ئەوەی زۆرجارسەبارەت بە گۆڕانکاریی باسی لێوەدەکرێ، ئەو دید و ڕوئیایەیە کە ئاخۆ ئەمڕۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر نەهاتووە، بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان کۆن و نوێ لەچیرۆکی کوردی بخەینە ڕوو، یاخود باشترە بڵێین جیاوازی نێوان چیرۆکی کۆن و نوێی کوردی کامانەن [14] بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکی "شەپڵ"ی نووسەر شێخ مارف بەرزنجی، دەکەینە دەروازەیەک بۆ ماناو دەلالەتەکانی گۆڕانکاریی لە چیرۆکی کوردیدا! بەر لەوەی قسە لەم چیرۆکەی شێخ مارف بەرزنجی بکەین، دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم چیرۆکە، "٥٠" ساڵ پێش ئێستا نووسراوەتەوە، کەواتە قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکە هەروا کارێکی ئاسان نیە. بەڵکو دەبێ ئاماژە بەگرنگیی قۆناغ و جیاوازیی دەرکەوتە عەقڵیی و زمانەوانیی و تەکنیکیەکان بدەین و بزانین نووسەر تاچەند توانیویەتی کاریگەرییە ئێستاییەکان لەم دەقەدا بەوێنە بکات و چەند توانیویەتی کاریگەریی ئەدەبیاتی دونیا بخاتە خزمەتی دەقەکەیەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئێمە دەبێ هەوڵبدەین و بزانین نووسەر لەم دەقەدا

چ ئامازەیەکی شاراوەی حستووەتە بەردیدەی خوێنەر، ئایا نووسەری کورد لە هەلومەرجێکی سیاسی ناجوردا، بەتایبەتی لەشارێکی وەک کەرکوک تاچەند توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا رابکێشێت و ئەدەبی کوردی لەکەرکوک چ رۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بەدیوێکی تر. ئایا نووسەر لەم چیرۆکەدا توانیویەتی بەتەکنیک و فۆرمێکی جیاواز لەگێڕانەوەیەکی ئاسایی وەک حیکایەت جیاکاریی بکات و برەو بە ئاماژە زمانەوانی و فیکرییەکان بدات. ئەو ئاماژانەی لەم دەقەدا بەدەردەکەون، ئاماژەی فیکریین یاخود کاریگەریی شکستە رۆحیی و جەستەییەکانە کە بەشێکی زۆری تاکی کۆمەڵگای ئێمەی تەنیوە ؟!! ئایا چیرۆک لەو قۆناغەدا، تەنها دەرکەوتێکی غەریزەیی بووە بۆ پڕکردنەوەی شکستییەکان ؟، گرفتی هاتنەپێشەوەی ئەم پرسیارانە لەچیرۆکی کوردی لەو قۆناغەدا، هەڵوێستەیەکە بەرانبەر سستی چیرۆکی کوردی لەم ساتەوەختەدا، ئەم رەشبینییە بەرانبەر چیرۆکی کوردی لەدرێژەی ئەم باسەدا سەبارەت بە چیرۆک، جیاوازی نێوان چیرۆکی کوردیە لە ماوەی " ٥٠ " ساڵدا.

ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەم چیرۆکەدا سەرنجمی بەلای خۆیدا راکێشا، ئەو دیدگا فەلسەفییەیە کە لای شێخ مارف بەدی دەکرێ، کە بەر لە " ٥٠" ساڵ چیرۆکی کوردی توانیویەتی لەرووی زمان و فیکرو تەکنیکەوە، مامەڵەیەکی ئیسانیانە لەگەڵ دەورووبەردا بکات، راستە پرۆسەی نووسین بەشێکی کاریگەرە لە تایبەتمەندی واقیع، بەڵام زۆر گرنگە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع، وێنەی واقیع بێت کە ژیانی تێدا مومارەسە دەکرێ، ئەوەی کە باسی لێوە دەکەم، بەو مانایە نیە کە گێڕانەوەی واقیع بێت، بەڵکو دەکرێ دیدگامان بۆ واقیع بەو ئاراستەیەدا بێت.

حاڵێکی تر کە بەلامەوە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە، ئەو گۆڕانە ریشەییەی لای شێخ مارف بەدی دەکرێ ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا تونیویەتی ئاڵوگۆڕێک بە پرۆسەی گێڕانەوەی سەرد بکات و بە روئیایەکی فیکریی و فەلسەفییەوە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکی کوردیدا بکات.

هەموو ئەم حاڵەتانە بەلایەک، ئاستی مامەڵەکردن و گۆڕانکارییەکان لە چیرۆک لەلایەکی ترەوە، ئەوەی ئەم چیرۆکەی " شێخ مارف بەرزنجی " بخوێنێتەوە، تووشی شۆک دەبێت لەبەرانبەر بەشێکی زۆری چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ، ئەوەی مایەی هەڵوێستەکردنە سەبارەت بە چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ، ئەوەیە دوای " ٥٠ " ساڵ بەردەوامی، ئەگەر ئاوڕێک لەرابووردوی چیرۆکی کوردی بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە هەنگاوی جیدی بەرەوپێشەوە بنێت، بەبڕوای هەمووان ئەمە حاڵەتێکی زۆر ترسناکە، ژانرێکی گرنگی ئەدەبی کوردی بەو ئاراستەیەدا بڕوات و کەسێک خەمی لێنەخوات. بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکانەی ئێستا دەنووسرێن، بەبڕوای من هیچیان نەیانتوانیوە، لەرووی فۆرم و زمان و فەنتازیا و فیکرەوە، لەچیرۆکی " شەتڵ " ی شێخ مارف بەرزنجی باشتربن، حەقوایە بەردەوام ئاوڕی جیدی لە ئەدەبیاتی پێش خۆمان بدەینەوە، ئاوڕدانەوەش لە رابوردوو، دوو دیوی گرنگی هەیە. یەکەم حاڵ دەستحستنە سەر سلبیاتە فیکری و فەلسەفییەکانە. دووەم، هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە ئیحساس و بەفەسی رابووردوو، ئەوەی من مەبەستمە، ئەوەیە، دەبێ هۆکارەکان چیبن چیرۆکی کوردی تائەم چرکەساتە بەهەمان بۆچوونی بەر لەو مێژووە بنووسرێت، رەنگە پرسیاری ئەوەشم لێبکرێت، من بەچ مافێک ئەم بڕیارە لەسەر چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ دەدەم، ئەمەش پرسیارێکە و دەکرێ لێمبکرێت.

زۆرجار باسمان لەوە کردووە، کە واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمە، دەیان ساڵ بەر لە ئێستا، هەر هەمان پرسیارمان لە خۆمان و دەورووبەر هەیە، ئایا دەکرێ هەمان پرسیارمان بەرانبەر ئەدەبیش هەبێ، بەمانایەکی تر، دەکرێ بەهەمان دیدو بۆچوون و روئیاوە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکدا بکەین ؟، کاتێ باس لەململانێی ئەوەکان دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە، هەرچی ململانێ هەیە دەبێ لەسەر بنەما فیکریی و مەعریفییەکان بێت.

سەرەتا قسە لەسەر کارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە دەکەم. کارەکتەری یەکەم : گێڕەرەوەی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە، کە رۆڵێکی لاوەکی لەم دەقەدا هەیە، بەبڕوای من ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی. یاخود گێڕەرەوە، زۆر بەکەمی چیرۆکنووسی ئێمە بەم شێوەیە کاری لەسەر کردووە، ئێستاشی پێوەبێ بەشێکی زۆری چیرۆکنووسانی ئێمە. گێڕەرەوە دەکەنە پاڵەوانی سەرەکی بابەتەکانیان، ئەم حاڵەتە هێندە دەچێتە خزمەتی حاڵەتە دەروونیەکانی نووسەرەوە، هێندە خزمەت بەدەق ناکات، بەواتایەکی تر ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی دەرئەنجامی گرفتی حاڵەتە سایکۆلۆجیی و شکستە رۆحییەکانی خودی نوسەرە، بۆیە ناتوانێ لەگەڵ جیاوازی واقیعی تاکەکەسی و دەستەجەمعیدا بگونجێت و هەموو گرفت و ئاریشەکانی واقیع لەخۆیدا دەبینێتەوە و بەزمانی " من " ی پاڵەوان دەدوێ و دواجار قسەکردن لەبارەی کارەکتەرەکانی ترەوە، قسەکردنە بەزمانی " من " ی گێڕەرەوە، راستە نووسەر دارێژەری یەکەمی ئەو فیکرەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو ئاریشەکان دیالۆگی پاڵەوان نیە، چونکە لەبنەڕەتدا کارکردن لەسەر واقیع، کارکردن نیە لەسەر واقیع بەروئیای پاڵەوان یاخود گێڕەرەوە، ئەم گرفتە زۆرجار چیرۆک یا رۆمانی کوردی بەئاراستەی گێڕانەوەی حیکایەت دەبات و جگە لە زمان و سایکۆلۆجییەتی گێڕەرەوە کەس و زمانی تری تیا بەدی ناکرێ، ئەمە بەلایەک، لەلایەکی ترەوە، دڵنیام ئەو نووسەرەی تا ئەم ساتەوەختە بەم شێوەیە مامەڵەلەگەڵ چیرۆک و رۆماندا دەکات بەهیچ شێوەیەک نازانێ رۆڵی زمان و فەنتازیا و تەکنیک لەچیرۆک و رۆمان لەکوێدایە، لەهەمووشی گرنگتر رۆڵی زمانە لەم هاوکێشەیەدا، بۆیە دەبێ ئەوە باش بزانین، نووسەر لەبەرانبەر تەکنەلۆجیا و ململانێی فیکریی و سیاسییەکان جگە لەزمان، چیتری پێیە مامەڵەیەکی فەنتاریی و

ئینسانی لە دەقدا بکات؟!.

کارەکتەری دووەم : کارەکتەریکی لاوەکییە، نووسەر زۆر سەرکەوتووانە دەیهێنێتە نێو هاوکێشەکانی ئەم دەقەوە، واتە، کارەکتەری دووەم، جێگا بە گێڕەرەوەی سەرەکی لەق دەکات و ئەم هاوکێشە باوە تێک دەشکێنێ کە گرفتی بەشێکی زۆری بەحیکایەتکردنی چیرۆک چارەسەر دەکات و دەبێتە پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە، کارەکتەری سێیەم، " ئاغا " یە، لەم هاوکێشەیەدا گرنگترین کارەکتەر ئاغایە کە لەم دەقەدا جۆریک لە بەراویرخستنی پێوەدیارە، دیارە ئەم پەراویر خستنەش دیوێکی جیاوازی ئەم دەقەیە کە نووسەر دەیەوێ لەرێی دەلالەتەکانی جیاوازی ژیانی دوو چینی دژبەیەکمان بۆ بخاتەروو، ئاغا پیاوێکی قومارچییە، هەموو سەرمایەی گوندەکەی بەقومار دەدۆڕێنێ و جیاوازی نێوان گوندو شار لەڕوویی کۆمەلایەتی وسیاسی و فەرهەنگییەوە، نووسەری ناچارکردووە، بەدوای گرفتە سەرەکییەکاندا عەودال بێت، ئەمەش وای لێدەکات لە دیوەخانەکەی ئاغاوە دەستپێبکات، بەلام ئەم حاڵەتە نووشی سەرئێشەی دەکات، چونکە جوتیارەکان باوەڕ بە مامۆستا ناکەن.

نووسەر بەم شێوەیە دەستپێدەکات، " لەرێگایەکی دوور ئەگەڕامەوە، ....گەیشتمە شاری "ت" دەبوو سواری ئۆتومبیلێکی ترببم تا بگەمەوە ماڵ، زۆری نەخایاند ژمارەی ریبوار گەیشتە "٦" کەس، .... من و ئەفەندییەکی کەمێک ڕێک وپێک لەپێشەوە و ئەفەندییەکی تر لەگەڵ سێ کەسی تر لەپشتەوە سوار بوون، هێشتا لە شارەکە دوورنەکەوتبوینەوە، هەردوو ئەفەندییەکە لەگەڵ یەکدا کەوتنە گفتوگۆ لەسەر نامەیەک کە بەدەستیانەوەبوو، لەو نامەیەدا داوایان لێ کراوە بەدرێژایی مانگی حوزەیران لە قوتابخانەدا بمێنەوە، لەکاتێکدا سەرەتای پشووی قوتابخانەیە ". ئەوەی لەم چیرۆکەدا بەدیدەکرێ وەک پێشتریش گوتم، مەکانەی تەکنیک و فەنتازیای دیاریکردنی باخستنەڕووی کارەکتەرە پەراوێزخراوەکانە کە لەزۆربەی چیرۆک و رۆمانەکاندا بەدیدەکرێ، بەواتایەکی تر، زمانی دووەمی گێڕەرەوەیە، کەبەدیوە فەنتازیاکەی مامەلە لەگەڵ دونیای دەق دەکات، ئەم مامەڵەکردنەی شێخ مارف لەگەڵ کارەکتەرەکان و پەراوێزخستنی گێڕەرەوەی سەرەکی، جۆرێکە لە کوشتنی دەنگی "من "ی پاڵەوان لە چیرۆکی کوردی، یاخود هەوڵێکە بۆ کوشتنی کارەکتەری "سوپرمان"، بۆیە دەبینی دوابەدوای کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، گێڕەرەوە، داپوستانەکان تەسلیم بەدەنگەکانی تری نێو چیرۆک دەکات، ئێمە ناڵێین ئەم تێڕوانینەی شێخ مارف کارێکی تازە بووە، بەڵکو مەبەستەکەمان ئەوەیە، تاکو ئەم ساتەوەختە زۆرێک لەچیرۆکنووسان بە هەمان دیدو ڕوئیای ئەم نووسەرە یاخود ئەو قۆناغە دەنووسن، دەکرێ ئێمە ئەمە پرسیارەکەمان بێت ؟!!.

گێڕەرەوە حەحت لە گفتوگۆی نێوان دوو ئەفەندییەکە دەکات، ئەویش، گرفتی دوورخستنەوەیانە لەشار، بەوپێیەی ئەمان لەگەڵ چەندین کەسی دی ئاژاوەگێڕن، کۆدی سەرەکی ئەم چیرۆکە، گرفتی سیاسی و کۆمەلایەتیە، نووسەر لەناو ئەم هاوکێشە ئەدەبییەوە، چەندین تێڕوانینی فەلسەفیمان بۆ دەخاتە بەردەست و هەرجارەی دەبخوێنیتەوە، دەرگای فەلسەفەیەکی نوێت بۆدەکرێتەوە، هێندە فەلسەفیانە بۆ دونیا و دەوروبەر دەڕوانێ، ڕەنگە کەم بن ئەو چیرۆکنووسانەی ئەمڕۆ بتوانن وەک شێخ مارف ئینسانیانە و فەلسەفیانە بۆ واقیع بڕوانن. یەکێک لەدەرکەوتە گرنگەکانی چیرۆک، (شوێن و کات)ە، لەم چیرۆکەدا بوونیان نیە، لەسەرەتادا نووسەر بەبێ ئاگایی ئەم دوو بنەمایەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، هێندەی گرفتی گەیاندنی فیکرە لای نووسەر، بیر هێندە حەمی شوێن و کاتی نیە، دواجار ئەوەی نووسەر لەم قوناغەدا کاری لەسەر کردوە، بونیادێکی فیکریی و ئینسانی و ڕەهەندێکی سیاسی قوڵیی هەیە، چونکە لەبنەڕەتدا خوێندنەوەی ئێمە بۆ فیکری نووسەرێک کە " ٥٠ " ساڵ بەر لە ئێستا بابەتێکی نووسیبێ هەروا ئاسان نیە، لەکاتێکدا بەداخەوە هێشتا بەشێوەیەکی بەربلاو بەمانەوایەوە بە لەچیرۆک و بە لەسەر ئەرزی واقیع ڕەهەندەکانی ئەو پرسارو فیکرانە بکەین بەراووردوو.

ڕەهەندێکی تری هونەریی لەم چیرۆکەدا، وەستانە لەئاست ڕۆلی ستاتیکا لەم دەقەدا، چونکە لەبنەڕەتدا لەم قۆناغەدا، تەنانەت زۆرێک لەچیرۆکنووسەکانی دونیاش، هێندەی کاریان لەسەر ماهییەتی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان کردووە هێندە ئاوڕیان لە ڕەهەندی ستاتیکا نەداوەتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا هێندەی فۆرمە ستاتییەکان چێژ بەخوێنەر دەدەن، ڕەنگە کایەکانی تری نێو دەق، بەقەد چەمکی ستاتیک ڕۆڵیان نەبێ.

نووسەر دەڵێ " ڕۆژێکیان مندالێکم هەڵسانە سەر تەختە، بەکوردی لێم پرسی . چوارو چوار ئەکا چەند؟ بەسەزمانە وەک کەرولال وەستا وەرامی نەدامەوە، کەوتم ئەربەعە زائید ئەربەعە؟ کوتوپڕ وەک تووی وتی، پمانیە. ئەمجار باش تێگەیشتم ئەم مندالە بەسەرمانە فێری دەنگ بووە، نەک فێری ژمارە".

یەکێک لەدەرکەوتە گرنگەکانی ئەم دەقە، کارکردنە لەناو سانیکای دەنگ، یا "مۆسیقا" ڕەنگە نووسەر لەبێئاگایی قسەی لەسەر چەمکی " دەنگ " کردبێ، بەلام دواجار بۆخۆی گەرانتێکی مەجاربیە لە دونیا پەبهانەکەی دەق، زۆرجار کاری ڕەخنەگر لەکاری چیرۆکنووس قورسترە، یەکێک لەو دەرکەوتانە، دۆزینەوەی ئەو کۆدە ونووانەیە، کە لەخوێندنەوەی سەرپێیدا هەستی پێناکرێ، بۆیە نووسەر لەبری ئەوەی کایە گرنگەکانی ناو دەق بەهەند وەربگرێ، کە شوێن و کاتە، دێت بۆگەیاندنی ڕەهەندە ستاتیکی و فیکرییەکان، ئەو هاوکێشەیە ئاوەژوودەکاتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا نووسەر لەم دەقەدا مەبەستێتی بەرەهایی فیکرەیەک بگەیەنێ و لەپاڵ ئەوەشدا ساتیکاو بەکێک ئامادەگیان هەبێ، بەبڕوای من کارێکی سەرکەوتووە، بۆ نووسەرێک لەوقۆناغەدا توانیبێتی ستاتیکاو فیکر بەیەکەوە بگونجێنێ، بەدونێکی

تر نووسەر هەولیداوە، دوانەی ستاتیکا و دەنگ لێکجیابکاتەوە، کاریگەریی دەنگ یاخود فێربوون لەژێر کاریگەریی دەنگ، ڕەنگە دیوی نیگەتیفی زۆرتر بێت لەدیوی پۆزەتیف، بەوپێیەی ڕمانی دایک لای ئەو منالە بەپرۆسەیکی داڕێژراوی فیکریی ونە، بۆیە لێرەدا دەنگ یا وەرگرتنی دەنگ بەدەر لە کاریی عەقلیی جگەلە دەنگێکی مۆسیقی نەشاز، هیچی تر نیە، ئەوەی نوسەر لێرەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەرکەوتە دەنگییە ڕەسەنەکانە.

دیو یکی تری ئەم دەقە، گۆڕینی دیوی نەشازی فیکرە بە مەعریفە، بۆیە نووسەر دەڵێ "دیوەخانەکەی ئاغاش کراوە بە قوتابخانە"، ئەگەر چی دەرکەوتە سیاسییەکەی ئەم چیرۆکە بەئاشکرا بەدی دەکرێ، بەڵام خەیاڵی مەعریفە لای نووسەر باڵی کێشاوە بەسەر حاڵەتە سیاسیەکان، کاتێ نووسەر لەم قۆناغەدا کار لەسەر بەمەعریفە کردنی دیدی نیسانەکان دەکات، ڕێک ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کەسێکی شکستخواردوو نیە، بۆیە پەنا بۆ ڕەمزە مەعریفیەکان دەبات، ئەویش "قوتابخانەیە" ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان زانست و دیوەخانەوە، خودی عەقڵە کە نووسەر بەرۆحێکی ئینسانیانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە،

بۆیە دەڵێ "قوتابخانە ئاغای دروست نەکردووە، دڵنیاش بن منداڵی ئاغا شوێنی باوکیان ناگرنەوە".

دیو یکی تری دەقەکە هەر لەسەرەتاوە زۆرکات شکلێکی مەنەلۆگی بەخۆگرتوە، نووسەر لەرێی کارەکتەری مامۆستاوە، دەیان دیدو ڕەهەندی جیاوازمان بۆ دەخاتەڕوو، کاریگەریی ئەم شێوە وەسفکردنە، ئامانجەکانی دەچێتە خزمەتی پرسە کۆمەلایەتیەکانەوە، بەوەی بەشێکی زۆری وردودرشتی ئەو کێشە و ئاریشانە دەخاتەڕوو، کە گرفتی ڕاستی نێوان واقیع و خەونی ئینسانەکانە، لەوانە، جیاوازی تەلارسازی نێوان شارولادێ، ناردنی کچانی لادێ بۆ قوتابخانە، جیاوازی ژیانی ئینسانەکان، کە ئەمەیان تا ئەم ساتەوەختە نەڕۆشنبیر و نەسیاسیەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، ئەم دەرکەوتە فیکریی و ستاتیکییانە دونیایەک موفارەقەی فیکریی و مەعریفیمان بۆ دەخەنە ڕوو، وەک ئەوەی نووسەر جەخت لە نەبوونی بینایەکی ڕێک وپێک بۆ قوتابخانە دەکاتەوە، هەرئەوە نیە، بینای ڕێکوپێک لەو لادێیەدا نیە، بەڵکو دەلالەتەکان دەمانبەنەوە بۆ بوونی ستاتیکای تەلارسازیی لەشار، دەکرێ ئێمە لەبەردەم ئەم پرسیارە تووشی جۆرێک لە نائارامی و دڵەڕاوکێ بین لەکاتێکدا ئەم گرفتە تاکو ئەم ساتەوەختە هەمان پرسیارە لەئەدەبیاتی ئێمەدا.

فەنتازیای کارکردن لەم دەقەدا، بوونی بەشێکی زۆر لەکارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە لەناو ئۆتۆمبیلێکە، خودی گێڕەرەوەش، یەکێکە لەو کارەکتەرانە، نووسەر هەوڵیداوە لەرێی فلاشباکەوە بەتەکنیکێکی زۆر سەرکەوتوانە بەردەوامی بەچیرۆکەکەی بدات، لەوانە وەک پێشتر وتم، گێڕەرەوە خۆی یەکێکە لەسەرنشینی ئۆتۆمبیلەکە و حیکایەتەکە بەسلیم بەیەکێ لەو کارەکتەرانە دکات کە لەسەرەتاوە وەک کەسێکی پەراوێزخراو هاتە ناو هاوکێشەکەوە، کە دواجار ئەو کەسە دەبێتە پاڵەوانی چیرۆکەکە، ئەوەی لەم چیرۆکەدا بەدیدەکرێ ئەوەیە کە نووسەر بەتەکنیکێکی زۆر جدییەوە مامەڵە لەگەڵ بونیادی ئەم دەقە دەکات، بۆ نمونە: ئەم دەقە لەزۆر شوێندا بەریتمی مەنەلۆگ دێتە باس و دیتن. بەڵام نووسەر بۆ ئەوەی سیمای پاڵەوانی سۆپەرمان دەرنەکەوێ، یاخود لەو کۆت و بەندە مەنەلۆکییە ڕزگاری بکات، جارجار کارەکتەرەکانی دی دێنێتە قسەکردن و دیالۆگی نێوان سەرنشینەکانی نێو پاسەکە دروست دەکات.

هاوشێوەی ئەم چیرۆکەی "شێخ مارف" تا ئەم ساتەوەختە بوونی هەیە، زۆر چیرۆکم خوێندووەتەوە کە لەناو پاسدا حیکایەتەکەدەست پێدەکات و هەرلەوێش کۆتایی دێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەوەی "شێخ مارف بەرزنجی" کاری لەسەرکردووە دونیایەکی زۆر جیاوازی چیرۆکی کوردیە بۆ قۆناغی خۆی، بەڵام داخەکەم دوای "٥٠" ساڵ چیرۆکنووسانی ئێمە نەیانتوانی خۆیان لەو ریتمە ڕزگار بکەن و چیرۆکی کوردیش لەو فەیرانە چەقبەستووە ڕزگار بکەن، دیارە هۆکاری مانەوەی چیرۆکی کوردی لەو ئاستەدا، تەنها کاری چیرۆکنووسەکانمان نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کاری ناوەندی ڕەخنەی کوردیە کە نەیتوانیوە جیاوازیەکان بخاتەڕوو، بۆیە زۆرجار ڕەخنە، ڕووبەڕووی ناوەندی ڕەخنەی کوردی ئاستی چیرۆکی کوردی دەکرێتەوە.

سەرچاوە

١-ریالیزم ودژەریالیزم لە ئەدەبیاتدا "سیروس پرهام" د. میترا.
هەڵکەوتوانی ریالیزمی سەدەی نۆزدەهەم "بەلزاک".
ل -٥٧-٥٨-.

٢- المتخیل السردي
مقاربات نقدیة في التناص والرؤي والدلالة
عبدالله ابراهیم
تناص الحكایة في القصة القصیرة
ل - ١٧-١٨.
وضیفة الرؤي في القصة القصیرة
ل - ٦١-٦٢-٦٣.

٣-سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی "پشکۆ"

ڕۆڤار
ژمارە ٦٣
ڕێبەندانی ٢٧١٠ کوردی
عارف جەبار زەنگی

یادەوەری گەنجێکی سەردەمی شار سەبارەت بە دوو ڕووداو

ئەحمەد عومەر قادر

یادەوەری یەکەم:

ساڵی ١٩٥٢ بوو من خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، حەزم لە بەدواداچوونی ڕووداوەکان ئەکرد، هەر کە بیانگووتایە (مەحکەمەی کوبرایە) ئەبوایە ئەو ڕۆژە بچووینایە بۆ هۆڵی دادگا، لەناو سەرا دائەنیشتین و گوێمان ئەگرت تا جارێکیان چووین بۆ هۆڵی دادگا، فەرمانگە بوو دانیشتین چاوەڕوان بووین، پیاوێکی تۆمەتباریان هێنا وەستانیان لە قەفەزەکەدا، لەولاوەی بەڕێز "مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد" دانیشتووە هەستایە سەرپێ کە پارێزەری پیاوێکی هەژار بوو لە گوندێکی دەوری سولەیمانی کە چووبوونە سەری و بە خەنجەر بەناهەق کوشتبوویان. دوای چەندین پرسیار و ئیفادەی شاهیدەکان کابرای بکوژ خۆی تەدەدا بەدەستەوە کە دان بە تاوانەکەدا بنێ، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەیویست تاوانەکەی بەسەردا بچەسپێنێ کە ئەو بەسەرمانە هەر ئەو کوشتوویەتی و بەڵگەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خەنجەرەکە بوو، لە کاتی تاوانەکەدا لێی کەوتبوو بەپەرژاوە بگەڕێتەوە هەڵیبگرێتەوە و خەنجەرەکەش لەسەر مێزەکەی بەردەم هەرسێ دادوەرەکەدا دانرابوو کە هیچ ئیسپات نەبوو هەرسێ دادوەرەکە هەڵسان و چوونە ژووری دواوە بۆ بڕیاردان و خوێندنەوەی قەرارەکە. هاتنە دەرەوەو سەرۆکی دادگا بڕیارەکەی خوێندەوە بە ئازادکردنی تۆمەتبارەکە، چونکە بەڵگەی تەواوی ڕوون نەبوو بەرامبەری. ئالێرەدا زیرەکی و لێهاتوویی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەرکەوت و ئیسپات بوو بەسەر تاوانباردا، بەفرسەتی زانی خێرا بە تاوانبارەکەی گووت دە بڕۆ خەنجەرەکەت هەڵگرەوە لەسەر مێزەکە، تاوانبارەکە بەبێ پەروا بەرەو لای مێزەکە چوو دەستی دایە خەنجەرەکە، تا لەم ساتەدا سەرۆکی دادگا و دوو دادوەرەکەی تر هەڵوێستیان کرد و سەرۆک بە خەڵکەکەی گوت دانیشنەوە، هەموو دانیشتن هەرسێ دادوەر بۆجاری دووەم چوونەوە ژووری دواوە بڕیارێکی تازەیان دەرکرد و هاتنە دەرەوە سەرۆکی دادگا بڕیاری تازەی خوێندەوە کە تاوانەکە بەسەر کابرادا شکانەوە هەموو سەرمان سوڕما وە تاوانبار سزای دادوەرانەی خۆی وەرگرت و بەبەندکردنی و پەلیان گرت بۆ دەرەوەی دادگا. ئێمەش دەستمان کرد بە چەپڵە لێدان و دەستخۆشیەکی زۆرمان لە بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کرد بۆ ئەم زیرەکییەی و ئەم هەڵوێستە مرۆڤایەتییەی، یادو یادەوەری ئەو پیاوە گەورەیە بەخێر.

یادەوەری دووەم

ساڵی ١٩٥٤ بوو حکوومەتی پاشایەتی بڕیاریدا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نائیبەکان (مجلس نواب) واتە پەرلەمان ئەوانەی خۆیان پاڵاوتبوو کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بوون بۆ لیوای سلێمانی بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە نوێنەری (پ.د.ک) و خوالێخۆشبوو شێخ مارف بەرزنجی نوێنەری شیوعیەکان بوو، جگە لەمان ئەوەی کە بێتەوە یادم یەکێکیان خوالێخۆشبوو بەڕێز عەلی کەمال بوو وەک نوێنەری حکومەت. کە میری هەوڵی ئەدا نوێنەری خۆیان دەربچێ بەڵام خەڵکەکە لەلایەکی ترەوە هەوڵیان ئەدا نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. زۆر کۆڕو کۆمەڵ بەڕێوەچوو لە مزگەوتەکان و گەڕەکەکان و بەتایبەتی لە مزگەوتی گەورە، هەموو هاوارمان ئەکرد ئێمە نوێنەری خۆمان ئەوێت (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد). ئەوانەی سەر بە حکومەت بوون هەمیشە هەوڵیان ئەدا بە میری لەبارەی داخوازی گەلەوە کە دەنگ بۆ نوێنەری خۆیان بدەن، ماوەی هەڵبژاردن مابووی جەژنی قوربانی بەسەردا هات ڕۆژی چوارەم خەڵکان بە خۆشی جەژنەوە خەریک بوو میریش پۆلیسی گەڕۆکی عەرەبی هێنابوو (قوەی سەیار) هەموو لە بەردەرکی سەرا کۆبوونەوە لەسەر کورسی چاخانەکان دانیشتبوون لەپڕ هەڵیان کوتایە سەر ئاپۆرەی خەڵکەکە بە شەق و بە دۆنکی بەربوونە گیانی جەماوەرەکە، زۆر کەسیان گرت و ڕاپێچی ناو سەرایان کرد و بە دۆنکی بەربوونە چاخانە و چێشتخانە هەرچی شووشەی چاخانە بوو هەموویان شکاند. منیش لەبەردەم سینەمای ڕەشید لەگەڵ براکەمدا یارمەتیم ئەدا کە ئەو ئیشی ئەکرد پەلاماری منیانداو بەشەق و زللە بەرەو دەرگای سەرایان بردم لەبەردەرگاکە کە مفەوەزی پۆلیس (ئەنوەری خەجێ) و عەریفێکی پۆلیسی بادینی وەستابوو کە گەیشتمە لایان پۆلیسەکە بە دۆنکی بەربووە لێدانی سەرو دەم و چاوم خوێن بە لەشما هاتە خوارەوە، بەپاڵ بردمیان بۆ ناو سەرا لەسەری ساڵۆنەکە کە پۆلیسێکی عەرەب وەستابوو کە گەیشتمە لای یەک شەقی تێهەڵدام بەدەما کەوتم و هەڵسامەوە بردمیان بۆ حەوشە بچووکەکەی ناو سەرا لەبەردەم فەرمانگەی پۆلیس. حەوشەکە پڕبوو لە کەسانی گیراو لەپێش ئەوەی بچمە حەوشەکەوە (عەریف سەلیم ماوەتی) کە مورافیقی بەڕێوەبەری پۆلیس بوو ئەمناسی کە چاوی بەمن کەوت چوو بوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی گوتبوو (ئەیناسم فەقیرە) عەریف سەلیم لە پەنجەرەکەوە بانگی کردم و دەرگاکەی کردەوە وە گووتی وەرە دەرەوە کە هاتمە دەرەوە پۆلیسێکی بانگ کرد گووتی بیبەن بۆ حەوشەکەی ئەودیو سەری با پاک بشوات و لە دەرگای ئەولاوە با بڕواتەوە بۆماڵەوە، سەرم شت و لە دەرگا چوومە دەرەوە ڕزگارم بوو، چوومەوە بۆ ماڵەوە سەریان بۆ تیمارکردم و بەستیان تاقیکردنەوەی پۆلی سێهەمی ناوەندیم لە پێشەوە بو سێ ڕۆژی مابوو بۆ تاقیکردنەوە بەسەری شکاوەوە چوومە تاقیکردنەوە شکور بۆ خوا دەرچووم ئەگەر خوالێخۆشبوو عەریف سەلیم نەبوایە ئەوساڵەم لەکیس ئەچوو خوا پاداشتی خێری باتەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٣٧)، تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨).

رۆڤار
ژمارە ٦٣
ڕێبەندانی ٢٧١٠
كوردی

نامەی سێیەم

١٩٦١/٣/٤

سجنی مەوقیف- بەغدا

کاکە مەعرووف دەمت ماچ ئەکەم

نامەکەت (نامەی هەویەی خاس دۆستانت یاوان)

زۆر دیاریەکی مێحوش بوو بەڵام کورت بوو هەر چەند خۆت بە درێژت دانابوو. نامەکەی تۆ دوو ئەوەندەیش بێ هەرکورتە چونکە تو لە جیهانێکی پڕو بەرین دا ئەژیت. ئەگەر بڵێم بێ پەیە درۆنییە، بەڵام من، منی ناو حەوش و حەسارێکی تەسک و تەنراو بەسیم و ئاسن و چاو. بەنووکی دەرزی حەفەت دڵم دەرری ئاژن کراو، هەرچەندە کورت بنووسم هەر ئەڵێم درێژە، چونکە وەکوو ئاسەکانی تۆخۆش و چاو ڕوون کەرەوەو دڵ خۆشکەر نییە، ئەترسم دڵت تەنگ بکا. لەگەڵ ئەوەیشدا چاوێکی وردترم بە جیهانی زیندانەکەما گێڕایەوەو یادێکی سەرگوزشت و گوزەرانی ئەم بیست مانگەم کردەوە بیبیم کە گەلێ شتی وای تێدایە شایانی نووسینە. کاکە تۆ لە جیهانی سوسیالیستی پێشکەوتوودا ئەژیت لە لینینگرادی ناردار و هاوڕێی پەرییەکی خەت خۆشی، کە شەوە ڕەنگی خۆش ئەوێت چونکە خۆی ڕۆژە، پرتەوە، تریفەیە، پەلکەزێڕینەیە، ئاوازە، نازە، هێزە، پێزە، تینەو سەرمای لینینگراد لە بیر ئەباتەوە.

بەوپێیەی کە ڕۆژو تریفە شەوە زەنگی بوێت خۆی حاوەن ژیانی لینینگراد و لاوی ناو ئەرمیتاشی ئەبێ دەنگوباسی زیندانت بۆ بێت. برام زیندانەکەم (کۆلێجێکی)بەنرخ بوو بۆ بیروبوانای دەروونی، گەلێ بە قووڵتر ژیانم چەشت و باشتر بە ناخی دەروونما چوومە بە خوارەوەو گەیشتوومەتە سەرتەختی ساغ. ئەو تەخت و بنچینەیە کە بەرگەی هەموو سزایەک ئەگرێت. باوەک خۆم بێ گوناهیش بم. براگیان گەلێک مەسەرهاتی گرنگمان بەسەرهاتووە بەڵام قاڵیشی کردووین. باسی دەروون بەس بێ نۆرەی دەورو پشتە.

ئێمەش ژیانێکی یەک ماڵیمان لەناو زیندانەکەمانا پێک هێناوە، لەبەر ئەوە هەموومان کەمتر ئیش و زۆرتر حواردن و حواردنەوەی باشمان بێ ئەبڕێت. ڕێک و پێکتریشە. لەباتی ئەوەی هەر کەسە بۆخۆی بژی کە گەلێک ناتوانن بەڕێکی بژین، پێکەوە ئێستە (١٠٠) کەسێک لەوەجاخێک ئەخوین و هەموو نۆکەری یەکترین.

بێجگە لەوەی کە پیرو ئەخۆش ئەمەرورن، حا هەموو بەچاوی خۆمان ئەیبینین کە لە جێگای ئەوەی هەریەکە ڕۆژی سێ حار چای بۆ خۆی لێ بنێ و دوحار شیو بکاو چوار جار قاپ و قاچاغ بشوا. ئێستە شانزە ڕۆژ حارێک نۆرە فرمانێکی وەک قاپ و قاچاغ شتنی بەر ئەکەوێت لەگەڵ هاوڕێیەکی کەیدا. جاران من وەک کورە شێخێکی نازدار قێزوبێزم لە مەنجەڵ و حاجەتی چەورو ڕەش ئەبووەوە. بەبیرما نەئەهات بتوانم دەست بخەمە پاشماوەی خەڵکی و مەنجەڵ و قاپی چەور و چڵکن. بەڵام ئێستە بە ئارەزوویەکی خۆشەوە ئەو مەنجەڵ و قاپە چەورانە پاک ئەکەمەوە.

چەندێک نووسینی شیرینم لاخۆشە ئەوەندەیش پاککردنەوەی قاپەکان، ئەو بۆ خوێندەواران و ئەمیش بۆ نان خۆرەکان، ئاوا بیرو دەست لێک نزیک ئەبنەوە. کاکە بەرهەمی سالی یەکەمم لە خوێندنەوەو نووسین ١٥ وتاری ئەدەبی و ٨ هەڵبەست و ٢ چیرۆکی نوێ و لەگەڵ ٣ چیرۆکەکەی کەمدا کەدیوتن بە پێشەکی و پێشکەشییەکەوە ئامادەن بۆ چاپ.

نزیکەی ٥٠ کتێبی ئەدەبی و لێکۆڵنەوەی باشم خوێندووەتەوە لە کتێب و چیرۆکە سەردەستەکان، جگە لە گۆڤار کتێبێکی عەرەبیم کردووە بە کوردی، سێ چوار وتاریشم لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی. چوار نەخوێندەواریشم فێرە خوێندن کردووە دوانیان ئێستە باش ڕۆژنامەیش ئەخوێننەوەو نامەیش ئەنووسن. ئەم حەوت هەشت مانگەی دواییش هەر چەندە بە مەحکەمەوە ئالاوین، دەستم لە خوێندنەوە و نووسین بەرنەداوە، ئێستە ئاواتی هەرە بەرزم ئەوەیە چیرۆکێکی درێژ دەست پێبکەم کە بە ساڵەها تەواو ئەبێ ئەمەوێت سەردەمی ژیانی خۆمی تیا دەربخەم لە هەموو بارێکی گوزەرانی وڵاتەکەمانەوە، لە سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغی دەرەبەگییەوە تا ئەمڕۆ ئەخوازم لە چەشنی چیرۆکەکەی (جۆرج ئامادۆ) یی (ارض ثمارها من الذهب) تێکەڵ بە هەستی دەروونی خۆم بەو کارەی کەتێی کردووم. بەو گۆڕانەی بەسەر ژیان و گوزەران و ڕەوشت و پەیوەندی بیروباوەڕ و دەروونا هاتووە لە دێو شاری کوردستان.

ئەو کچەم کە پاش گرتنم بە چەند مانگێک لە دایک بووە ئێستە پێی گرتووە و خشپیلانە ئەڕوا و بانگ ئەکات بابە بابە.. بەڵام نازانێ بابە کێیەو چییە چونکە بابەی نەدیوە.

زیندان پەژمردەم ناکا، بەڵام دانیشتن و بێکاری شتێکی ناخۆشە، بێ نازی منداڵە ساواکانیش لەو لاوە بوەستێ وەک وەستاندوومە. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا ئەتوانم بڵێم زیندانەکەم زاخاوێکی کەی بەدڵ و دەروون مێشکم داوە. کە ڕۆژی ئاشتی بەختەوەری گەلان هەڵاتبێ سێبەری کێوی ڕەشیش لێی ناکا بەشەو ئەگەر کڕێوەی پیری سەرو سمێلی گرتبێ (بەفرەو لە گەرمیان باریوە).

کۆمەڵە چیرۆکەکەی کاک (مستەفا سالح کەریم) بە تایبەتی چیرۆکی قەڵای دمدم کە تازە کەوتووەتە بازاڕەوە، ئەم چیرۆکەیان کەرەسەکەی باش بووە، یا وەک نانەوایی بڵێم ئاردێکی باش بووە و نەی هێشتووە هەویرەکەی هەڵبێ نانەکەی بووە بە فەتیرە. (ڤیان) نازانین کچی کێیە و چۆن چووە قەڵای دمدم بێ گواستنەوە. لە هەر لاپەڕەیەک دا چەند (هەر) یێکت دێتە پێش کەوا ئەزانی بە تەنگ و چەڵەمە ئەگەی (ازمە) و بە ئەنجام ئەگا(حل) بێجگە لە شێوەی حیکایەت (ئەبکەی و ئەبحۆی سەیری گەردنی سای گەردنیکەی) بێجگە لەوەیش بەرکۆڵ و ڕێ حۆش کردنی پێوە دیارنییە. خۆت ئەزانی چیرۆک نووسین ئەبێ پەلەو شپرزەیی تیانەبێ. (دایلێکتیکی) وردە وردە لە گۆڕانی بچووک بچووکەوە بگاتە گۆڕانی گەورە، نەک کوت و پڕ و لەناکاو (چاش بە پەلە بیکوڵێنی هەڵ ئەپروزکێ) بەڵام ئاگرەکەی ژیلەمۆیێ جوان دەم ئەدا، ئەوەیش نازانم ئەو سەردەمە تفەنگ هەبووە لە کوردستانا یان نا، هەر ڕم و گورزو شیر هەبووە.

زەمانی شاعەباس و سالی ١٠١٧ کۆچی...

ڕەنگە ئەمجارە لە (ڕوناهی)دا منیش شتم هەبێ، لە (سۆڤیەت لیترەیچەر) ژمارە (١–١٩٦٠) لە ژێر ناوی (نرخی فەنی و سەردەم) دا لێکۆڵینەوەیەک نووسراوە لام پێویست بوو بیکەمە کوردی، بەشی یەکەمم کردو ناردم بۆ ڕوناهی، سەرنجی بدەو بەراوردی بکە لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بزانە وەرگێڕانەکە چۆنەو ڕای خۆتم بۆ بنووسە پاش خوێندنەوە. لە (هیوا)یشدا ڕەنگە باسێکم بڵاو بکرێتەوە.. وەڵامێکە بۆ (هەژار)یان ڕاستتر بڵێم بەرپەرچێکی هەندێ بیروباوەڕێتی و لەگەڵ کەمێک دوان لە سروشتی شیعری (تازە) واتا (ئازاد)، سەرنجی ئەوەیش بدە کە دەرچوو ڕای خۆتم بۆ بنووسە.

کاکە من و جەبار و مەجید محەممەد عەلی هێشتا هەر تەوقیفین بەڵام لە ٢٠ی کانوونی دووەم حوسێن ی برام و مستەفا عەسکەری و مەلا نووری و ساجد بە کەفالەت بەردران. مەحکەمەمان زۆر سست ئەڕوا بەڕێوە نزیکەی ١٣٤ شاهید هەیە تا ئێستە ٢٢ شاهید بیستراوە کە لە ١٩٦٠/١٠/١٧ەوە دەست کراوە بە مەحکەمە و ئێستە بۆ ٤/٣ تەئجیل کراوە.

واتا بەشەش مانگ ٢٢ شاهید ئەبێ تاتۆ دوکتۆرا وەرئەگری ئەوسا ئەم شاهیدانە تەواوبن، ساخوا گەورەیە بۆ چەند سالێکی کەش... بەڵام شاهیدەکان ئەوی ڕاست بکا بۆ ئێمە باشەو ئەوەیشی درۆ بکا درۆکەی وەک برن ئەبارێنێ و مەحکەمە جاڕس ئەکا، چونکە هەر چۆن بێ هەتا عورفیش درۆی زلی پێ ئاسان نییە. یەکێ لەو درۆیانە ئەمەیە کە من بە ئوتومبیلی بەلەدییە تفەنگ و چەکم بڵاوکردەوە بەسەر خەڵکدا، کە لە سندوقی پشتی (ئیستێشنەکەم) هەشت سندوق دانرابوو هەریەکە (٩٠) سانتیم درێژ بوو پەنجا سانتیم بەرز کە بە هەندەسەو حیساب بیژمێری ئەبێ سندوقە بچووکەکەی ئوتومبیلەکە فارعۆنێک بێ.. شتی واو سەیرتر.. منی ئاشتی خواز و ئینسان پەروەر بیم بە پیاوکوژ و هۆلاکۆ سەیرە سەیر.. ئافەرین وەستا بۆ چەکوش و بزمارت.

کاکە ئێمە بە بۆنی نەوت کەووتوین بەسەری تۆ بۆنی نەوتە و هیچی دی نییە. وا ئێستە چیرۆکەکەی دکتۆر (ڕەحیمی قازی)م بە دەستەوەیە، هێشتا لێ نەبوونەتەوە ناتوانم شتێکی لێ بڵێم تاباش نەی خوێنمەوە.

زۆر سوپاست ئەکەم بۆ ئەو کتێبانەی بۆ منت کڕیون، لە پێش هەموویانەوە داماوی نوسخەیەکی ئەسڵی دیوانەکەی (ناظم حیکمەت)م کە بە زمانی خۆی وتویە بەڵکو باری کێش و پاشبەندی ئەوم بزانیایە، کاک مارف حەز ئەکەم لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری نوێی ڕووسی بنووسیت لەلایەن کێش و پاش بەندو ڕوخسار و دیمەنییەوە.

نامەی مارف بەرزنجی بۆ (حاجی شێخ ئیبراهیم)ی برازای کە لەهەوڵدا بووە بۆ ڕزگارکردنیان لەگەڵ شێخ باباعەلی شێخ مەحموود و فوئاد عارف دا

کاکە حوشساں وە موففبتاں داوا ئەکەں
بامەکەتاں گەشت. هەروا پارەش حاری پسوو گەشت کەفە حاریک حۆش بی
لە کاعەرەکەتاں وا مەعلومە کە با ئیسە شیخ بابا عەلی و فوئادیش باراس مەسەلەکەماں چۆنەو چۆن حل ئەکرێت عجبا ئەگەر بحث بکرێت ئەوان ئاگادار ئەکرێن یا نە. محلس کم محلس بحث ئەکات وطنی یا ووزرا. ئەگەر محلس وطنی شێخ بابا عەلی و فوئاد چیان بێ ئەکرێت مهم ئەوەیە کە بابا عەلی و فوئاد نامێنن لەوەی کە بێ ئەوان هیچ بەکرێت والحاسل تا ئیستە هیچ بێ بەگەیشتن و مەسەلەش ئاسان نیە دوژمن زۆر کەم فرلّەنە. برام هەندێک نووسیم لەناو ناولەکانما هەیە لە مالی برهان بکایە بەهەوێنی، شیعر و نووسین ئەوی دەست حطە هیچی سیاسی نییە ئەدەبییە محفوظ بێ خەبەرم بدەری چاوەڕێی حوابێکی دروستیں.
حۆش بێ عجلە بوو بۆیە حط و نووسین شپرزەیە بە کەلەبچەوە نوسیوم
شتێکی تر پارە بدەیە حامل وەرق
وەلامی مارف بەرزنجی بۆ نامەی حاجی شێخ ئیبراهیم کە هەموو حزمان بەسەر پەرشی حاجی شیخ ئیبراهیم لە هەولدا بوون لەگەڵ بەریوەبەری سجندا و چەند پۆلیسێک بۆ فراندنی لەکاتی دەرحوونیدا بۆ دکتۆری دداں، بەڵام مارف بەرزنجی ئەم نامەیە هەولەکەی رەفز کردووە لە بەر کۆمەلی هاوڕێی کە لەگەڵیدا بوون لە سجندا

٩٦١/٤/٢٧

سجنی مەوقف – بەغدا

کاک برایم ڕۆژ باش
دەمو چاوت ماچ ئەکەم
نامەکەیم باش خوێندەوە. براگیان لە بیرتکی زۆر بەسکە سەربجی ژیان ئەدەی. هیچ حاجەتی هیمەتی نیە ئەگەر من بەوی ڕزگارم خیری و نامەردی. بکا ئەکەم ئەمە هەموو هیمەتی پێ ئەلیں؟
مانگا ڕێ هەمووکەس شارەزابەتی. بەلاّ من حۆم بە مانگا ناکەم وە هەرمیش بەنیا بیم.
بکا ئەکەم ئەو قسە ئاخرو ناخرانە چییە
چاوی منداڵەکاں ماچ ئەکەم حەقەت بو من مەحو زۆرباش ئەزانم چی ئەکەم وە چیم لەرێگەدایە.. مردن هەر مردن نییە... منداڵی منیش باوکی نامەردیان ناوێ. منیش برۆم هەموو ئیستان کەسوکاری ماڵ و منداڵی منن. من زۆر شادم بە شهادە باپیری تۆ حوسێن و حەسەن بوو ئیمامی حنیفە لەکوی مرد، ئەژدادە ڕاستگۆکانی تۆ هەموو شەهیدن. بەڵام بان حۆرو هەربستە حورمن بابان حو بنمەوە.
ئینر ئەگەر هیمەتت هەیە لەشتێکی باش بەکاری بێنە.

حوابان لەگەڵ.
مارف

بەیاننامە

بۆ هەڵبژێرە خۆشەویستەکانی قەزای سلێمانی

هاونیشتمانیانی بەشەرەف :

ئێمە کە دوو ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەین تەنیا بە پشتیوانی ئێوە وهێزی گەلی خەباتکەر هاتووینە مەیدانی هەڵبژاردنەوە، بەڵێنتان ئەدەینێ کە هەرچی واجباتی نوێنەری ڕاستەقینەی گەل هەیە بە تەواوی بەجێی بهێنین و هەتا دواهەناسەی ژیان خەبات بکەین لە ڕێگای جەنگی سەرفراری و دیموکراسی و ئەمەش پرۆگرامەکمانە کە جگە لە پرۆگرامی بەرەی نیشتمانی هەندێ داخوازی و ئامانجی تایبەتی خۆشمانی تیایە .

١- تێکۆشان بۆ نەچوونە ناو پەیمانی تورکیا ـ پاکستان ، نەویستنی یارمەتی عەسکەری ئەمریکا.

٢- خەباتکردن لە پێناوی ئاشتی جیهاندا و تێکۆشان بۆ ئەوەی عێراق بەرەسمی بێ لەدەوڵەتی میللی چین بنێ ولایەنگری بەستنی پەیمانی ئاشتی بێ لەمیانی پێنج دەولەتە گەورەکەدا ، قەدەغەکردنی بومبای ئەتۆم و هایدرۆجین و میکرۆبی و هەموو چەشنە چەکێکی گشت کوژە ، وچارکردنی هەموو ناکۆکییەکی نێو دەوڵەتان لە ڕووی گفتوگۆکردن و ڕێکەوتنەوە.

٣- لابردنی پەیمانی ١٩٣٠ و پەیمانی تورکیا ـ عیراق و ئەردەن ـ عیراق و سەعد ئاباد و نەبەستنی هیچ جۆرە پەیمانێ لە گەڵ بەرەی ئیمپریالیزم. و دەرکردنی لەشکری داگیرکەری ئینگلیز و نەهێشتنی بنکەی (حەبانیە) و (شوعەیبە).
٤- ڕەت کردنەوەی بەندی چوارەمی ترومان ودەرکردنی پیاوەکان کە بەناوی فەن و شارەزاییەوە هاتوون . تەرخان کردنی پارەی مەجلسی (اعمار) بۆ ئاوەدانکرنەوەی وڵات نەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خۆئامادەکردن بۆ شەڕ.
٥- لابردنی ئتفاقنامەی نەوت و نەهێشتنی کۆمپانیا ئیحتکارییەکانی بێگانە و کردنیان بەماڵی میللەت.
٦- خەباتکردن بۆ بەرەڵلاکردنی سەربەستییە دیموکراسییەکان وەکو سەربەستی هەڵبژاردن و بیروباوەڕ، قسەکردن و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە، و کۆمەڵە دروستکردن و سەربەستی خۆنواندن (تظاهرات) و مانگرتن (اضراب) و هەقی دروستکردنی دامەزراوانی سیاسی و هاریکاری بۆ هەموو گەل و هەقی پێکەونانی یەکگرتنی تایبەتی بۆ لاوان و قوتابیان و جوتیاران . و دانانی ضمانات بۆ پاراستن و بەکارهێنانی ئەم سەربەستیانە.
٧- تێکۆشان بۆ هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ولەبن هێنانی ڕژێمی دەرەبەگی، وچارکردنی گیروگرفتی ئابووری و بێ ئیشی و گرانی و بەرزکردنەوەی مستەوای ژیانی میللەت و پێشخستن و پاراستنی پیشەسازی نیشتمانی.
٨- خەباتکردن بۆ ئەوەی ئافرەتان هەموو هەقێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک پیاو بەکاربهێنن بەبێ جیاوازی.
٩- بەهێز کردنی گیانی برایەتی لە میانی میللەتی کوردو عەرەبدا بەرامبەر بە ئیمپریالیزم بۆ دەست خستنی ئاشتی و سەربەخۆیی و دیموکراسی لە سەربناغەی ئەوە کەمیللەتی کورد هەقی (تقریر مصیری) خۆی هەیە، تێکۆشان بۆ بووژاندنەوەو گەشە پێ کردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و خوێندنیان لە قوتابخانەکاندا و کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەتی لە کوردستاندا و بەزمانی خوێندن لەهەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا و لە هەموو پلەیەکی خوێندندا، کردنەوەی کلیات و معاهد لە کوردستاندا و کردنی جەژنی نەورۆز بە جەژنێکی ڕەسمی لەنەوایەتی کورد.
١٠- خەباتکردن بۆ بەردانی حەپسو دورخراوە سیاسییەکان و پێ دانی هەقی سیاسی یان ، هەڵگرتنی زیندانی (نقرە السلمان). و بەردانی بارزانییەکان و ناردنەوەیان بۆ شوێنی خۆیان لەگەڵ بژاردنی زەرەرو زیانیان و یارمەتی دانیان بە پارە و تۆ و بەردانی فەلاحەکانی دەشتی دزەیی و شوێنەکانی کەی عیراق.
١١- چارکردنی مەسەلەی توتن بە لابردنی دۆنم و پێشخستن و پاک کردنی چەشنی، بەرز کردنەوی نرخی و نزیکخستنەوەی شوێنی فحصی لە توتنەوانان و بوونی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لە لیژنەی فحصدا.
١٢- ڕێکخستن و پاک کردنەوەی دیهات و تامین کردنی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، لەگەڵ ڕووناکی و تیمارخانە بۆیان.

هاونیشتمانییەکان :
نیازمان لەم پرۆگرامە دوور و درێژە ئەوە نییە کە بڵێین ئێمە ئەم فرمانانە جێبەجێ ئەکەین چونکە جێبەجێ کردنیان نەک لەتوانای ئێمەدا نییە، بەڵکو لە توانای هەموو مجلسیشدا نیە تەنیا گەل بە هێزی یەکگرتووی ئاوداری، بە خەباتی سەخت و ڕێکوپێکی نەبەزانەی خۆی ئەتوانێ ئامانجەکانی بەجێ بهێنێت. ئێمەش بە مایەی شانازی ئەزانین کەلەو خەباتەدا دوو سەربازی بچووک بین.
نیتر سەرکەوێ خەباتی گەل لە ڕێگەی ئاشتی و سەربەخۆیی و دیموکراسی دا.

محامی ئیبراهیم ئەحمەد　　　　محامی مەعرووف بەرزنجی

مارف بەرزنجی لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی - کەرکوک.

ROVAR

No: 63

ئێستای ئەدەبی کوردییە

چاپخانەی
ئاراس
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil